
شۆڕش دژی
دەستەڵات
شۆڕش بەئامانجی پاکتاوکردنی دەستەڵات
ئاوارەکەریم

نوسینی:
ئاوارەکەریم

# شۆڕش

# دژی

# دەستەڵات

٢٠٢٢

Razasha700@gmail.com

## ناوەڕۆک

پێشەکی ــــــ ٤
حوکمی خۆماڵی و کۆتاییەکەی ــــــ ٦
پێویستی دروست کردنی هێزی چەکداە ــــــ ٨
یەکێتیوپارتی تەواوکەری یەکن ــــــ ٢٣
پارتی حیزبی خەڵکی ناوشیار ــــــ ٢٧
رۆڵی گەمژەکان لە کۆمەڵگادا ــــــ ٢٩
یەکێتیو پارتی مایەی ماڵ وێرانی ــــــ ٣٢
کوردو کودەتا ــــــ ٣٦
شۆرش و شۆرشگێری ــــــ ٤٢
شۆرشگێرەکانی شاخ ــــــ ٥٢
یەکێتیو پارتی و خیانەت ــــــ ٥٦
ئایا راپەرین گونجاوە ــــــ ٦٨

شۆڕش لە دژی میلەت ــــــ ٧٩
حیزب و شۆرش ــــــ ٨٢
شۆرش و دەولەت ــــــ ٨٦
شۆڕش و خیانەت ــــــ ١١٤
برسی کردن ــــــ ١٣٦
بۆ شۆرش دژی دەتەلاتی کوردی رونادات ــــــ ١٤٩
چی پێویستە بۆ پاکتاوی دەستە لاتی کوردی ــــــ ١٥٨

# پێشەکی

سێ دەیەیە کورد حوکمی خۆماڵی خۆی دەبینێت و ئەزمونی دەکات ، ئەگەر بە. مێژوو دا بڕۆیەنە خوارێ کورد هەمیشە خەونی بە دەستەڵاتێکی کوردیوە دیوە بۆ ئەم مەبەستە لە هەموو قۆناغە مێژوویەکاندا بە رخودان و شۆڕش و ڕاپەرین دەبینین . بە سەدان و هەزاران ڕۆڵەی ئەم خاکە وەک مەڕی قوربانی خوێنی ڕژاوە لە پێناو ئازادی و کەرامەت لە پێناو ئەوەی ژێر دەستەییان قبوڵ نە بوە و هەمیشە حەزرەتی دڵیان کیانێکی سەر بە خۆی کوردی بوە .

لە نمونەی شۆڕشو ڕپەرینەکان کە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا ڕوویانداوە لە هەموو بەشەکانی کوردوستان (شۆرشی شێخ عەبدولای نە هری ، شۆرشی شێخ سەعیدپیران، شۆڕشی ئارارات ، شۆرشی شێخ مەحمود ، شۆرشی سمکۆی شکاک ، راپەرینی بارزانیەکان ، شۆرشی قازی محمەد و کۆماری مهاباد، شۆرشی نوێی کورد و هەموو ئەو راپەرین و چالاکیە سیاسیانەی دی کە هەمووی بۆ ئازادی و سەر بە خۆی بوە ( . لە مێژوودا جێی خۆیان گرتوە .

کورد هەمیشە پارچە پارچەو لێک دا بڕاو بوە کە ئەمەش هەم خۆی هۆکار بوە هەم دەوڵەتە داکیرکەرەکان کە ویستویانە کورد بە شدیکەوە خەریک بێت و پەرت بن و هیچ کات بیری سەربەخۆی نە کەنەوە.

کورد بە درێژای ئەو خەباتانەی کە کردویەتی دواجار لە بەشێکی بچوکی ئەم کوردوستانە خەو نی سەدان ساڵەی هاتە دی و بە هەوڵو تێکۆشانی بێ وچانی رۆڵەکانی و بە خوێن ڕژانی دواجار سەربەخۆی وەرگرت و ئەوبەشەی کە پێی دەڵێن هەرێمی کوردوستان (باشوری کوردوستان) هەرێمێکی سەربەخۆ دامەزرێنرا کە حکومەت و دامو دەزگاکان بە خۆمالی کران و کورد بە هیواوە دەی روانیە داهاتوی و وا وێنای دەکرد کە ئیتر جەورو ستەم و نادادی کۆتای

هات و کورد بوه به خاوەن مافی خۆی ، بەلام ئەمخەونە شیرینە بە دا خەوە کە قەت نە هاتە دی

و حوکم و دەستەڵاتی خۆماڵی هیچ جیاوازیەکی نەبوو لە گەڵ ڕژێمە بێگانەکانی تر بگرە حوکمی خۆماڵی زۆر خراپتر بوو چونکە دەیزانی برینەکان کامانەن و هەمیشە لەوبرینە سارێژنەبوانەیان دەدایەوە .

# حوکمی خۆماڵی و کۆتاییەکەی

سیستەمی حوکمرانی ئەفغانستان ، ئەو سیستەمەی ئەمەریکا لەپشتییەوە بوو،خەلکانێکی زۆر پێیان وابوە کە کوردوستان و ئەفغانستان زۆر لەیەک دەچن.

ئەمەریکا لەوە گەیشتبوو کە ئەم حوکمرانییەی ئەفغانستان دەورانی مێژوویی وسیاسی و فکری و کۆمەلایەتی تەواوبووە ، بۆیە بەجێیهێشت تا داروپەردوی بەسەر یەکدا بکەوێت ، کوردستان تەنها لەیەک شتدا لەوێ دەچێت ، لەوەی هەردولایان دەورانە مێژویەکەیان تەواو بوە .

حوکمی ئەفغانستان دەروخێ ، بەلام ی ن ک وپارتی دەستەلات بەجێ ناهێلن بۆچی هەردووکیان دەورانی مێژویی وسیاسی و فکری و کۆمەلایەتییان تەواو بووە؟

پرسیارێک بالەهەردوکیان بکەین ، یەکێتی و پارتی دوای سی سال لە دەسەڵاتی هەردوکیان باپێمان بلێن لەچیدا سەرکەوتووبون :

لە ئیدارەدانی هەرێم ؟

لەپەیوەندیەکان ؟

لەیەک گوتاری و یەکڕیزی؟

هێزێکی نیشتیمانی پێشمەرگەی یەکگرتوو ؟

لەشەفافیەت ؟

لەدادپەروەری کۆمەڵایەتی؟

لە دادپەروەری سیاسی؟

**له پاراستنی بازار؟**

**له پاراستنی هەرێم و ناوچە دابڕێنراوەکان؟**

**له بواری نەوت؟ ؟**

**واز لەمانەش بابهێنین !!**

**لەپێدانی مووچە ؟**

**لەدەستەبەر کردنی ئاوو کارەبا؟**

**له بێ لایەن کردنی دادگاکان؟**

**له تەنگە نەفەس کردنی ئازادییەکان؟**

**بۆیە دەورانەکەیان تەواو بوە ئەنجامی هەلبژاردنەکانیشی بێتە سەر هەردوکیان دارماون بەهەردوکیان چارەکی دەنگەکانیان نەهێناوە هەردوکیان لەهەردوو قەڵاکەیان لە سلێمانی و دهۆک هاڕەیان کردووە، ئەی بۆ نارۆن ؟**

**ئەمان دوو ولاتی ناوچەیی دەیان پارێزن کەهەرگیز دەست بەرداریان نابن ئەوانیش تورکیاو ئێرانە بۆچی ئەم دوو ولاتە دەستبەرداری ی ن ک وپارتی نابن چونکە لەمان باشتریان دەست ناکەوێت بۆ جێ بەجێ کردنی بەرنامەکەی ئەوان ئێستا رێکو رەوان مێژوو دوبارە دەبێتەوە. سەردەم سەردەمی ئیماراتەکانە سەردەم سەردەمی شەری دەولەتی سەفەوی و عوسمانیە سەردەم سەردەمی چاڵدێرانە ئێستا ٢٠٢١ نیە!!**

**ی ن ک و پارتی نەحیزبن نەبنەمالە بەلکو دەسەلاتێکی پاشکۆی بێ پێچ و پەنان چونکە هەم حیزب هەم بنەمالە هەندێ بەهاو پرنسیبی جوانیان لایە بەلام ئەمانە لای هەردوکیان نەماوە .**

**ئەمانیش هەردووکیان بە دەردی ئیماراتەکان دەچن ، دوور ونزیک ئەبن بە بەشێک لە مێژوویەکی ناشرین.**

## پێویسته هێزی چەکدار دروست بکرێت دژی دەستەڵات

دیارە ئەم واقعەی کوردستان و مامەڵەی دەسەڵاتی هەرێم لەگەڵ پێشهاتەکاندا، وا فەرز دەکات بیر لە زۆر رێگەی شیاو بکرێتەوە، کە بێمنەتی ئەم حکومەتە و بێخەمێ لەئاست قەیرانە هەمە چەشنەکانی خەڵکی کوردستان لە گۆر بنێت . بە هەموو شێوەیەک وەزعەکە ئاڵۆز بووە و هۆکارەکەشی جگە لە شکستهێنانی حکومەت لە هیچی تری لە هیچ کەس و لایەکەوە دیار نیە . سەروەت و سامان زۆرە، نەوت هاەناردە دەکرێت، بەڵام کەس نازانێت پارەکەی بۆ کوێ دەچێت و، دەسەڵاتیش بێ ئەوەی نوقەی لێوەبێت خۆی لە باسکردنی دەبورێت و سەرۆکی حکومەت و ئاشتی هەروامیش نە بایان دیوە نە باران . قەرزەکان کۆ دەبنەوە و موچەی خەڵک نادرێت، پرۆژەکان وەستاون و حکومەت مایەپوچ دەرچووە، چۆن لەگەڵ ئەم واقعە ئابوریە مامەڵە بکەیت.

بارى سیاسی چەقی بەستووە، پەیوەندیە نێوخۆییەکان لە پلەی سفردایە و یەکبونی ئیرادەی خەڵک و حزبەکان لە هیچ شوێنێکەوە دیار نیە . دوو جەمسەری باڵی بەسەر هەرێمدا کێشاوە ، پاشکۆیەتی بۆ وڵاتانی دراوسێ گەیشتۆتە لوتکە و، وڵاتان وەک والیەکی زەمانی عوسمانی و سەفەوی مامەڵەت لەگەڵ دەکەن، تۆش بێ هیچ مەرجێک ملکەچی هەموو فەرمانێکیانیت . چۆن وەزعە سیاسیەکە چارەسەر دەکەیت .

باری کۆمەلایەتی لە ژێر کاریگەری قەیرانە ئابوری و سیاسیەکە دەناڵێنێت و رۆژانە هەزارەها کێشە و گیروگرفت توشی تاکەکانی کۆمەڵ دەبێت و ،

پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان رۆژ لەدوای ئاڵۆزتر دەبن و باری نائاسیی باڵی بەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکدا کێشاوە . چۆن چارەسەری بکەیت .
باری سایکۆلۆجی خەڵک لە دارمانێکی سەیردایە، رۆژانە گوێبیستی خۆکوشتن و تێکچونی بیرکردنەوە و باری سایکۆلۆجی خەڵک دەبیت و خەمۆکی باڵی بەسەر زۆرینەی رەهای خەڵکدا بە تایبەتی گەنجاندا کێشاوە و هیچ چارەسەرێکی گشتیت نیە، چی بکەیت .
لە کاتێکدا ئەوانەی پاشکۆی دەسترۆیشتوان و بنەماڵە و ئەڵقەی تەسک و ئەڵقە لەگوێ کانی دەسەڵات و سەرکردە گەندەڵ و شکستخواردوەکانن، لە ژیانێکی ئاساییدا دەژین . چینەکان دابەشبون بە سەر دەوڵەمەندی بێ سنوری کەم و هە ژارێکی زۆردا و، تا دێت بۆشایی نێوان ئەو دوو چینە زیاتر دەبێت و، وایلێهاتووە خەڵک بیر لە زۆر شتی تر بکاتەوە کە رێگەی رزگاری بگرێتە بەر و دەگاکان قوتاربون بکاتەوە .
لە وەزعێکی ئاوهادا و لە بارێکدا، کە دەسەڵات باوەری بە یاسا نەبێت و بە زۆرداری خۆی بە سەر خەڵکدا سەپاندبێت تا حەدی دیکتاتۆریەت و، بە گرتن و کوشتن و چاوسورکردنەوە و، تەرهیب و تەرغیب خەڵکی تۆقاندبێت و، زۆریشی لەخشتەبردیبێت . هیچ گوێ بە بەرژەوەندی خەڵک نەدات و تەنها بە هێز مانەوەی خۆی پاراستبێت و، رێگەی نارەزایەتی مەدەنیت لێ گرتبێت و، خەڵکی لە خۆپیشاندان و مانگرتن بی هودە کردبێت، دوا چارەسەر چیە؟
لە پاش خوێندنەوەی ئەم بارودۆخە، بیرمەندان و چاودێران و خەڵکی دڵسۆزی ئەم وڵاتە گەیشتۆتە ئەو باوەرەی، کە کاتی شۆرشی چەکداری هاتووە، نەک سوپایەکی مشەخۆر کە هەندێک کەس داوای دەکەن، لەم کاتەدا وا پێویست دەکات کە شانەی سەرەتایی چەکداری دروست بێت و، هەرچی بەرژەوەندی گەندەڵکاران و بنەماڵە و ئەڵقە حزبیە بەرژەوەندخوازەکەی دەسەڵات بکرێتە

ئامانج و بەردی بناغەی شۆرشێکی چەکداریی سەردەم دەست پێبکات ، زەمینەش لەبارە بۆ ئەو جۆرە ئامرازە لە پێناو بەدەستهێنانی مافی گشتی هاوڵاتیان و رزگار کردنی وڵات لە دکتاتۆر و مشەخۆران .

:سەرکردەیەکی کوردی کاربەدەستی دەسترۆیشتوی ئەم زەمانەی کوردستان لە پیاوێکی پیری پرسیبوو، شۆرشی کوردستان و قازانجەکەی چۆن بوو مامە ؟ لە وەڵامدا وتبووی زۆر سودمەند و خۆش بوو کورم، دەك خوایە لەم کاتەدا شۆرشێکی تر لە کوردستان هەڵگیرسێت . سەرکردەکەش وتبوی پەیامەکەت گەیشت مامە گیان .
کوردستان گەیشتە ئەم وەزعە نالەبارە، کەس لەوباوەرەدا نەبوو کە دوای چەندین ساڵەی خەبات و تێکۆشان و قوربانیدان و ماڵوێرانی خەڵك، پرسی کورد گیرۆدەی دەستی سەرکردایەتیەکەی خۆی بێت .
وەك دەزانین زۆر جار شورش توشی قەیرانی خۆی دەبێت، بۆیە عەقڵمەندان وتویانە پێویستە شۆرش پاش سەرکەوتن، خۆی لەو دەردراوە سەلبیانەی کە لە سەرەوە بۆ خوارەوە لێی دەرژێت پاك بکاتەوە و، خۆی لە رێگریە خۆییەکان رزگار بکات و، لەو نێوەندەشدا سەرکردایەتیەکی نوێی ئەڵتەرناتیڤی سەرکردایەتیە کۆنەکەی شۆرش دامەزرێت، لەبەر کۆمەڵێك فاکتەر و هۆکاری بابەتی و خودی و بۆ سەرکەوتن و گەیشتن بەئامانجی خودی شۆرشەکە و نەهێشتنی بەربەستەکان کە لە ناخی خودی شورشدا دروست دەبێت .
ئێستای هەرێمی کوردستانی جگە لە قەیرانی سەرکردایەتی و شەری سەپێنراوی داعش، پاش ئەو هەموو هەڵە زەقانەی لەمەر شەری نێوخۆ و

بڵاوبونەوەی گەندەڵی و قەیرانی زۆر و هەلپەرستی کۆمەڵێك دەستڕۆیشتوی نێو کوردستان و هەندێك بنەماڵەی خۆ سەپێن، قەیرانی فەوزای بەڕێوەبردنی کوردستانی پاش شۆرشمان هەیە، بۆیە، بۆ سەرخستنی شۆرش و پاش قۆناغە سەربازیەکەی و گەیشتن بە قۆناغی مەدەنیەت و ، لە پێناو ڕەنجەڕۆنەبونی خەڵك و گەیشتن بە ئەنجام و پێکانی ئامانجەکان، پێویستمان بە زۆرێك لە هەنگاوی زانستیانەی ریشەیی گونجاو هەیە، کە لە گەڵ بارودۆخی هەنوکەیی و پێویستیەکانی ئەم سەردەمە و گۆرانکاریەکان و دوارۆژیدا بگونجێت . بەتایبەتی، دەبێت لە خاڵە هەستیارە زۆر گرنگ و چارەنوسسازەکانەوە دەست پێبکرێت .

پاش دوو دەیە و نیوی دوای راپەرین، ئێستا زیاتر لە دوو نەوەی نوێ هاتۆتە ئاراوە، کە هیچ گوناحێکیان نیە گیرۆدە و وابەستەی دەرهاویشتەکانی شۆرش بن و لەگەڵ پێداویستی و بارودۆخی ئەم رۆژەدا نەژین و ئامرازەکانی خۆشبژێویان لا مەیسەر نەبێت . هیچ فەرز نیە، کە خەڵکێك بە هەر شێوەیەك بێت لە کاتێکی قورسی ئەوسادا لە گەڵ شۆرشدا بو بێت و، ئەگەر لەسەر بنەمای بیروباوەر و گینفدایی و خۆبەخت کردن لە پناو میلەتدا بێت، کە هەڵگری ئەو سیفەتانەش زۆر کەمبون، یان لەبەر هۆکاری خودی و تایبەت بەو کەسە چ کۆمەڵایەتی یان ئابووری یان سیاسی و شەخسی بوبێت، خۆیان خزاندبێتە نێو شۆرشەوە،ئێستا چارەنوسی نەوەی نوێ بە ئامرازەکانی ئەوساوە بەڕێوەبەرن و دەسەڵاتی کوردستان رایی بکەن . ئەوە نەکردەییە گەنجی سەدەی بیست و یەکی کوردستان باجی ئەم هەموو کەموکورتی و دواکەوتوییە بدات .

هەڵە مێژوویەکان و دەرهاویشتەکانی :

پاش ساڵی **1964** و شۆرشی تاك حزبی، کۆمەڵێك گەنجی ئاست رۆشنبیری باشی ئەو کاتە، لەگەڵ واقعی حزبی و رەفتاری سەرکردایەتی و بۆچونی جیاواز

و نەگونجاو لەگەڵ سەرکردایەتی عادەتی و بەرهەمی ناکۆکیە کۆمەڵایەتی و عەشایەریەکان، هەوڵی جیابونەوە و گۆرانکاریان دا، ئەمە ئەگەر بەرژەوەندی تاکە کەسی و تایبەت و نەرجسیەت و ئامانجی شەخسیشی تێ کەوتبێت، لە رووی باری تایبەتی و رۆڵی ئاغا و سەرۆك عەشیرەت و تێروانینی خەڵك بۆ جیاوازیە چینایەتیەکان بۆ ئەو کاتە و خودی ئەو کەسانەی زادەی هەمان بارودۆخ و واقعەکە بوون، مایەی تێرامانە، کە بە کارێکی قورسی لەو جۆرە هەستابن، بێ لەبەرچاو گرتنی زەرەیەك لە بارودۆخە بابەتیەکە و بێ خوێندنەوەی هیچ پێداویستیەك و زەمینە و پاڵنەرە پێویستەکانی شۆرشێکی نوێ و مامەڵەکردنی سەرکردایەتیە کۆنە خودپارێزە خۆ سەپێنەکە . پاش شکستی ئەو هەڵوێست و جۆلانەوەیە، لەو رۆژەوە تۆوی دووبەرەکی بەرۆکی شۆرشی کوردستانی گرت و دواتر شەری ماڵوێرانی براکوژی و نەهامەتی و زەرەر لەخۆدان و یەکتر سرینەوە باڵی بەسەر شۆرشی گەلی کوردستاندا کێشا و، لە دوا ساتەکانی شۆرش و بەڵکو لە قۆناغی رزگار بون و پاش راپەرین رەمزێکی ئەو جیابونەوەیە کە لە بنەرەتدا ئەو هەڵوێستە بەناوی ئەوەوە ناونرا ( جەلالی) بە زمانی خۆی و لە کاتێکی بەسەرچودا داوای لێبوردنی لەو رەفتار و هەڵوێستەی کرد و لە پێناو بەرژەوەندیەکی شەخسی و پلەوپایەیەکی بەغدا گەروەترین هەڵەی کرد، کە جیابونەوەی لەو زەمەنە هەستیارەدا بە هەڵە لە قەڵەمدا. پاش چی ؟

لە پاش ئاشبەتاڵ و نسکۆی شورشی ئەیلول، دواجار و پاش هەوڵ و تەقەلای زۆرێك لە سیاسەتمەدارانی رۆشنبیر و بیرچەپ و خوێنەواری پێگەیشتوو، شۆرشی نوێ هاتە ئاراوە و لە پێناو ناو و خۆناساندن کە گەورەترین هەڵەی شۆرشی نوێیە، کە دەبو رێگە بە عەقڵی کۆن نەدەن سەرکردایەتی ئەم جوڵانەوەیە بکات، کەچی کۆمەڵێك خەڵکی کۆنە شۆرشگیری شۆرشی کۆن بە

هەموو ئالۆزیەکانیانەوە خزێندرانە نێو شۆرشەوە و حزبێکی بەرەییان پێکهێنا و، دواجار شۆرشی نوێ یان تەسلیمی بۆچون و عەقڵە کۆنەکە کرد . یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەو جۆرە دامەزرا، لەولاشەوە پاشماوەی پارتی لە دوورەوە مرخی لە بزوتنەوەیەکی شەرمنانە خۆش کردبوو،لەسەر بنەمای دووبەرەکی و دژایەتی کۆن و نوێ، بڵێسەی شۆرشی یەکتر سرینەوە هەڵگیرسا و بەهەمان بارودۆخی جیابونەوەکەی پێشتر و بە بەشداری خەڵکی تر و بە نیمچە عەقڵیەتێکی تازەوە، شۆرش گەشەی کرد و، تا دەهات بارودۆخی بابەتی زاڵبونی خۆی سەپاند و بیرو عەقڵە کۆنەکەی نەوەی شۆرشی کۆن خۆی کردە رێبەر و سەرکردە و فریادرەسی شۆرشی نوێ بە هەر شێوەیەك بوبێت . لە لایەکی ترەوە خەڵکە رۆشنبیر و ئازا و خاوەن بیروباوەرە جوان و خۆبەختکردوەکە لە زیندانەکانی بەعس، یان لە رێرەوی شۆرش و ململانێ زەقبوەکان و، بە هۆی رۆڵی سەلبی و کاریگەری عەقڵە کۆنەکەوە، لەناوبران . بە کورتیەکەی، لەدواجاردا و پاش نەمانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، بە جیاوازیەکی زۆر کەمەوە شۆرشی نوێ کەوتەوە دەستی جەلالی و مەلایی . هەندێك حزبی تر لەسەر ساحەکەدا هەبوون رۆڵی یەکجار لاوەکیان لە شۆرشدا دەگێرا و زۆرجار لە لایەن ئەملاو ئەولاشەوە بەکاردەهێنران لەدژی شۆرش و بەدەستهێنانی مافەکانی خەڵکی کوردستاندا بۆ بەرژەوەندی وڵاتانی ئیقلیمی .

دەکرێت ساڵەکانی 1946 و1961 و 1964 و 1974 لە رووی هەڵسەنگاندنێکی زانستیانەی بێلایەنانەوە بە ساڵانی هەڵە مێژووییەکانی گەلی کورد ناوزەد بکرێت و، بە زەرەر بۆ پرسی رەوای گەلی کوردستان و مافەکانی بنوسرێت، نەك بە گونجانی کات و زەمان و بونی هۆکاری راست و رەوای داواکردنی مافی گەلی کوردستان بنوسرێت، ئەمە ئەگەر راستیەکان وەك خۆی

ببینرێن و پشت پەردە و بنی بەرەکە بخوێندرێتەوە و واقعەکە بابەتیانە و بێلایەنانە هەڵسەنگێندرێت .
لەدواجاردا دەتوانین بڵێین، هەردوو شۆرشی کۆنی دوورە پەرێز و نوێی کۆنئامێز،لەسەرجەم رووەکانیانەوە توشی گەورەترین شکست هاتن ( لێرەدا دەتوانین بڵێین، ناشێت قۆناغی پاش ئەنفال بە شۆرش ناوببرێت، سەرەرای هەوڵ و ویست و ئیرادەی پۆلایینی کۆمەڵێك خەڵكی گیانفیدا و تاکی شۆرشی نوێ کە مایەی شانازی و رێزی یەکجار گەورەن، لەبەر ئەوەی ئەو هەوڵانە هەڵوێست و بینین و بۆچونی تاکە کەسی بوون، نەك لە بنەرەتدا بە پلان و رێرەو و رەفتار و ئامانجی شۆرش درێژەیان بە شۆرش دابێت ) .
پاش زەمینەخۆشبون و رەخساندنی بارودۆخی بابەتی و هەڵەکانی دیکتاتۆرەکەی بەغدا، راپەرینی جەماوەری رووی داو هێزەکانی بەعس رامالێنرا و، کۆمەڵێك خەڵکی چەپ وەك شوراکان ویستیان جڵەوی گۆرانکاریەکان بگرنە دەست، بەڵام بە هۆی دونیایەك هەڵە و بیروبۆچونی خەیاڵی نەگونجاو لەگەڵ واقعدا و،بە هەمان شێوەی رەفتارەکانی پێشتری خەڵکی رۆشنبیری نێو شۆرشی کۆن، لە نەخوێندنەوەی بارودۆخی بابەتی کوردستان، بەهەمان شێوەی جیابونەوەکەی ساڵی **1964** ی جەلالیەکان، ئەمانیش توشی شکست بوون و هەڵۆکانی شۆرشی نوێی شاخ بە ناوی بەرەوە دەسەڵاتی کوردستانیان گرتە دەست و لە دواجاردا هەرێمی کوردستانیان بەم دەردە برد، کە دەتوانرا لەو ماوەیە و هەلە مێژوویانەدا کوردستان بگەیننە دوامەنزڵگەی خەبات، بەڵام بەداخەوە هەمان هەڵە و کەموکورتی و تەسکبینی و خود پەرستی و نەرجسیەت و ململانێ و شەروشۆر و پلەپەرستی لەسەر حسابی بەرژەوەندیە چارەنوسسازەکانی گەلی کوردستان کەوتەوە .

رۆڵ و رێگریەکانی حزبەکان لە پێشکەوتنی باری سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری کوردستان دا :

پارتی دیموکراتی کوردستان :

پاش راپەرین، پارتی بەهەمان سەرکردایەتی و عەقڵ و بە بۆچون و ئامانجی سەرەکی خودموختاریەوە و بە بێ خوێندنەوەی بارودۆخی نوێی کوردستان و بە عەقڵیەتی خوالێخوشبو مەلا موستەفاوە هاتەوە مەیدان و، بە قازانجکردن لە خەڵکی زەدە و جاش و پیاوانی بەعس بێ هیچ لێپێچینەوەیەك لەگەڵ تاوانبارانی کوردستان بە بەهانەی لێخۆشبونی گشتی بەرەی کوردستانیەوە، زۆرێکی لەوانە خستە ژێر رەحمەت و رکێفی خۆیەوە و تا رۆژگاری ئەمرۆش بەرگریان لێ دەکات و، بەوانەش رێژەی جەماوەری و دەنگی خۆی گەیاندە ئاستی لایەنەکانی تر و بگرە زیاتر و خۆی کردە حزبی یەکەم لە کوردستاندا . هەر ئەم حزبە جگە لە حزبایەتی و خۆی بە براگەورە زان و حاکمی رەها و ئیستغلال کردنی پێگە و جوگرافیای زۆنەکەی لە سەرجەم بوارەکاندا، زیادەرۆیی نیە ئەگەر بڵێین هیچ شتێکی پێشکەش بە کوردستان نەکرد . ئەوەتا تا رۆژگاری ئەمرۆش دەیەوێت دەسەڵاتی هەتاهەتایی بەدەستەوە بێت و، بە هەر بیانویەکەوە بێت بنەماڵە حوکمی کوردستان بکات و رۆڵی خەڵك هیچ نەبێت و ئەوانی تر پاشکۆ بن ، ئەگەر بۆی بچێتەسەر. ئەم حزبە هیچ سڵێکی لە پاراستنی ناو و ناوبانگ و لەکەداربونی مێژووی خۆی نەکردۆتەوە تاوەکو لە شەری نێوخۆدا گەیاندیە پەلکێشانی دەبابەی بەعس بۆ پایتەختی کوردستانیش .

یەکێتی نیشتمانی کوردستان :

پاش راپەرین، تا ماوەیەك ئەم حزبە بە خوێن گەرمی و روحی تازەگەری و تۆڵە سەندنەوە لە تاوانباران رەفتاری کرد و تا رادەیەك مێژووی بۆ خۆی تۆمار کرد، بەڵام زەرەرێکی گەورەی لە جەماوەرێتی و ژمارەی لایەنگرانی خۆی دا و وای

لێهات لەدەرئەنجامی کێبرکێی لەگەڵ پارتیدا، ئەمیش دەستی لە پیاوە ناپاکەکان پاراست و زۆریکی لە خۆ گرتن . دواتر ئەم حزبە بەهامەن شێوازی بەرەیی و بە پاڵنانی تام و لەزەتی دەسەڵاتەوە ئەگەر وەك حزبێکی بەرەیی نەما، بەڵام چەند باڵێکی لێ دروست بوو، تا ئەمرۆش بە دەردانە سەلبیەکانیەوە دەناڵێنیت . بەڵام لە کۆنگرەی یەکەم و پاش هەلقۆستنەوەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (خەتە گشتیەکەی) پاش (ململانێی نارەوای چەندین ساڵەی نێوخۆی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و توانەوەی و، کاریگەری رکابەری چ فکری بێت یان شەخسی نێوان سەرکردایەتیەکەی) بۆ خۆسەپاندن بەسەر حزبدا و، نەهێشتنی پاشماوەکانی کۆمەڵەی رەنجدەران و زاڵبونی خەتی جەلالی بە فراوانی، ئەم حزبەی گەیاندە ئەو حاڵەتەی کە تەنها لە کێبرکێ لەگەڵ پارتیدا بێت و هەموو ئامانجەکانی لەبیر بکات، بەهەمان ساڵەکانی شەستەکانی سەدەی رابردوو، بە رێگە و پێگە و رەفتار و شێوازێکی تۆزێك جیاوازترەوە، لە رکابەری و ململانێکانی مەلایی و جەلالی دا دەستپێکرد و شەری نێوخۆی لێ کەوتەوە و، لە زۆر بواردا کاروباری ئەم حزبە پارتی ئاسای لێهات و، جگە لە قازانجی تەسك هیچ ئامانجێکی تری نەبوو لەسەر ئەرزی واقعدا . تا دواجار پارتی و یەکێتی، یان راستتر بڵێین مەلایی و جەلالی، برابەشیان کرد و بەرژەوەندی شەخسی بوو کە پاڵ بە سەرکردایەتی هەردو حزبەوە نا لە بەغدا و کوردستان جومگەکانی دەسەڵات بگرنە دەست و، کار و باردۆخی سیاسی کوردستانیان گەیاندە وەزعی ئەمرۆ . ئەگەر زۆر وردبین بین، دەتوانین بڵێین،یەکێتی بە کەمێك جیاوازیەوە لە سەرجەم رووەکانەوە، دەتوانرێت لە گەڵ پارتیدا بەراورد بکرێت و، کۆمەڵێك گەنجی رۆشنبیر و کادری بەتوانای سەرجەم بوارەکانی ژیان لە خەباتدا، لە ناو ئەم حزبەدا بەردەوامن، بەڵام مێژووی

کوتلەبازی خەریکە بە تەواوەتی بنکوڵی پەیکەری سیاسی و ڕێکخستنی ئەم حزبە دەگەنێتە کاتی گیانەڵا، ئەگەر گۆرانکاریەکی ریشەیی لەخۆیدا نەکات .

بزوتنەوەی گۆران :

ئەگەر خۆمان لە قسەکردن و هەڵسەنگاندنەکەماندا، لە رووی فکرو بیروبۆچون و ئایدیولۆجیای حزبی ببورین . دەتوانین بڵێین، ئەم بزوتنەوەیە، ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی لە منداڵدانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە لەدایکبووە، بەڵام بزوتنەوەکە و ڕێکخەرە گشتیەکەی بە رەفتار و بۆچونە سەردەمیەکانی و رادەی رۆشنبیری خۆی، بواری ئەوەی داوە کە خەڵکی گەنجی بەتوانا و عاقڵی سەردەم بەشداری لە کار و خەباتی ئەم بزوتنەوەیە بکەن و، لە سەرەتای دروستبونیەوە چەندین ناو و کارەکتەری نوێ وەك دەموچاوی دوای راپەرین لە کۆری خەباتی ئەم بزوتنەوەیە دەربکەون و، توانراوە تا رادەیەکی زۆر باش، ململانێی مەلایی و جەلالی لەم بزوتنەوەیە دوور بخرێتەوە ، ئەمەش پەرینەوەیەکە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دواتر لە کوردستاندا و بە شانازیەك بۆیان تۆمار دەکرێت، بەڵام زۆر جار رەفتاری تاك کەسی کەسی یەکەم و دەرهاویشتەکانی تەمەن و هەندێك لە پیروپەکەوتەی دەوروبەری، هەنگاوەکانی بە چەوتو چەوێڵێ دەهێڵێتەوە و، وایان لێ دەکات بە هەمان بۆچونی ئەو دوو حزبەکەی تر هەنگاو بنێن و، خۆیان لەبیر دەچێتەوە کە لەبەر چی و لەپێناو چیدا دامەزراون . ئەوەی دەبینرێت، بۆچونەکانی بزوتنەوەی گۆران، ئەگەر بە پێی کاری کردارەکیان لێك بدرێتەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، دەکرێت، بە بزوتنەوەیەکی رەفتار و ناوەرۆك و بۆچون و شێوازی نوێ ناوزەد بکرێت، بەڵام هێشتا لە ژێر رکێفی بیری نەوەی کۆن بە یەکجاری دەرنەچووە و عەقڵی کەسی یەکەم بە پلەی یەکەم بڕیاردەری یەکلاییکەرەوەیە لە سەر جەم بوارەکاندا، بە تایبەتی لایەنی سیاسی و مامەڵە لەگەڵ روداوەکانی کوردستان و ناوچەکە و

پەیوەندیەکاندا . بۆیە، ئەم بزوتنەوەیە بۆتە جێی ئاواتەکانی زۆرێك لە رۆشنبیران و چاودێران، ئەگەر لە دووریشەوە لێی بروانن، چونکە لە دوارۆژی دەروانن و وا پێشبینی دەکرێت ئەگەر رێکخەرە گشتیەکەی، کە لەنەوەی کۆنە لە تەڵسمەکانی ژیانی کۆن و بیرۆبۆچنی سەدەی رابردوو دەربچێت و، بەم رەفتار و بۆچونە سەردەمیانەی گرتۆتە بەر و زۆرێك لە خەڵکی تازە و نەوەی نوێی پێگەیاندووە، بەردەوام بێت لەسەر ئەم بۆچونانەی، لە دوارۆژی نزیکدا ئەم بزوتنەوەیە ئەگەر سەرکەوتو بێت، ئەگەر هەڵەی زەقی وەك ئەم جارەی بەشداریکردن لە حکومەتی بنکە فراوان دووبارە نەکاتەوە، دەتوانێت زیاتر ببێتە جێمتمانەی نەوەی نوێ و، لەوانەیە بتوانێت گۆرانکاریەکی لەبەرچاو لەسەرجەم بوارەکاندا بکات، ئەگەر، ئەم بزوتنەوەش نەکەوێتە دەستی نەزان و پاشەکشە نەکات .

حزبە ئیسلامیەکان :

سەرجەمیان بە جیاوازیەکی زۆر کاڵەوە لە کاری رۆژانەو هەندێك ئامانجدا، کە خۆیان لە میانرەوی و توندرەویدا دەبینێتەوە، هەوڵی چەسپاندنی بیرە کۆنەکانی سەدەکانی صەدری ئیسلام دەدەن و بە ناوی ئامانجی نیشتمانی و نەتەوەییەوە ئایدیۆلۆجیاو ئامانجی لۆکاڵی کوردی لە جیاتی بیرو فکرە جیهانیەکانی خۆیان بەکاردێنن، ئەگینا لە هەر زەمین لەرزەیەکی سیاسی ناوچەیی کتوپردا، هیچ پەیوەندیەکیان بە ناوخۆی کوردستانەوە نامێنێت، وەك ئەو بوغراییەی کە لە کاتی بەهاری عەرەبیدا بە روخسیاریاندا دەرکەوت و، کاریان بە کۆمەڵێك ئامانجی گشتی خۆیان کرد بەدەر لەوەی لە کاتی ئاساییدا ئیدعای دەکەن . بۆیە تەنها بەکارهێنانی ئامانجی ناوخۆیی لە پێناو بیرو بۆچونە گەورەکەی خۆیان نەبێت، بە هەمویانەوە، هیچی تریان پێ نیە . بەڵام ئەبێت ئەوەش نەشارینەوە کە کۆمەڵێك گەنجی بەتوانای عاقڵیان تێدایە کە یان بە نهێنی ئامانجە گشتیەکانی

ئەم جۆرە بزوتنەوە و حزبە ئیسلامیانە نازانن، یان پشتخانی فکری و بۆچونی خۆیان پاڵی پێوە ناون بچنە ریزی ئەم حزبانەوە و گوێ بە پشت پەردەی دروستبونی ئەم حزبانەیان نەداوە، ئەگینا لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا خاوەن بۆچونی تایبەتی خۆیانن و دەکرێت پشتیان پێ ببەسترێت ئەگەر لەدەرەوەی ئەو رێکخراوانە کار بکەن .

حزبە پاشکۆکان :

جگە لەو حزبە سەرەکیانە کۆمەڵێکی بەرچاو لە حزبی بچوکی تازە و کۆنی پاشکۆ لە سەر ساحەی سیاسی کوردستان لە ئارادان و، پاش ساڵانێکی خەبات، لەنێو هەندێکیان، سەرکردایەتیەکانیان بونەتە قورساییەکی سەخت بەسەر گەنجانی خوێنگەرمی ناو ئەم رێکخراوانەوە و، بۆ بەرژەوەندی تەسکی تاکەکەسی رەفتاری پاشکۆیەتی و دوور لە بێلایەنی هەنگاو دەنێن و حزبەکانیشیان وەك کۆمپانیایەك بەکار دێنن و خەڵکی خەمخۆری ئەم حزبانە و بەتایبەتی نەوەی نوێی پاك و بێگەرد باجی بەرژوەندی سەرکردایەتی حزبەکانیان دەدەن و، تا ئێستا لە ململانێ و رکابەری و خۆسەپاندنی تەڵسمەکانی رابردوو دەرنەچوون، ئەمانیش، سەرەرای بچوکی قەبارەیان لە هەمان سەلبیاتی حزبە گەورەکان بەدەر نین . بۆیە بێ جەماوەر و بێ ئەکتیف ماونەتەوە و بون و نەبونیان هیچ لە مەسەلە گشتیەکەی کوردستان ناگۆرێت و، وا چاوەروان دەکرێت رۆژگار یەکلاییان بکاتەوە، بەمەرجێك، ئەگەر رێرەوی سیاسی کوردستان بکەوێتە سەر سکەی خۆی و پێویستبونیان لە لایەن زلهێزەکانی ترەوە و لە چوارچێوەی ململانێ حزبیەکان خۆی فەرز نەکات و، وەك مەقاش بەکار نەهێنرێن، ئەمرۆ وا بەزەقی دەردەکەوێت کە پارتی تا چەند قازانجێکی لە رادەبەدەریان لێ دەبینێت، دوارۆژ گەواهیمان بۆ دەدات بۆ مانەوە و نەمانەوەیان .

ئەگەر لە رووی رێبازی سیاسیەوە لەسەرجەم لایەنەکان بروانین بە سەرەکی و لاوەکیانەوە، ئەوە لەسەر ئەرزی واقع و کردارەوە، جیاوازیەکی ئەوتۆ نابینرێت، جگە تارادەیەك بزوتنەوەی گۆران نەبێت، ئەویش بە شێوەیەکی زۆر کاڵ و کرچ . حزبایەتی و بەئەنجامگەیاندنی کارەکانیان بە هەمان ریتم و فۆرم و بە شێوازێکە کە بۆ دەیان ساڵە چەقی بەستووە و گۆرانکاریە هەمەچەشنەکانی سەردەم لە سەرجەم بوارەکاندا هیچ کاریگەریەکی ئەوتۆی لەسەر جێنەهێشتون، لەبەر چەقبەستنی عەقڵی سەرەکی و کاریگەری هەندێك سەرکردەی دەسترۆیشتوی ناو سەرجەم حزبەکان و پەراوێزکەوتنی سەرکردەی بەتوانای تر لە بەرێوەبردن و سەرکردایەتی کردندا،لەبەر زۆرێك هۆکاری بابەتی وخودیی حزبەکە و خۆشیان، لە پێشەوەیاندا بەدەستەوە گرتنی ئامرازەکانی راگەیاندن و سەرچاوە داراییەکان لە لایەن خەڵکانێکی دیارەوە .

کار گەیشتۆتە حاڵتەێك، کە لە پێکهاتە و تێروانین و ناوەخن و کاردا، کتومت لە کۆمپانیایەکی بازرگانی دەچن و قازانجەکان بەسەر پشکدارەکاندا دابەشدەکەن .

بۆیە جۆری حزبایەتی دوای راپەرین، گیانی فیداکاری و پەیوەست بە پرەنسیپ و بنەما فکری و سیاسیەکانەوە نەهێڵراوە و واقعی کوردستان لە رارەوی راستەقینەی خۆی لادراوە و بەڵکو راماڵێنراوە . بە سەدان خۆبەختکاری شۆرشگێری راستەقینە، گیانیان بەو رێبازە بەخشی و خاوەنی باوەربون بە بنەما فکری و فەلسەفی و رۆشنبیری و ئایدیۆلۆجیا راستەقینەکان، نەك لەو باوەرەدا بن واقعی سیاسی و حزبی کوردستان بگاتە ئەم بارودۆخ و شێوازەی ئەمرۆ و، قەت لە پێناو رۆژێکی وەك ئەمرۆ خەباتیان نەکردوە .

ئا لەم کاتەدا هیچ زیدەرۆییەك ناکەین گەر بڵێین، کوردستان خاڵیە لە حزبی راستەقینەی خاوەن بیر و فکر و فەلسەفە، نەك بزوتنەوە و رێکخراوی جەماوەری و خاوەن پێگەی هەڵبژاردن .

بۆیە، لەم بۆشاییە قوڵەی دونیای سیاسەت و فکر و رۆشنبیریەی کوردستاندا، زۆر راستە گەر بوترێت پێویستمان بە شۆرشێکی هەمەگیری سەرتاسەری سەرتاپای بوارە رۆشنبیری و حزبی و ئابوری و فکری و فەلسەفیەکان هەیە لەکوردستاندا، بۆ راماڵینی عەقڵی کۆن و ژەنگهەڵهاتوو و نەهێشتنی کاریگەریی سەلبی عەقڵی رزیوی ئێمەومانانی نەوەی کۆن و، لە پێناو بەرزبونەوەی ئاستی کاریگەریی کارو رەفتار و بۆچونی نەوەی نوێی نمونەیی و خاوەن عەقڵی سەردەم لە هەموو بوارەکاندا .

بۆیە لەو بروایەدام کە بارودۆخی شەروشۆر و قەیران و نەهامەتی ئابوری و ئاڵۆزی و فەزای سیاسی ئیمرۆ لەناو دەچێت و نەوەی نوێی بە ئیرادە، ئەم ستاف و نەوە کۆنە بێ قازانجە بە شێوەیەکی جوان و رێکوپێك رادەماڵن و بە عەقڵی کۆمپیوتەر و ئامرازە بە دیقەتەکان لە کاتی تایبەتی خۆیدا کوردستان دەخەنە سەر سکەی خۆی، جا زوو بێت یان درەنگ . لەو نێوەدەشدا چالاکی رۆشنبیرانی بێلایەن و کاریگەری ئابووری و باری کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان رۆڵی یەکلاکەرەوەی خۆی دەبێت لە گۆرانکاریی گەورە یان شۆرشێکی سەرتاسەریی چاوەروانکراودا .

ئەگەر پێداویستی و زەمینەی شۆرش خۆی بسەپێنێت، لە تروسکەیکی بچوکدا تەشەنە دەکات و لەو باوەرەدام کەس نەتوانێت لە چوارچێوەیەکدا قەتیسی بکات و، لەوێشدا ئەگەر عەقڵ و مەنتیق و گرتنەبەری رێگەی راست خۆی فەرز نەکات لە لایەن سەرکردایەتی و گەنجانی خوێن گەرمی نەوەی نوێوە ( گرتنەبەری رێگەی هەندەران لە لایەن گەنجانەوە تەنفیسێکە و قازانجێکی گەورەی بۆ سەرکردایەتیە باڵادەستەکەی ئەمرۆی کوردستان هەیە بۆ دوور خستنەوەی تەقینەوە گەورەکە) یەکێك لە ئەگەرە بە هێزەکان ئەوەیە، کە بگەرێینەوە سەرەتا و چوارگۆشەی یەکەم و، دیسان خەبات و تێکۆشان و

قوربانیدان به هەمە جۆری خۆی لەلایەن نەوەی نوێوە و بە ئامراز و گۆرانکاریەکی سەردەمانە دەست پێ بکات و نەوەکانی دوای ئێمە بەسەرهاتەکانی بنوسنەوە . هیوادارم عەقڵ میوانی سەرکردەکانمان بێت و لەم بارودۆخەی ئێستا بروانن و نەهێڵن بگاتە مریشکە رەشە، ئەو کاتە پەشیمانی دادی هیچ کەسێك نادات .

بۆیە دوا چارەسەر، خۆی لە نارەزایەتی و راپەرین و شۆرشێکی هەمەگیر دەبینێتەوە کە گەنجان سەرمەشقی گۆرانکاریە پیویستەکان دەبن و عەقڵ و رەفتاری کۆن توردەدەن . لە دەرئەنجامدا کاروانی سیاسی و رۆشنبیری و ئابوری کوردستان دەکەونە سەر سکەی تایبەتی خۆیان .

## یەکێتی و پارتی تەواوکەری یەکن

کۆتا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، وەك ڕاپرسییەکیش دەرکەوت بۆ نشاندانی ئاستی متمانەی خەڵك بەدەستەبژێری سیاسیو شێوازی حوکمڕانی چەقبەستوو، ڕادەی بەرزی بایکۆتو بەشدارینەکردنی خەڵك تەنها پەیامی هۆشدارینەبوو، بەڵکو ڕەتکردنەوەی زۆرینەی خەڵك بوو بەمشێوازی حوکمڕانییەی کە ئێستا بونی هەیە، ئەم قسەیە بۆ هەرێمی کوردستانیش ڕاستە، بۆیە هەقوایە هیچ لایەنێك خۆی بەبراوە نەزانێت بەوانەشەوە کەکورسی زۆریان بەدەستهێناوە.

پارتیو یەکێتیی کە ماوەی زیاتر لە30 ساڵە بەمشێوەیە حکومڕانی دەکەن، نەك هەر گوێی خۆیان لەڕەخنەو بۆچونی جیاواز ئاخنیوە، تەنانەت هەندێکجار ئەوانەش تۆمەتبارو تەخویندەکەن کە وەك ئەوان بیرناکەنەوە. ئەوان چارەکە سەدەیەکە لەسەرئەوە ڕێککەوتون، ئیدارەو حوکمڕانی هەرێم، بەو لۆژیکە بڕوات بەڕێوە، کە دوو ئیدارەییو دوو زۆنو دوو دەسەڵات لەناوچەی سەوزو زەردبونی هەبێت، واتە دوو هێزی سیاسیو چەکدار، دوو دەزگای ئەمنیو ئیدارەی لەپاڵ حکومەتدا بەمیزانییەی حکومەت بونی هەبێت، بۆیە هەڵبژاردنەکان گەر هەرلایەکیان دەنگی کەمبکات یان زیاد، ئەوا هیچ لەو واقیعە سیاسییە ئیدارەییە ناگۆڕێت، چونکە ئەوان دواتر وەك کۆڵەکەی ڕاگریی یەکتری پێکەوە حکومەت پێدەهێننەوەو بەردەوامدەبنو حکومەتیش لەسەر بنەماو ڕێککەوتنو سازانی مەزاجی دەستبەکاردەبێت.

بەکورتی تا پارتیو یەکێتی بەجیا خاوەندارێتی لەهێزی پێشمەرگەو دەزگا ئەمنیەکانیان بکەن، ژمارەی کورسیو دەنگدەر تەنها ژمارەیەك دەبێت لەژمارەکانو هیچ لەو واقیعە دوو ئیدارەییە ناگۆڕێت کە 30 ساڵە بەردەوامە، چونکە لەکۆتایدا بینیمان نە پارتی ڕەزامەند دەبێت ملکەچی زۆرینەی پەرلەمان بێت، نە یەکێتی کەمکردنی کورسییەکانی وای لێدەکات دەستبەرداری ئیدارەو ناوچە نفوزەکەی خۆی ببێت.

## کێشەی پۆستی حیزبەکان

جاران بیرکردنەوەیەکی هەڵە لای پارتیو هەبوو، وابیریان دەکردەوە کەمکردنی دەنگی یەکێتی یەکسانە بەزیادکردنی دەنگی پارتی، بەڵام لەدوای دروستبونی گۆڕان تائەوکاتەی لەدوا هەڵبژاردن گۆڕان شانسی بردنەوەی هیچ کورسییەکی نەبوو، دەنگی پارتی کەمیکرد زیادینەکرد، پارتی بەحوکمی ئەوەی هێزێکی دامەزراوترە لەوانی تر، بەهۆی پەیوەندیەکانیو بونی دامەزراوەکانییەوە، توانای خوێندنەوەو بینینی بەرژەوەندیەکانی خۆی زیاترە، ئێستا پارتی تەنها بەدوایی شکستی ڕکابەرە مێژینەکەی وێڵ نییە، بەڵکو بەشوێن ئەو پنتو هۆکارانەدا دەگەڕێت کە وادەکات دەنگە هەڵوەریوەکانی یەکێتی بکەوێتە سەبەتەکەی ئەوەوە، دەنا بەپێچەوانەوە هەڵوەرینی دەنگەکانی یەکێتی ڕەنگە لەسبەینێدا مەترسیو سەر ئێشەش بۆ حکومەتو باڵادەستی خۆی دروستبکاتو نائارامی بۆ حکومەت بەرهەمبهێنێت کە خۆی خاوەندارێتی لێدەکات. بۆیە پارتی لەوە زیرەکترە کە بیەوێت لەکزبونی یەکێتی لەم قۆناغەدا، ناوچە نفوزەکەی ڕاستەوخۆ بخاتە ژێر قەڵەمڕەوی حوکمی خۆیەوە، چونکە دڵنیایە لەوەی ناتوانێت بەڕێوەیبەرێت، بۆیە دوو ئەرکی بۆ پێش ئەو قۆناغە خستۆتە بەرنامەی کاری خۆیەوە:

یەکەم: "کە دەمێکە دەستیپێکردوە"، ئەویش بەهێزکردنی پێگەی خۆیەتی لەناو یەکێتی، ئەمەش لەڕێگەی ئەوەی پێگەی حکومیو حزبی ئەوکەسانە بەهێزبکات کە بەپرۆپارتی ناسراون، تا لەم ڕێگەیەوە ئیرادەی حزبیان بشکێنێت تاڕادەی ئەوەی بەپاشکۆی پارتی ناوزەند بکرێت.

دوەم: دەستبردن بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستانەی کە مقەوەماتی یەکێتی لەحزبێکی گشتیو گەورەوە دەگۆڕێت بۆ پارتێکی لۆکاڵی ناوچەیی، بۆیە لەدوای تاڵەبانی بەردەوام پارتی پێداگریکردوە لەسەرئەوەی، سەرۆك کۆمار بەویستی ئەو دابنرێتو پارێزگای کەرکوکیش لەبندەستی خۆی بێت، لەقۆناغی یەکەم سەرکەوتوو بوو، بەڵام لەقۆناغی دوەم ئیرادەی یەکێتی شکستی پێهێنا.

دیارە پارتی و یەکێتی لەهەرێم بەحوکمڕانیەکی لاسەنگ هاوبەشو شەریکی یەکن، پێداگریی پارتی بۆ وەرگرتنەوەی ئەو پۆستانە کە پێشتر لای یەکێتی بون، لاسەنگییەکە زیاتر دەکاتو ئەمەش دوو ئەنجامی لێدەکەوێتەوە، یان ئەوەتا سەرکردایەتی یەکێتی ملدەدات بەخواستی پارتیو ئەو حزبە لەئامانجەکەی نزیکتر دەکاتەوە، یان بەپێچەوانەوە شەراکەتو ڕێکەوتنی لەگەڵ پارتی لەهەرێمو بەغدا دەکاتە یەك پاکێجو ئیستێك بەپارتی دەکاتو ئەمەش دەکاتە سەرەتایەك بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو لاسەنگییەی لەزمانی سەرکردەکانی خۆیانەوە بەردەوام دەبیسترێت، چونکە لەکۆتایدا تا بەم لۆژیکەی ئێستا حوکمڕانی بکرێت، ئەوان کۆڵەکەی ڕاگرتنی یەکترن لەحوکمڕانیو پارتی ناتوانێت بەبێ یەکێتی خاوەنی باڵادەستیو حکومەتێك لەچەشنی ئێستا بێت.

## پارتی حیزبی خەڵکی ناوشیار

لەکاتێکدا حیزبێك خاڵی بێت لە ستراتیژی نیشتمانی و نەتەوەیی و مێژووی سیاسی پڕ بێت لە خیانەت وزوڵم و ستەمکاری بەرامبەر بە میللەتەکەی خۆی دەبێت چاوەڕی ی چ دەسکەوتێك و چ خێرو خۆشیەکی لێ بکرێت بۆ جەماوەری کوردستان . پارتی ئەو حیزبەیە کە هەردەم سودی لە دواکەوتووی و ناهوشیاری کۆمەڵگای کوردی بینیوە وهەردەم لانکێکی گەرم و گوڕ بووە بۆ مرۆڤە خینەتکاروگەمژەکانی کۆمەڵگای کوردی .

ناگەڕێمەوە بۆ مێژووی دروست بوونی ئەو حیزبە بەڵکو تەنها لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ وە دەست پێدەکەم.

ساڵی ١٩٩١ لە ئۆردوگاکانی ئێران بووین دەنگۆی هێرشی هاوپەیمانەکان هەبوو بۆ سەر عێراق ئەو کات یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەوتە جموجۆڵ ودەستە دەستە پێشمەرگەکانی لەئۆردوگاکانی ئێرانەوە بەرەو قاسمە ڕەش دەبردوو مانۆڕی پێ دەکردن ، لەلایەکی تریشەوە لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانیەوە لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان پەیامی دەنارد بۆ جاش و موستەشارەکان کەوا لەکاتی ڕوودانی هەر هێرشێك بۆ سەر عێراق ئەوان هەڵوێستی نیشتمانی خۆیان بنوێنن و ڕووبەڕووی پێشمەرگەو جەماوەر نەبنەوە ئەم ووتانەی من ڕاستیەکی مێژووییەن و زۆربەی خەڵکی کوردستان لێ ی ئاگادارە بەتایبەتی خەڵکی ئاوارەی ئوردوگاکان. کەچی لەم لایشەوە پێشمەرگەو ئەندامانی پارتی گاڵتەیان بە یەکێتی و ڕێکخستنەکانی دەکرد کە گوایا جەماوەر هەڵدەخەڵەتێنن وهەرگیز هێرش بۆ سەر عێراق ڕوونادات بەرپرسەکانی پارتی بەجۆرێك لە کەرەج و تاران بنیان داکوتابوو هەر هەموویان خەریکی بزنس بوون و بازرگانیان دەکرد بۆیە هەرگیز خۆش حاڵ نەبوون کە لێ یان تێك بچێت و

بگەڕێنەوە کوردستان بەڵگەشم بۆ قسەکانم ئەوەیە کەڕاپەڕینیش کرابوو مەسعود بارازانی نەیدەوێرا بگەڕێتەوە بۆ کوردستان تاکو تاڵەبانی چوو بەدوایداو بەزۆر هێنایەوە.

لە دوای ڕاپەرین موستەشارەکان و جاشەکانیان چیان لێ هات.

هەموو خەڵکی کوردستان دەزانن کەوا موستەشارو چەکدارەکانیان وەهەروەها زۆربەی میلیشیەچەکدارەکانی ڕژێمی سەدام کە دەستێکی باڵایان هەبوو لە کارەساتی ئەنفال و قات و قڕ کردنی خەڵکی کوردستان هەرهەمویان چونە ناو هەردوو حیزبی یەکێتی و پارتیەروە بە ڕێژەی لە ٢٠% بۆ ناو یەکێتی لە ٨٠% یشیان بۆ ناو پارتی . ڕاستە ئەم جاش و موستەشارانە هەرهەمویان خەڵکی خراپ نەبوون بەڵکو بارودۆخی شەڕی ئێران و عێراق ئەو هەلەی بۆ ڕەخساندبوون بەلام زۆرینەیان خەڵکانی خراپ و خیانەتکارودژ بە شۆڕشی میللەتی کوردبوون. پارتی بێ لێکدانەوەو بێ هیچ دوودڵیەك بوە داڵدەدەرو لانکی ئەو هەموو پیاو خراپ و تاوانبارانە کە دەیانی وەکو(تەحسین شاوەیس و قالە فەرەج و حەمەخانی حاجی داراوقاسم ئاغای کۆیە عەباسی باڵوڵ ئاغای) تێدابوو کەدەستیان سوربوو بە خوێنی سەدان هاوڵاتی کورد.
خانەوادەی شەهیدان و ئەنفلکراوەکان چەندین جار داوای دادگایی کردنی ئەو موستەشارانەیان کردووە کە بە ئاشکراو بەبەرچاوی جەماوەری کوردستانەوە بەشداری کارەساتی ئەنفالیان کردووە کەچی پارتی گوێ بۆ داواکاریەکانیان ناگرێت و بە پێچەوانەوە دەیان پۆستی بەرزی سەربازی و ئیداری بەوانە بەخشیوەومانگانە جگە لە موچەی خەیاڵی دیواخانانەو پیاوماقوڵانەشی بۆ بڕیونەتەوە.

## ئەی گەمژەکانی کۆمەڵگا لە کوێن:

ڕۆڵی گەمژەکانی کۆمەڵگا کەمتر نیە لە ڕۆڵی جاش و موستەشارەکانی سەردەمی ڕژێم چونکە لەسەردەمی ئارامیداو لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا دەنگی گەمژەکان چارەنووسی سیاسی کۆمەڵگا دیاری دەکات دەنگی گەمژەکان بڕیار دەدات کێ دەبێتە خاوەنی بڕیاری سیاسی بۆ ماوەی خولێکی هەڵبژاردن. کەواتە گەمژەکان کێن و لەژوانگەی کام حیزبی سیاسیدا بارگەو بنەیان هەڵداوە.

مرۆڤی گەمژە ئەو کەسەیە کەخاوەنی ئیرادەی خۆی نیە. مرۆڤی گەمژە ئەو کەسەیە کە پاشکۆی شێخ و پاشکۆی سەرۆك خێڵ و عەشیرەت و پاشکۆی ڕیش سپی و دەم ڕاستەکانە . مرۆڤی گەمژە کەسانێکن دەنگەکانیان دەفرۆشن بە بەتانیەك و مەنجەڵێکی چێشت لێنان یاخود بە موچەیەکی سەد هەزاری یاخود زیاتر. گەمژەکانی کۆمەڵگەی کوردی خەڵکانێکن کە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بە دەسەڵاتێکی ئیلاهی و خوایی دەزانن ودەبێت ئەوان پەیڕەوی بکەن . گەمژەکانی کۆمەڵگە ئەو کەسە هەژارو داماوانەن کە عەرەبانچین و تەماتە فرۆش و میوەفرۆش و کرێکاری ڕەش و ڕوتن کە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا بەرپرسەکانی کۆمیتەو ناوچەی هەردوو حیزب تەنها بە دەعوەتێکی نیوەڕۆی چێشتخانەیەک دەنگەکانیان پێ دەدەن و دوایی بەرەڵایان دەکەن لەگەڵ یەك دونیا ڕێزولێ بوردنم بۆ کەسە ووشیارەکانی ناو ئەو چین و توێژە کە ناوم هێناون و خاوەنی ئیرادەی پۆڵاینی خۆیانن. کۆمەڵگای کوردی لێوان لێوە لە مرۆڤی گەمژە و نەخوێندەواری بێ ئاگا لەمافەکانی خۆی. ئەوەی کە بۆتە هۆی درێژبونەوەی تەمەنی دەسەڵات چەك و جبەخانەو سەرباز و پارە نین بەڵکو بێ دەنگی مرۆڤە گەمژەکانی کۆمەڵگایە. مرۆڤی گەمژە ئاشنا نیە بە مافە سیاسی و ئابوری و

کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکانی خۆی مرۆڤی گەمژە ئەگەرشتێکی بچوك لەمافەکانی خۆی پێ بدرێت یاخود موچەیەکی بچوکی بۆ ببڕێتەوە وا دەزانێت دەسەڵات خێری پێ دەکات چونکە ئاشنا نیە بە مافە سەرەتایەکانی خۆی.درۆ ناکەم ئەگەر بڵێم لە ٩٠% ی مرۆڤە گەمژەکانی کۆمەڵگای کوردی لەلای پارتین. ئەم بۆچونەشم لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنێکی خۆمەوەیە کەلەسەر چین و .توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی دەستم کەوتووە

## :بارزانی بە دەنگی گەمژەکان بوو بە سەرۆکی هەرێم

لە ئەدوەلف هیتلەریان پرسی لەلای تۆ بێ قیمەترین کەس کێ یە؟ لەوەڵامدا ووتی ئەو کەسانەن کە لەداگیرکردنی ووڵاتەکەیاندا هاوکاریان کردم ئەگەر قسەکەی هیتلەر پێوەرو هەڵسەنگاندن بێت بۆ کەسایەتی سەرکردەی سیاسی کەواتە ئەو کەسانەی کە دەنگیان بە مەسعود بارزانی داوە هەرهەمویان گەمژەن چونکە بارزانی بە بەرچاوی کوردو هەموو جیهانەوە چەندین جار هاوکاری لەشکری دوژمنانی کوردی کردووە بۆ سەر ووڵاتەکەی خۆی ئەمە بێجگە لە ٣١ ی ئاب کە خۆی پێش لەشکری بەعس کەوت و لەسەر داوای .خۆی هەولێر پایتەختی کوردستانی پێ داگیر کرد

کەواتە مافی خۆمان نیە ئەگەر بڵێین لە ٧٠% ی خەڵکی کورستان واتە .بەڕێژەی دەنگەکانی بارزانی خەڵکی کوردستان کەسانی گەمژەن

بە پێ ی لێکۆڵینەوەیەکی وورد کە لەسەر بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستانم کردووە دەرئەنجام گەیشتومەتە ئەوقەناعەتەی کە گەورەترین هۆکاری چەقبەستووی بارودۆخی سیاسی کوردستان نەدەسەڵاتەو نە

ئۆپۆزیسیۆن بەڵکو هۆکاری بنەڕەتی و سەرەکی گەمژەیی جەماوەری کوردستانە کە ڕێژەیەکی زۆر بەرز لەجەماوەر بێ ئاگان و خاڵین لەهووشیاری سیاسی ڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتی و خاوەنی ئیرادەی خۆیان نین . ٢٢ ساڵە دەسەڵاتی کوردی کار لەسەر گەمژە کردنی کۆمەڵگا دەکات ٢٢ ساڵە دەسەڵاتی کوردی نەیهێشتووە تاکی کۆمەڵگا خاوەنی ئیرادەی خۆی بێت و ووشیار بێتەوە میللەت ئەو هەموو زوڵم و ستەم و دزی و تاڵانیەی دەسەڵات دەبینێ کەچی پاڵی لێ داوەتەوەو نقەی لێوە نایەت. ئەو هەموو خیانەت و کلك گرێدانەی هەردوو عیزبی دەسەڵاتدار دەبینێت لەگەڵ دووژمنەکانیدا کەچی میللەت هیچ هەڵوێستێکی نیەو خۆی بێ دەنگ کردووە . کەواتە حەقە بڵێین کەوا دەسەڵات بەتایبەتی پارتی بوونەتە لانکی مرۆڤی گەمژەو خیانەتکار.

# یەکێتی و پارتی مایەی ماڵوێرانی

فاشیزم چەمکێکی تیوری و هەڵگری ناوەرۆکێکی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی تایبەتە، فاشیزم تێگەیشتن و ڕوانین و ئایدۆلۆژیای تایبەت دیجوڵێنێت ، کەسایەتی سەرۆک لە ناو فاشیزم دا بەشێکی گرنگ و سەرەکییەو سەرۆک سەرۆکی حیزب و دەوڵەت و کۆمەڵگایە ، هەمیشە نەوەی سەرۆکە فاشیزمەکان خەون بەوە دەبینن کەشوێنی باوکیان بگرنەوە ، خەونی ئایدۆلۆژیای فاشیزم خەونی دروستکردنی جۆرێکی تر لەئینسان و لەکۆمەڵگایە بە پێی ڕوانینی فاشیستی ، هەموو فاشیزمێک خێڵو مێنتەڵییەتی خێڵ پیرۆز دەکات و دەسەڵاتێکی شمولی پێکدەهێنێت ، توونودتیژی سیاسی بەرامبەر بەرهەڵستکاران و دەنگی ناڕازیی و ئۆپۆزسیۆن یەکێکە لە میتۆدەکانی دەسەڵاتی فاشیزم ، خەونێکی تری فاشیزم ئەوەیە کە ئازادی ئینسانەکان ڕیشەکێش بکات و هیچ دەرفەتێک بۆ دەربڕینی ڕەخنە و دیدو ڕوانین و ڕای جیاوازی مرۆڤ نەهێڵێت .

یەکەمین کاری فاشیزم چاودێریکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا و کۆنترۆڵکردنی کایەی سیاسی و ئابوری و بڵاوکردنەوەی ترس و ڕەنگڕێژکردنی ترسە لە ناو کۆمەڵگادا ، توندوتیژی فاشیزم جیاوازە لەتوندوتیژی دیکتاتۆرییەت و ئاکاری تایبەت بەخۆی هەیە ، بینیتۆ ئەمیلکەیر ئاندریا موسۆلینی ( ١٨٨٣- ١٩٤٥) یەکێکە لە گەورە فاشیزمەکانی جیهان ، مۆسۆلۆنی بە چیرۆکێکی پڕ لەتراژیدی لەسێدارە دەدرێت ، واڵتەر ئاودیسۆ لە کتێبی بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت :

چووومە ئەو ژوورەی کە موسۆلینی و خۆشەویستەکەی( کلارا بیتاچی) تێدا دەستبەسەر کرابوون ، بڕیارم دا جارێکی تر عەدالەتی نەتەوەیی بۆ گەلی ئیتالیا بگەڕێنمەوە ، سەرەتا چەکەکەم چروکی کرد و تەقەی نەکرد ، دووەمین چەکیش هەر تەقەی نەکرد ، پاشان تووڕەبووم و چەکی یەکێک لە پاسەوانەکانم هەڵگرت و ڕووم کردە هەردوکیان لەوکاتەدا لەپێشدا مۆسۆلۆنیم کوشت و دواتریش خۆشەویستەکەی ، واڵتەر ئاودیسۆ لە کتێبەکەیدا نوسیویەتی و دەشڵێت ؛ بۆ ئەوەی فاشیزم لە داهاتووی مرۆڤایەتیدا ببێتە پەند لە مەیدانی (لۆریتۆ) لە شاری (میلانۆ) لەنزیک بەنزینخانەی (ئیسیسسۆ) تەرمی (مۆسۆلۆنی و خۆشەویستەکەی بە ناوی کلارا) و دوو وەزیرم سەربەرەو خوار هەڵواسی.

توندوتیژی و جەنگ و ملململانێ و کوشتن و تیرۆر لای فاشیزم پلەو پایەیی بەرزیان هەیە، فیکرو فەلسەفەی هەموو فاشیزمێک ڕەگەزپەرستی و پیرۆزکردنی سەرۆک و خێڵ و بنەماڵەکەیەتی ، زۆرێک لە پاشاو سەرۆک و زەعیمەکانیانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هەرێمی کوردستانیشەوە سەرسام و شوێنکەوتە و لاسایکەرەوەی فاشیزمن ، چۆن بڕۆیش دەڵێ :"فاشیزم زیاترە لە دیکتاتۆری". ئێستا یەکێک لەو مەترسیە گەورانەی دنیای سیاسی ئێمەی تەنیوە دامەزراندنی بنەماکانی ئەو فاشیزمەیە کە بە شێوەیەکی سیستماتیکانە لە ڕێگەی جیاوازەوە لە لایەن پارتی و یەکێتییەوە کاری لەسەر دەکرێت، ڕۆژانە ئەو ڕەفتارە سەرکوتکاریانە دەبینین کە ئاماژەی گرنگن بۆ سەرهەڵدانی عەقڵیەتێکی فاشیخواز بە کڵاوی یەکێتی و پارتی ، فاشیزمی یەکێتی و پارتی هەمیشە لە هەوڵی لێدان و گرتن و کوشتنی خۆپیشاندەران و ڕۆژنامەنووسان و دەنگە ناڕازیەکاندا بووە و لە پراکتیکدا لە هەوڵی ژینگەیەکی پڕ لە ترساندن و تۆقاندنی خەڵک و چاودێریکردنی هاوڵاتیان و ڕێگریکردن لە هەر جوڵە و

خۆپیشاندانێکی جەماوەریی دان ، یەکێتی وەکو پارتی لە غروری پاوانکردنی دەسەڵاتدایە لەپێناو دروستکردنی هەژمونێکی گەورەتر بەسەر هەموو تاکێکی کۆمەڵگادا .

هیچ گومانی تێدا نییە لەهەر گۆشەو سوچێکەوە به ڕوانینێکی فیکری و فەلسەفی خوێندنەوە بۆ ئەم سیستە سیاسییە و هونەری بەڕیوەبردن لە هەرێمی کوردستان بکەیت ، سیستەمەکە بەڕوونی بەرگی فاشییەتی لەبەردایە و دەبێ چاوەڕێی هەموو کردەیەکی فاشییانە بین ، یەکێک لەو کردە فاشییانەی کە فاشیستەکان پەنای بۆ دەبەن بریتی یە لە دروستکرنی فەزاییەکی پڕ لە ترس و تۆقاندن ، شکاندنی شکۆی مرۆڤ و بچوککردنەوەی ئینسان و بێدەنگکردنی کۆمەڵگا ، هەتا پەنا بردن بۆ تیرۆری ئینسان و ئیفلیج کردنی دیموکراسیەت هەموو ئەمانە کردەی فاشیستین ، ئەم خەونە فاشستییە لەسنوری قەڵەمڕەوی پارتی دیموکراتی کوردستاندا کاری بۆ کراوەو کۆمەڵگاش بەو ئاراستەیەدا دەبرێت کە خەونی فاشییەت پێویستی پێیەتی ،هاوکات لەتەنیشت قەڵەمڕەوی پارتیشدا ئەم خەون و حەزو خولیا فاشیزمە گوازراوەتەوە بۆ قەڵەمڕەوی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش ، وردە وردە ئەو تۆزە ئازادییەی کە بەشانازییەوە باس دەکرا سەرکوت دەکرێت و کردەی فاشییانە ئەکتیڤ دەکرێت دژ بە بەهاکانی مرۆڤ و ئازادییی و دەنگە ئازادەکان ، دژ بە خەون و بەها گەورەکانی دیموکراسی ، وردە وردە یەکێتی نوێ چاو لەپارتی دەکات و دەیەوێت بە مرۆڤەکانی ژێر دەسەڵاتەکەی خۆی بڵێت دەتوانم خەون و بەهاکانتان لێوەر بگرمەوە ، شکۆمەندیتان تێک بشکێنم، پیرۆزییەکانیشتان وێران بکەم، ئازادییەکانتان کۆتایی پێ بهێنم ! یەکێتی ئێستا پارتییە چونکە وەک پارتی نەخشە بۆ فاشییەت دادەڕێژێت و لەگەڵ پارتی پێکەوە لە هەوڵی

دامەزراندنی فاشیزمێکدان کە تاکەکانی کۆمەڵگا توانای دەربڕینی ڕاوبۆچوونەکانی خۆیانیان نەبێت و هەموو دەنگێکی ناڕازیی کپ بکەن

# کورد و کودەتا

● کودەتا چیە؟

کودەتا وشەیەکی فەرەنسی یە هاتۆتە ناو زمانەکانی کوردی و فارسی کە بەمانای وەشاندنی گورزی لە ناکاو خیرادآ کە بە هەموو شیوەیەکی بەرنامە بۆ داریژراو بەر هەلستی حوکمەت دەکات بۆ لە ناوبردنی لوتکەی دەسەلات و دام و دەزگاکانی بالا یاخود تاکتیک و فرت و فیلی سیاسی ریکخرا و لایەنیکە کە بەشیوەی نایاسایی و گورزوەشین و کتوپرو بەرنامە بۆ داریژراو لە سەعاتی سفردا دەست بەکارەکانی بە شیوەیەکی کورت و لە پرو ناوەخت وکاریگەرو توندوتیژو بروسکە ئاسا ئەنجامی دەدات بۆروخاندنی رژیم و ریبەرەکەی بەپیچەوانەی شۆرش سەرهەلدەدات ، سەرکەوتنی کودەتاش بەندە بە چالاکە سیاسیەکان کەمبن یاخود دەبآ چالاکە سیاسیەکان زۆرینەیان هاورابن ئەویش بە دوو جۆر دەکرآ یەکەمیان کودەتای سپی کەدوور لەتوندوتیژی کە بەشیوەیەکی زۆرینە ئەنجام دەدرآ و سەرکردەو رابەرانی دەسگیردەکرین و لە دەسەلات دادەمالدرین و دوەمیان بەشیوەیەکی توندو تیژی و سەربازی و خوین رشتنەکە دەبآ زۆرینەی هیزە بنچینەکانی سەربازی دەریای و ئاسمانی و پیادە هاوکاری بن و دەبآ دەست بەجآ سەرۆکی ولات بگرن و یا بیکوژن و لە هەمان کاتیشدا پەیوندیەکانی تلفۆن و ئینتەرنیت و دەزگاکانی راگەیاندن بە بینراو بیستراو نوسراو ببرن و لە ئاسمان و زەوی یەوە بروسکە ئاسا کارەکانیان راپەرینن و دەست بە سەرکۆشکی کۆماری و ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی بریاردان بگرن و لە هەمان کاتیشدا کودەتا دەبآ پشتیوانیەکی ناوخۆی و دەرەکی هەبآ لە رووی مادی و مەعنەوی دا ..

هۆیەکانی کودەتای تورکیا :

لە تورکیادا تاوەکو ئیستا چوار کودەتای سەربازی لە سالەکانی شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکان و نەوەدو حەوتدا رویان داوەو بەلام هیچیان نەیان توانیوە ئازادی و دیموکراسی و ئاشتی و پیکەوەژیان بۆ گەل و نەتەوە جیاوازەکانی تورکیا بهینەدی و تەنانەت نەیان توانیوە خەونی چونە ناو ئەوروپاش مسۆگەربکەن یاخود پەیوەندیەکی باش لەگەل ولاتانی دەرەوەش دروست بکات بەلکو بەپیچەوانەوە هەمیشە خەونی پیاوە نەخۆشەکەی سەردەمی عوسمانی و تاکرەوی دەبینن و بۆیە هەمیشە لە بازنەی داخراوی کودەتاو دکتاتۆری دا دەسورینەوەو هەرچەندە ئەردوغان لە سەرەتادا بەدروشم و کرداری جیاوازو رووپۆش لە ناوخۆو دەرەدا خۆی نمایش کردو ئومیدی گەورەیان لە سەر هەلچنی و زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هینا بەلام بە ماوەیەکی کورت و کە سیبەری دکتاتۆریەتی خۆی بینی پشتی لە ئامانجەکان کرد لەدایەلۆک و پیکەوەژیان دوورکەوتەوەو لە هەمان کاتیشدا کەوتە گیانی معارەزەکانی و لە بری سەقامگیری و ئاشتی پەنای بردە بەر چەک و زیندان و کوشتن و سوتان و لە ناوبردن و لە هەمان کاتیشدا مەترسی بۆ سەر تاکەکانی تورک و بیانیەکانیش سەری هەلداو بەمەش نەوەستا پاریزبەندی لە سەر ئەندام پەرلەمانە نەیارەکانی لابردو لەو لاشەوە بە ئاگرو ئاسن وەلامی داوارەواکانی کوردی باکوری ئەدایەوەو لە هەمان کاتیشدا هەرەشەو گورەشەی لە پارچەکانی باشورو رۆژئاواش دەکردو ئاسمان و خاکەکەی دابەزاندن و بە هیرشی ئاسمانی زەمینی وەلامی دەدانەوەو لە هەمان کاتیشدا خۆی وەکو سەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانی دەبینی و لە هاوشانی ئەوروپاو ئەمریکاو روسیاو لە خۆبای بونەکەی گەیشتبوە لوتکەو لە خۆی گۆرابو هەرەشەی لە زۆر لەولاتان دەکردو لەو لاشەوە بە لیشاو دەرگای پەنابەری دژی ئەوروپا کردەوەو نارەزای ئەورپای

بەرامبەر راست بۆوەو بە کەوتنە خوارەوەی فرۆکەی روسیاش ئەوەندەی کەش گرفتەکانی قول بۆوەو بەم هۆکارەوەش بوە هۆی ئەوەی باری دارای و ئابوری و گەشت وگوزاری بەریژەیەکی بەرچاو دابەزآ و هەرئەمەش وای کرد بژوییەکانی خەلک بەرەو خراپی برواو ئەردوغان رووبەروی شکست بیتەوەو داوای لیبوردن لە ئیسرائیل و روسیا بکاو بچەمیتەوە و لەلایەکی تریشەوە دەیویست سستەمی پەرلەمانی بگۆرآ بۆ سەرۆکایەتی کە ئەمەش پیچەوانەی رابردووی گەلی تورکیا بون و لە هەمان کاتیشدا سوپا مەترسی هەبوو لە سستەمی سەرۆکایەتی و پآ یان وابوو سوپا بەم کارە هەیبەت و شانازی یەکانی رابردووئیستای لە دەست دەچآ کە خۆیان بە بنیاتنەری تورکیای ئەمرۆ دەزانن و ئەمجار ئەردۆغان ویستی فۆرمەلەی دادوەری و دادگاکانی بالا سەرلەنوآ داریژیتەوەو وەلاسای و گەرانەوە بۆ سەردەمی سولتان و کۆشکەکان دەکاو کەخۆی نەدەناسیەوە و وەکو سەرۆک کۆمار بیلایەن نەبوو لەدادوەری و عەدالەتی کۆمەلایەتی دا هەمیشە لە بیری فراوان کردن و تاکرەوی دابوو بەحوکمی ئەوەی زۆرینەی دەنگەکانی هینابوو ئەمەش پیچەوانەی ئەوبەلین و دەستوورو کارنامانەبوو کە پیشوو دابوی بەخەلک و سوپاکەی

## سازان.. یا .. دکتاتۆری و روخان :

تورکیا لە بەردەم دووریانیکە ئایا سازان و بەخۆداچونەوەی دەوآ یا دووبارەکردنەوەی هەلەکانی پیشوو وەگەرانەوە بۆ خالی سفرە .. وە باشتر وایە تورکیا باش لەم پایەمە بومەلەرزەیەو هەژینە تآ بگاو بەکۆی سیاسەتی ناوخۆو دەرەکی دا بچیتەوەو لە کاتیکدا کوردو معارەزەکانی یەک هەلویست بون لەدژی کودەتاو وەدەست بەگفتوگۆو دایەلۆکی ئاشتی بکا لەگەل کوردو ئەم ئاسەوارە خراپەی هەبوە نەیهیلی و زەمینەسازی بکا بۆ یەکتری قبول کردن و واز لە بیری تاکرەوی و سەردەمی عوسمانی بهینی و بەکردار ئاشتی و دیموکراسی

بەر قەرار بکاو پادداشتی کورد بداتەوەو نەک سوپاسی رۆتینی بکا و دەبآ ئەوەش بزانآ کە ئەمریکا تورکیای رزگارکرد پآ وی وت بە قەد بەرەکەی خۆت لاق رابکیشە دەنا هەرکاتآ بمەوآ بە چەند سەعاتیک لە ناوت دەبەم بۆیە باشتر وایە سوود لەم دەرفەتەوەربگریت و بەگەشبینیەوە بە خۆی دابچیتەوە و زەمینەسازی بۆ بیناکردنەوەو نوی کردنەوەو یەکتر قبول کردنی جیاوازی یەکان بخولقینآ دەنا ئەگەر بەپیچەوانەوە هەنگاوبنآ و ئەم سەرکەوتنە بەهی خۆی بزانآ و پەندی لی وەرنەگرآ و ئەوا بیگومان روخان و دارمانی یەکجاری چاوەرآ دەکاو بەدوور نازانرآ هەمان راپەرینی سالی **1991** ی بەسەربآ و ولاتەکەشی توشی دابەشبون و لە ناوچون بچآ و لە هەمان کاتیشدا کەوانەو ئاسەوارەکانی ئەم کودەتایە بەشیوەیەکی ژیرانەو مەنتیق چارەسەر نەکاو برینەکانی بە شیوەیەکی حەکیمانە ساریژ نەکاو ئەوا ولات بەرەو شەری ناوخۆو دووبەرەکی دەبات و ئەمجار لەبری کیشەی کورد کیشەی تورک و کەمەنەتەوەی تریش سەرهەل ئەدەن و دەبآ هەرخەریکی شەرو ئاژاوەی ناوخۆبآ بۆیە پیویستە ئەردوغان هەست بکا جەلدەیەکی دەماغی بەهیزی لی دراوەو پیویستی بە پاریزبەندی بکا لە گشت روویەکەوە خۆئەگەر هەربیتوو سووربآ لە سەر کردارەکانی جارانی بیگومان ئەو جەلدەیە دەیکوژآ ......

**کوردو کودەتا :**

بەداخەوە دەسەلاتی کوردی لە باشوردا هەمیشە بۆخۆی کودەتا دەکا بەسەر خۆی داو پیویستی بەدوژمنی دەرەکی نیەو چونکە خۆی گەورەترین دوژمنی خۆیەتی سەرەرای ئەوەی خاوەنی ولات و سەربەخۆی نیەو ئابوری یەکی زۆرو بۆرو بآ بەرنامەی هەیەو خاوەنی وتاریکی یەکگرتووی بیرو بازوش نیەو ئەوجاریش خۆیان دابەش کردوە بەسەر دەسەلاتی سەفەوی و عوسمانیەکان و هەردوولایان دوژمنەکانیان بەدۆست و دەمراستی خۆیان دەزانن و یەکیکیان

بەناوی دینەوە کودەتا بەگوناهیکی گەورە دەزانآ لە دژی تورکیا و کوردایەتیشت پآ دەفرۆشآ و ئەوەی تریشیان کوردەو خۆی بە پالەوانی رزگارکردنی ئەردۆغان دەزانآ لەم کودەتایەوەو ئەوەی تریشیان خۆی بە پشت وپەنای سەفەوی دەزانآ .. بۆیە پیویستە سەرکردایەتی کورد چیتر لە بازنەی داخراودا نەسوریتەوەو میژوو چەند بارەنەکاتەوەو ناومالی خۆی ریک بخاتەوەو جیاوازی یەکان قبول بکەن و واز لە سرینەوەی یەکتر بهینن چونکە نەک هەر بۆخۆتان بەداگیرکەرەکانی بەغداو تورکیاو ئیران نەتان توانی یەکتری لەناو بەرن بۆیە ئیستا کاتی ئەوە هاتوە پەرەیەکی سپی و نوآ هەلدەنەوەو بنوسنەوەو ئاواتی گەل و شەهیداان بینەدی و چونکە بەداخەوە ئیوە نەک بەرگەی کودەتا ناگرن بەلکو میللەتەکەش لەگەل خۆتاندا لەناو دەبەن بۆیە پیویستە هەنگاو بۆ پیشەوەبنین و نەفرەت لەرابردوەخراپەکان بکەین و وانەی لی وەربگرین وفیربین دەنا میژوو بەزەیی بەکەسدا نایەتەوەو دەبینە شۆرشگیرە دکتاتۆرەکەو میژوو دەتان سریتەوە ... بۆیە پیویستە سەرکردایەتی کورد هەموو هیلکەکان نەخاتە سەبەتەی لایەکەوەو میللەتەکەی خۆی بەسەرچاوەو سوتەمەنی شۆرش بزانآ و .. چونکە تەنها کورد خۆی دۆستی خۆیەتی نەک دوژمنانی

: سیناریۆ و کودەتا

زۆر لە رۆژنامەو کەسایەتیە ناوخۆو بیانیەکان ئەم کودەتایە بە سیناریۆ ناودەبەن و هەرچەندە سیناریۆ لە سیاسەتدا زۆرەو بونی هەیەو چەندین نمونەی جۆراوجۆر هەیە لەم بوارەداو خۆ ئەگەر سیناریۆش بیت ئەوا ئەو چالەی لیآ ی داوە خۆی کەوتۆتە ناوی چونکە ئەوەندەی تر بواری ئابوری داتەپاند و ئاشتی کۆمەلایەتی تاکەکانی کۆمەلگای تورکی تیکداو سەرباری ئەوەش ئەفسەرە بنیاتنەرەکانی دەولەتی تورکیای وەکو ماشینیک دەهارآ و تورکیا بەرەو شەری ناوخۆو ئاژاوەدەچآ و ناتوانآ وەکو جاران هەرەشەو

گورەشەی هەبآ و لە هەمان کاتیشدا پایەی سەربازی چەندین سالەی لەم ولاتە ی روخاندو کە جاران کیشەی کوردی هەبوو ئیستا کیشەیەکی خۆبەخۆی تورکی رووبەروی دەبیتەوە .. سەرکەوتن و ژیرکەوتنی کودەتا ئەنجامی هەردۆرانە چونکە ئەم کودەتایە لە ناخی خۆیاندا سەری هەلداوەو هەرچی لەگەلی بکەن پارچەیەک لە جەستەی خۆیان دەبرن و ویران دەکەن و ئەگەر بروانینە 4 کودەتایەکانی پیشوو زیانی گیانی و مادی و مەعنەوی و ئابوری و سەربازی بەدواوە نەبوەو ولات نەشلەژاوەو تەنها چەند کەسیکی کەم لابران بەلام ئەوەی ئیستا هەموو خەسلەتەکانی کۆمەلگای تیکداوە لە بواری ئابوری و سیاسی و ئاسایش و سەربازی و دارای و گەشتوگوزارو ... بۆیە ئەنجامی ئەو کودەتایە لە کۆتایدا بەرەو شەریکی ناوخۆی بآ کۆتا دەروات ئەگەر کاردانەوەکانی ئەردۆغان بەم شیوەی ئیستا بآ بەلام کە بەپیچەوانەوە بآ تورکیا ئاشتی کۆمەلایەتی و دادوەری و عەدالەتی کۆمەلایەتی و دیموکراسی دابین بکاو لیبوردنی گشتی لە بواری سەربازی دا رابگەینآ و مافەکانی کورد دەستەبەر بکاو بە سیاسەتەکانی ئیستاو رابردووی دابچیتەوە بیگومان سەرکەوتو دەبآ ...

دەوڵەتی خۆیدا بێت . شۆڕشی گەلانی داگیر کراو بۆ ڕزگاری نیشتیمانیە و دەرچوونە لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی داگیر کار و دروستکردنی قەوارەیەکی نیشتیمانی سەربەخۆیە ، ئەم شۆرشانە لە جیهاندا بە شۆرشە ڕزگاریخوازەکان ناودەبرین ، سەر کەوتنی شۆرشە ڕزگاری خوازییەکان مەرج نیە هەمیشە ئازادی سیاسی و ئازادی تاك و ویژدانی بە دوای خۆیدا هێنابێت هەندێك جار هەروەك ( ساتۆریان ) دەڵێت:

ئەم شۆرشانە نەوەکانی خۆی دەخوات و لە ناویان دەبات ، پاڵەوانەکانی شۆرشی ڕزگاریخوازی چەندێك دەتوانێ و شەرعیەتی لە ناو بردنی دوژمنیان هەبێت ئەوەندەش شەرعیەتی لە ناو بردنی نەوەکانی خۆی هەیە بەو بیانوەی کە خۆیان بڕوایان پێیەتی ، شەرعیەتی شۆڕشگێری دەستی شۆڕشگێرەکان کراوە دەکات و دەسەڵاتیان ئازاد دەکات لە مامەڵە کردن لەگەڵ دەسەڵاتەکانیدا و چۆنیان بوێت بەو چەشنە هەڵسوکەوت دەکەن لەگەڵ خەڵك و سامانی ووڵات ، چۆنیش میزاجیمان کار بکات بەو چەشنە سیاسەت و ئایدۆلۆژیایی ووڵات دادەمەزرێنن وهەر کاتێکیش ویستیان یی سانسۆر دەیگورن و هەمیشە شەرعیتەکەیان باڵا و موقەدەسە و ناکرێت گفتوگۆی لەسەر بکرێت .

بۆیە هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەت لە قۆناغی دوای شۆڕشە ڕزگاریخوازەکان ، مەبەستمان ( دەسەڵاتی یاسادان و جێبەجێکردن و دادوەری ) هیچ نین بێجگە لە کۆمەڵێ فەرمانبەری گوێڕایەڵی ئەو حیزبە سیاسیانەی کە شۆڕشی ڕزگاریخوازیان بەرپاکردووە . بەزۆری لەم شۆڕشانەدا کارەکتەرێکی کاریزمی دەردەکەوێت ، کە دەکرێت بە خاوەنی چارەسەرە خەیاڵیەکان و هەموو ئومێدەکانی ووڵاتی لەسەر هەڵدەچنێ ، ئەو حیزبە سیاسیەش نوێنەرایەتی شورشگێرەکان دەکات کار لە سەر قوڵکردنەوەی

سەرکردەی کاریزمی دەکات بون وبەردەوامی حیزب وشۆرش دەبەستێتەوە بەو سەرکردەکاریزمەوە هەروەك چۆن ( میکا فیللی )دەڵێ : بۆ ئەوەی کۆمارێکی نوێ بێتە دی یان بۆ ئەوەی دامەزراوە کۆنەکان کۆمارێك بێت بەردەوام چاکسازی و گۆڕانی تیادا بکرێت ، پێویستە ئەمە ئەرکی تاکەکەسێك بێت . میکافیللی پێی وایە هەروەك چۆن نووسینی کتێبێك یان دروستکردنی تەلارێك بۆئەوەی ناوازەبێت دەبێت لە لایەن تاکە دانەرێکەوە دانرابێت یان تاکە تەلارسازێکەوە بونیات نرابێت ، هەر بەو چەشنە دەبێت دەوڵەتیش دروست بکرێت .

کەسی شۆڕشگێڕ پاڵەوانە ، پاڵەوانیش شەرعیەت لە هێزە فیزیکیەکەی خۆیەوە وەردەگرێت ، ئەو هێزی فیزیکی خۆی لە قۆناغی شۆڕشدا خەرج کردووە بۆ ڕزگاری گەلەکەی و قۆناغێکی تێپەڕاند کە بە قۆناغی ڕزگاریخوازی نیشتمانی ناو دێر دەکرێت، لە دوای ئەم قۆناغە هێزە فیزیکیەی کەسی شۆرشگێڕ دەگۆڕێت بۆ هێزێکی مەعنەوی ، بۆ هێزێك کە هەموو کەس نیەتی ، هێزێك کە بەخشیویەتی بە هەموو تاکەکانی کۆمەڵ ، بە کۆمەڵگا بە گشتی ، ئەم هێزە لە هێزێکی فیزیکیەوە دەگۆرێت بۆ هێزێکی مەعنەوی کە شەرعیەتی شۆڕشگێریە ودواتر ئەم ئەم شەرعیەتە بەرجەستە دەکریت لە دەستور وباقی یاساکانیتری وڵاتدا وشەرعیەتی یاسایی وەردەگرێت ، ودەبێت بەئیمتیازیك نەك تەنها کەسی شورشگێر ِ لێی بەهرەمەند دەبێت بەڵکو بە میراتی شۆڕ دەبێتەوە بۆ نەوەکانیشی، گۆڕانی ئەم هێزە لە هێزێکی فیزیکیەوە بۆ هێزێکی مەعنەوی کە شەرعیەتی شۆڕشگێریە مەترسیدارترین گۆڕانی دوای شۆڕشە ، چونکە ئەم شەرعیەتە هەموو شەرعیەتەکانی تر دەکات بە پاشکۆی شەرعیەتە شۆڕشگێریەکە ، شەرعیەتی دەنگی میللەت ، شەرعیەتی هەڵبژاردن ... هتد .واتە هەموو شەرعیەتەکانی تر دەبێت لە خوار شەرعیەتی شۆڕشگێرریەوە

بێت ، کاتێك شەرعیەتێك دەنگ و ڕەنگی هەیە کەوابەستە و لە خزمەتی شەرعیەتی یەکەمدا بێت، هەموو بەرژەوەندیەکانی وولات و کۆمەڵگا دەبەسرێتەوە بە شەرعیەتی یەکەمە وە کە شەرعیەتی شۆڕشگێریە ، لاواز بوونی شەرعیەتی یەکەم و سەردەرهێنانی شەرعیەتی پاشکۆ کە شەرعیەتی میللەتە مەترسیەکان دەهێنێتە ئاراوە و بەقسەی شۆڕشگێرەکان ئەو کاتە کۆمەڵگا لە لێواری مەترسیەکی گەورەدایە .

ئەم شەرعیەتە دەسەڵاتی ڕەها دروست دەکات بۆیە لە زۆربەی ئەو وولاتانەی کە شۆڕشی ڕزگاریخوازی تیادا کراوە دەسەڵاتێکی شمولی تۆتالیتاری هێنایە ئاراوە و پێویستی بە شۆڕشێکی تر کردووە بۆ ئەوەی دەسەڵات لە دەستی دەستە بژێرێك دەربهێنرێت و بگەرێتەوە بۆ میللەتەکەی توکفێل دەڵێت : هەمیشە لە شۆڕشدا بیری ئازادی ڕێگای خۆشکردووە بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش بەڵام لەم شۆڕشانەدا یەکەم شت کە ئاوا ئەبێت ( ئازادیە ). سەبارەت بەم شۆڕشانە ( عەلی حەرب ) دەڵێت : شۆڕش تواناکان دەخنکێنێ و ئازادییەکان زەوت دەکات ، بە ئەندازەی ئەوەی دەستڕێژی دەکاتە سەر دروشمەکانی خۆی و نەوەکانی خۆی لە ناو دەبات . عەلی حەرب پێ ی وایە یەکێك لە ئیشکالەکانی شۆڕشگێرەکان ئەوەیە بە ناوی جەماوەرەوە قسە دەکەن وبەناوی جەماوەریشەوە سەرکوتی ئازادیەکان دەکەن ، وجیاوازیەکان دەسڕنەوەو وزیندانەکان ئاوەداندەکەنەوە جەنگەکان هەڵدەگیرسێنن و خەڵکیش دەکەن بە سوتەمەنی ، عەلی حەرب جیاوازی دەکات لە نێوان میللەت و جەماوەر و دەڵێ ( میللەت بەهۆی فرە ڕەنگی و زیندوێتیەوە دەوڵەمەند و بەهێزە ، بەڵام جەماوەر بەهۆی تاکەکانیەوە کە کۆپی یەکترن هەژار و بۆشە ، میللەت لە تاکە گەلێکی کارای سەربەخۆی خاوەن ئەمکی خۆیان پێکدێت ، کە چی جەماوەر تۆپەڵێکی کوێری بێ ئەقڵە کە چاوەروانی سەرکردەکەی دەکات لە بری ئەو بیر

بکاتەوە ، میللەت داهێنان ئەنجام دەدات و ژیواری خۆی دروست دەکات ، کەچی جەماوەر خودێك نیە ، بەڵکو کەرەستەیەکە بۆ ستەمکاری و ئامێریکە بۆ وێرانکاری ، میللەت دژی ستەمکاری ڕادەپەڕێت ، کەچی جەماوەر سەرکردەکانی خۆی دەپەرستێ ، و ئەوانە بە خوا دەکات کە شڕیدەکەن و بەرەو لەناو چوونی دەبەن ). نوسەرێکی تری عەرەب ( أنسی الحاج ) پێیوایە ناشیرینترین ووشە لە عەرەبیدا ووشەی جەماوەرە ؛ چونکە شوڕشگێرەکان بە ناوی جەماوەر قسەیان دەکرد و خۆیان بە نوینەری ئەوان دادەنا و هەربەناوی جەماوەریشەوە سەرکوتی ئازادییەکانیان دەکرد و ڕێگایان لە هەر ڕاپسکانێ دەگرت بەرەوە بونیادنانی دەسەڵاتێك کە تیایدا کەرامەتی مرۆڤ پارێزراوبێت . هانا ئارنێت پێی وایە ئیمپراتۆریەتی رۆمانی بەهۆی فاکتەرەئایینیەکەیەوە بەردەوام بوو، بەهەمان شێوە دواکەوتنی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان لە جیهانی ئیسلامیدا دەگەرایەوە بۆ ئەو هەستە ئاینیەی کە تاکی مسوڵمان لە ژێر کاریگەری ئایینیدایە ،کە پێیوایە شۆڕش و دەرچون لە ژێر دەسەڵاتی حاکمی موسڵمان کە دەبێتە هۆی هەڵگیرساندنی فیتنە. شەرعیەتی شۆڕشگێریش هەمان کاریگەری هەیەکاتیك نزیك دەبێتەوە لەو بڕوا ئاینیەی کە پێیوایە دروست نیە دەرچوون و ڕاپەڕین دژ بە شۆڕشگێرکان ؛ بەڵام ئەم قەناعەتە تا ئەبەد نیە ، بەڵکو لە قۆناغێکدا نەوەیەك ئاشنا بە شۆڕشی دروست دەبێت بۆ پاراستنی ئازادی و بەرژەوەندیەکانی هەموو شەرعیەتەکان دەخاتە لاوە و ئامادەیە هەموویان ڕامالێ ، ئەگەر سوریش بزانێ بەدوای کارەکانیدا فیتنە و فەوزاش دەخوڵقێ و ئەوکاتە فەوزایەکی خەللاق لە کویلەیەتیەکی سیاسی لا باشترە شۆڕشی نەوەی دوای شۆڕشی ڕزگاریخوازی شۆڕشی ڕاستەقینەی بەدەستهێنانی ئازادیە و چەسپاندنی چەمکی هاوڵاتیبونە ، چونکە ئەو ووڵاتانەی لە ڕێگای شۆڕشی ڕزگاریخوازیەوە سەروەری نیشتمانیان بەدەست هێناوە نەیانتوانیوە ئازادییەکان

بەرقەرار بکەن بۆیە ( هانا ئارنێت ) دەڵێ : بەداخەوە ئێمە دەزانین دەنگی ئازادی باشترە لەو وولاتانەی کە شۆڕشی تیادا هەڵنەگیرساوە ، و هانا ئارنێت پێ ی وایە ئازادیە مەدەنیەکان لەو وولاتانە باشترە کە شۆڕش تیایدا شکستی هێناوە لەو وولاتانەی تر کە شۆڕش تیایدا سەرکەتوو بووە ، لێرەوە ئەو ناتەواویەی لە تیۆرەکەی مارکسدا دەردەکەوێت ، لە کاتێکدا مارکس یەکێکە لە گەورەترین تیۆریسە گەورەکانی شۆڕش ؛ چونکە مارکس ئەوەندەی گرنگی داوە بە مێژوو ئەوەندە گرنگی نەداوە بە سیاسەت ، بۆیە مارکس گرنگی نەداوە بە نیازە ڕاستەقینەکانی شۆرشگێڕەکان ، و بنەماکانی ئازادی کە دەبێت شۆڕشگێڕەکان دوای شۆڕش بونیادی بنێن لە کۆمەڵگاکان خۆیاندا و زیاتر گرنگی دەدا بە ڕەوتی بابەتی ڕووداوە شۆڕشگێڕیەکان ، بێگومان بەشێکی زۆری شۆرشەکانی جیهانی سێ لە ژێر کاریگەری تێزی مارکسدا بووە و خاڵی گرنگی تێزی مارکسزیم ئەنجامدانی شۆڕش و لە ڕەگەوە هەڵتەکانی سیستەمەکانی پێش خۆیانە ، بۆیە هیچ گرنگیەك نەدراوە بە ئازادیەکانی مرۆڤ و مرۆڤ خراوەتە نێو کۆمەڵی قۆناغبەندی مێژووی و دەرچوون لەو حەتمیەتە مێژوویەی مارکسە مەحاڵە . لێرەوە دەردەکەوێت مەرج نیە هەمیشە ڕزگاری نیشتمانی ڕێگایەك بێت بۆ ئازادی ، گواستنەوەی دەسەڵات لە کۆمەڵێ کەسەوە بۆ کۆمەڵێ کەسی تر ، هیچ کاتێك ئەو ئامانجە مرۆییە نیە کە ببێتە مایەی بەدیهێنانی ئازادیەکانی ، توند و تیژی تاکە شەقڵێ نیە کە شۆڕشی پێ بناسین ، بەڵکو گۆڕان شەقڵی ڕاستەقینەی شۆڕشە ، هیچ کاتێك ئێمە ناتوانین قسە لەسەر شۆڕش بکەین ئەگەر نەیتوانی بێت گۆڕان و سەرەتایەکی نوێ بەدی نەهێنابێ.

بێجگە لە شۆڕشە ڕزگاریخوازیەکان دوو شۆڕشی گەورەو گرنگیشمان لە مێژوودا هەیە کە کاریگەریەکانی لە سەر ئاستی ناوخۆیی ئەو وولاتە و لە سەر ئاستی جیهانی بەردەوامە ، ئەویش ( شۆڕشی فەرەنسی و شۆڕشی

ئەمریکی ) ئەم دوو شۆڕشە ئەگەر چی لە قۆناغێکی مێژوویدا کارەساتیان خوڵقاند بەو خوێنڕشتنە گەورەیەی کە دروستیان کرد لە وڵاتەکەیاندا دواتر بوون بە وڵاتێکی کۆلۆنیایی وەك فەرەنسا ، بەڵام فەرەنسالەقوناغیکیتردا گەڕایەوە بۆ سەرەتاکانی شۆڕش و چەسپاندنی چەمك و پرنسپەکانی شۆڕش ، کە کاریگەریەکانی لەسەر ئاستی جیهاندا بەرچاوە و مێژوویەکی جیهانی تۆمارکرد بەڵام شۆڕشی ئەمریکی ئەگەرچی شۆڕشیکی گەروە بوو ، بەڵام کاریگەریەکی لۆکاڵی بوو یان نەدەگەیشتە ئەو ئاستە گەردونیەی کە شۆڕشی فەرەنسی پێی گەیشت . هەر لەبارەی قسە کردن لەسەر شۆڕشی فەەرنسی ( هانا ئارنێت ) لە کتێبە نایابەکەی ( لەبارەی شۆڕشەوە) دەگەیڕێتەوە بۆ زاراوەی شۆڕش ، کە دەکرێت سودی لێ ببینین لە راڤەکردنی شۆرشەکانی بەهاری عەرەب وهانا ئارنێت پێیوایە ووشەی (شۆڕش) زاراوەیەکی ) گەردونناسیە و بەهۆی کۆپەرنیکۆسەوە گرنگی زیاتری پەیدا کرد لە کتێبی کە بەمانای جوڵەیەکی ئاسایی بازنەییی ( Dervolution bus orbius ئەستێرەکان دێت ، کە ئەو جوڵەیەش بەری پێناگیرێ و ناکەوێتە ژێر کاریگەری مرۆڤەوە . پاشان دەڵێت ئەگەر ئەو ووشەیە بەکاربهێنن بۆ کاروباری مرۆیی لەسەر زەوی ، ئەوا بەمانی گۆڕانی بەردەوامی شێوازی حکومەتەکان دێت لە نێو مرۆڤەکاندا ، ئەم گۆڕانەش بەردەوام و چەند بارەو ئەزەلیە و هێزێکی ناوەکیش دەیجوڵێنی ،کە بەری پێناگری ، هەروەك چۆن جوڵەی ئەستێرەکان لە ڕاکێشگەکانی خۆیاندالە ئاسماندا ڕێگایان لیناگیرێ . بۆئەم بەکارهێنانە مرۆییەی زاراوەی شۆڕش و دەرهێنانی لە فەرهەنگی زانستی گەردونناسیەوە بۆ نێو فەرهەنگی سیاسی ( هانا ئارنێت ) نموونەیەکی شۆڕشی فەرەنسی دەهێنێتەوە دەڵێ : لە شەوی چواردەی تەموزی **1789** لە پاریس کاتێك لویسی شانزە لە نێردراوەکەی ( لیانکورت) کەوتنی باستیلی و ڕزگاربوونی زیندانیەکانی ناوی

بیست ، پاشان یاخیبونی هێزە پاشایەتیەکان پێش دەستپێکردنی شاڵاوی خەڵك ، دەڵێن پاشا هاواری کردووە وتوویەتی کەواتە ئەمە یاخیبوونە ، بەڵام نێردراوەکەی ( لیانکورت ) وەڵامیدەداتەوەو دەڵێ : ( نەخێر خاوەن شکۆ ئەوە شۆڕشە ) ، کاتێك پاشا بە شکاندنی زیندانی باستیل دەڵێ (ئەمەیاخیبوونە) مەبەستی ئەوەیە پاشا دەسەڵاتی ئەوەی هەیە ئەوەندەش لە توانایدایە ڕووبەرووی ئەو پیلانە یاخیبونە ببێتەوە و دەسەڵاتەکانی خۆی بچەسپێنێ وکۆتایی بە یاخیبونەکە بهێنێت، بەڵام کاتێك ( لیانکورت ) وەڵامی داتەوە ، وەڵامەکەی بەو مانایە دێت کە حاڵەتە شۆڕشە و لە دەسەڵاتی پاشا دا نیە بەری لێبگرێ ، ئەم چەمکی شۆڕشە لێرەدا دەمانگرێتەوە بۆ چەمکی میللەت . کاتێك کە ( عەلی حەرب ) باسی دەکات و جیاوازی دەکات لە نێوان میللەت و جەماوەر ، کە بە پێ ی تێڕوانینی عەلی حەرب میللەت وەك شەپۆلەکانی ئۆقیانوسێك وایە لەکاتی توڕەبووندا هەڵدەکات و هیچ شتێك لەبەردەمیدا ناتوانێت خۆی بگرێت و لەگەڵ خۆیدا ستەم و کوێرەوەری و ئازارەکانی ڕادەماڵێ .

کەواتە ساتە وەختێك هەیە کە تورەیی میللەت دەبێت بە شەپۆلی زەریاکان و هەڵدەکات و دەسەڵاتدارانی ستەمکارڕادەماڵێ ، ئەو ساتە وەختە ئەگەر چی درەنگ وەختێکیش بێتە پێش ، بەڵام دەرەنجامی زنجیرەیەك لەپەیمان شکاندنی دەسەڵاتە کاتێك داویەتی بە میللەت و پاشان لێی پەشیمان بوەتەوەە ، هانا ئارنێت پێ ی وایە توند و تیژی شۆرشی فەرەنسی کاردانەوەی ئەو زنجیرە سوێند شکاندنەی لویسی شانزە بوو ، کاتێك پاشا هەستی مەترسیەکانی تورَەبونی خەڵك دەکرد هەموو بەڵین پەیمانێك دەدات بۆ چاکسازی بەڵام کاتێك مەترسیەکان کەمدەبونەوە و هەستی بە ئارامش دەرکرد لەو بەڵێن و پەیمانانە پەشیمان دەبویەوە ، سروشتی دەسەڵاتدارانی نا دیموکراس وایە هەمیشە بەڵێن و پەیمانەکانی کاتیە و بۆ مانەوەی خۆیەتی . چاکسازیە ڕوکەشەکان بۆ

بەردەوامی ژیانی سیاسی و ئابوری خۆیەتی ، چونکە بە ئەنجامدانی چاکسازیەکی ڕاستەقینە بە کۆتای دەسەڵاتداریێتی خۆی دەزانێ ، هەمیشەش بەڵێنەکان بۆ چاکسازی ئەوەندەی دەچێتە بواری جێ بەجێکردنەوە چاو بەستی خەڵکی پێ بکات ، تا ئەو ڕادەیەی درێژەی دەبێ نەگاتە قسە کردن لەسەر ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و کرانەوەی ڕاستەقینە لە بواری سیاسیدا ، بە چەشنێك هاوڵاتی ئاسایی بەشدار بێت لە بڕیاری سیاسیدا . لێرەوە دەگەی نە ئەو دەرئەنجامە هەمیشە شۆڕشگێڕەکان بەو رۆحیتە شۆڕشگێریە پێش گەیشتنیان بە دەسەڵات نە قسە دەکەن و نە هەنگاویش بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتیك دەکەن ، دەسەڵات لە کەسەکانەوە بگوازرێتەوە بۆ دامەزراوەکان و هیچ دەسەڵاتێکیش ناتوانێت ئازادی بەدی بێنێت ، و چەمکی هاوڵاتیبون بچەسپێنێ و گەرەنتی ماف و ئازادیە مەدەنیەکانیش بدات ، ئەگەر ئەو دەسەڵاتە نەکرابێت بە دەسەڵاتێکی دامەزراوەیی و تیایدا هیچ ئیعتیبارێك نەخوێندرێتەوە بێجگە لە مافی هاوڵاتیبون . لە دوای شۆڕشەکانەوە فۆرمێك لە دەسەڵاتی سیاسی ددەامەزرێ پارێزگاری کەرامەتی مرۆڤانەی هاوڵاتیان بکات ، ئەم دەسەڵاتەش بدرێتە دەست نەوەکانی ئاینده و میکانیزمێکیش دیاری بکرێت بە پێ ی دەستور و یاسا بنەڕەتیەکان گەرەنتی پارێزگاریکردن ئەو شێوازە لە حوکمداری بەردەوام بێت ، بە پێ ی دامەزراندنی دەسەڵاتێك کە لە نێوان نەوەکاندا دەستا و دەست بکات و تەنها لە دەستی کەمینەیەك نەمێنێتەوە ، هیچ مانایەك بۆ نیشتمان و نیشتمانپەروەری نامێنێتەوە ، هیچ کاتێکێش هاوڵاتی ئامادە نابێت بۆ گوێگرتن لە دروشم و ئامۆژگاریەکانی شۆڕشگێڕەکان کە باس لە نیشتمان و دڵسۆزی بۆ نیشتمان و پارێزگاری کردنی نیشتمانی و خۆشەویستی نیشتمان دەکات . قسە کردن لە سەرەوەریەکانی شۆڕش بەندە بە ئامادەیی نیشتمان لە ژیانی هاوڵاتیدا،

بەرپرسیاریەتی هاوڵاتی کاتێك دروست دەبێت بەرامبەر نیشتمان کە مافە سیاسی . ومەدەنیەکانی دەستەبەرکرابێت

ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی دوای شۆڕش نەتوانێت ئەم مافانە دەستەبەر بکات و دەوڵەت بە دامەزراوەیی بکات و دەسەڵات کۆ بکاتەوە لە دەست دەستە بژێرێکی سیاسی و شۆڕشگێردار ،وپییوابێت دەسەڵات بە مافێکی میراتی خۆیەتی؛ چونکە بە هێزی بازوی شۆڕشگێری ئەو هاتۆتە دی ، ئەوکاتە دابڕانێکی مەترسیدار لە نێوان میللەت بەمانای ( عەلی حەرب )یە کەی و دەسەڵاتی سیاسی ڕوودەدات و دەسەڵات ناچار دەکات فۆرمی زاڵبونی ئاسایشی بەسەر وولاتدا پیادە بکات و دەزگا ئەمنیەکان ئەوەندە گەورە بکرێن دەوڵەت قوت بدات و کۆمەڵگا بکات بە سەربازگەیەکی گەورە . گەیشتنی دەسەڵات بەم ئاستە لە حوکمداریدا دەستپێکردنی سەرەتای لە ناوچونیەتی پێش ئەوەی میللەت دەستی لێبکاتەوە ,بۆیە توکفیل سەبارەت بە کەوتنی سیستەمی پاشایەتی لە فەرەنسا دەڵێت : سیستەمی پاشایەتی لە ژێر کاریگەری گورزی شۆڕشگێرەکان نەکەوتبوو ، بەڵکو پێش ئەوە کۆتای پێهاتبوو ، بۆیە شۆڕشگێرەکان سەریان سوڕما لەو شکستەی خێرایەی سیستەمی پاشایەتی . دەسەڵاتی سیاسی نا دیموکراتی و شمولی ناوکی شکست و مردنی لە ناخی خۆیاندا هەڵگرتووە و نەرمە شۆڕشەکانی جیهانی عەرەبیش باشترین بەڵگەی کۆتای ئەو شۆڕشگێرە ستەمکارانەبوو ، بۆیە دەبێت دەسەڵاتی سیاسی کوردی خۆی بە جیاواز نەزانێ لەو ڕوداوانەی کە لە دەوروبەری ڕوودەدات ، ئەوەی لەوێ بەرهەم هاتووە دەکرێت لەهەر شوێنێکی تر دروست بێتەوە ئەگەر هەلومەرجەکانی بە فۆرمی جیاوازیش بێتە دی ،چونکە ئەوەی لەو وولاتانە ڕویدا مایەی سەرسوڕمان بوو نەك تەنها بۆ بیرمەندە فیکری و سیاسیەکانیان ، بەلکو بۆ شۆڕشگێرەکانیان مایەی سەرسوڕمان بوو ، هەروەك ڕۆماننوس تونسی ( حبیب سالمی ) دەڵێت :

ڕوناکبیرانی تونس ، کەمن یەکێکم لەوان ، لە ئاستی ئەو ڕووداوە مەزنەدا نەبوون ، تەنانەت شۆڕشەکە بەلای ئۆپۆزسیۆنی سیاسیشەوە کتوپڕ هەناسە بڕکێی بوو بەدوایدا . ئەوەی لە جیهاندا دێتەدی مەرج نیە هەموو مرۆڤایەتی ڕۆلی هەبێت لە بەرهەم هێنانیدا ؛ چونکە هەروەك عەلی حەرب دەڵێت : دەشێت ئەم یان ئەو کولتور و ئاڵاکەی هەڵگرتبێت هەروەك چۆن ئێستا کولتوری نەرمە . شۆڕشەکان دەبێتە مۆدیلی گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی لە جیهاندا

*

## شۆرشگێرەکانی شاخ

کەم نین ئەوفکرە شۆڕشگێڕیانەی کە بە فۆڕمی شاخ، بە ئەقڵی شاخ دەیانەوێ لەناو سەنتەری شارستانییەت حوکمی شار بەئەقڵی شاخ بکەن.
گەر دوێنێ نەوەیەکی شۆرشگێر زەروریەت بوبێت بۆ ڕزگاربون و بەرپاکردنی فکرەی شۆڕشگێڕی. ئەوا ئەمڕۆ شۆڕشێکی فکریو ئاقڵانی لەلایەن نەوەی ئەمڕۆوە زەرورەتێکی حەتمییە. هەمو ئەو تەجروبانەی لەشاخەوە یاخود لە شۆڕشەوە دەگوازرێنەوە بۆ حوکمی دەوڵەتداری و حوکم ڕانییەت. وێنەیەکی ناشیرینی حوکمڕانی دەدەن بەدونیای دیموکراسیەت.

لە پەنجاکانی ڕابردو بەدواوە لە کوبا شۆڕش هەڵدەگیرسێ، بکەرانی شۆڕش دوای تەواوبونی شۆرش حوکم دەگرنە دەست و، لە کۆتای پەنجاکەنەوە تەنیا دوو سەرۆک گۆڕانکاری پێ کراوە. ڤیدل کاسترۆ بۆماوەی **57** ساڵ سەروک کۆماری کوبا بو، دوای خۆشی دەسەڵاتی ڕادەستی کاسترۆی برای کرد. ئەم تەجروبە لە فەنزوێلاش ڕویدا هۆگۆسانچێز تا مردنی سەرۆک کومار بو. کۆریای باکور نمونەیەکی ترە.

لەپاڵیا بکەرانی شۆرشی دوێنێ لەکوردستان تا ئەم چرکە ساتەش باوەشیان بە جومگە ئەساسییەکانی دەسەڵاتدا گرتووە، بە ئاقڵێتی شۆڕش دەیانەوێ نەوەی ئەمڕۆ بخەنە ژێر منەتی سیاسییەوە بەوەی کە چ لەدوێنێ و چ لە ئەمڕۆش ئەمان زەرورەتن. ئەم ئەزمونە ناشیرینانە کە ڕەگ و بناغەی کۆنە، چی لە کۆریا بێ یا لە کوبا یان لە فەنزوێلابێت یا لە سوریا، لە ئێران بێت یا لە کوردستان. ئەم ئاقڵێتە هیچ ڕەهەندو پاساوێکی نییە جگە لەوەی ئەم هێزگەلە شۆڕشگێڕە دەیەوێت یاخود بووە بە هێزێکی عەسکەری تۆتالیتار یادیکتاتۆر.

ماسکی دیموکراسیەت بە قسەو دروشم ناکرێ، سەرکردە سیاسییەکانی کوردستان جیاواز لەو وڵاتانەی باسم کرد لەسەر چەند ئەساسێک شەرعیەت بە مانەوەی دەسەڵاتی خۆیان ئەدەن. ئەویش ئەوەیە کە لەکوردستان شۆرشگێڕی تەواو نەبووە، ئەوە ئێمەین کە دەتوانین لەیەک کاتدا درێژە بە شۆڕش بدەین و حوکمڕانێکی مەدەنی و دیموکراسیش بکەین.

خاڵی یەکەم/ زۆر بێ منەتانە باس دەکرێ لای ئەم هێزە شۆڕشگێڕە زەمەنییە بەوەی لە زەمەنێک یاخود ساڵانێک ئەمانە واقیع بون فاکتەرو دەرەنجامەکانی هەرچۆنێک بێت ئەمان دژی ڕژێم جەنگاون، بۆیە ئەتوانم بڵێم ڕۆژگارێک ئەمانە زەروریەت بوون.

خاڵی دووەم/ کە دەسەڵاتدارانی شۆڕشی دوێنی شەرعیەتی مانەوەی خۆیانی پێ دەدەن دەنگ دانە. هەمیشە ئەم هێزە جگە لەوەی خۆسەپێنە. هەر لەو ڕوانگەیەوە خۆشی سەپاندووە ئەویش ئەوەیە کە خۆی بەزەرور ئەزانێت.

خاڵی سێیەم ئەوەیە/ سندوق و دەنگدانی کردووە بەبنەمای مانەوەی خۆی بەوەی ئەم زۆرینەیە. ڕاستیەک هەیە بەڕای من کە ئەمەیە. نە دەنگدان و سندوقی دەنگدان بنەمایە بۆمانەوەی دەسەڵات نە ئاقڵیەت و فکرەی شۆڕشگێری. دەنگدان پێوەرێکی سست و زەعیفە چونکە هەمومان ئەزانین چەندایەتی و چۆنێتی دەنگدان لێرە چۆنە. کە پڕێتی لە ڕۆتین و تەزویرکردن تیایا. نە شۆڕشگێری و ئاقڵی شۆرش لەمڕۆدا زەرورە.

بەڵێ دوژمنانی کورد هەر ماون، بەڵام دەبێت شێوازی مامەڵەکردنەکان لەگەڵ دوژمنەکانی ئەمڕودا ئاڕاستەیەکی جیاوازو ئاقڵانی وەربگرێت. بەڕای من ئەم شۆڕشگێرە کۆنانە ناتوانن سەرکەوتوانە ئیدامەی ئەمڕۆ بدەن.

یەکەم/ نە توانایان هەیە نە دەشیانەوێ . .......... بۆ؟ چونکە بەشێکیان خۆیان تێکەڵاوی دزی و گەندەڵی سیاسی و نەتەوەین خۆیان دەست لەملانی دوژمنانن.

دووەم/ ئەوەیە بەم ئاقڵیەتە شاخییەوە ناتوانن هیچ هەنگاوێک بەرەو شەفافیەت و بەرەو پێش چون بنێن.

# یەکێتی و پارتی و خیانەت

خیانەتکاران داماڵراون لەبەها مرۆیی و ئەخلاقییەکان، نامۆن بە ووشەی شەرەف و کەرامەت، ئەمانە تەنها بیر لە بەرژەوەندی و قازانجی خۆیان دەکەنەوە، ناشرینترین و قێزەونترین ڕێگا دەگرنەبەر بۆ گەیشتن بەئامانج و مەرامەکانیان.

ئەگەر لەمێژووی پارتی و یەکێتی، وردبینەوە، کە خۆیان بە نوێنەری کوردایەتی دەزانن، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لەزۆر وێستگەدا خیانەتی گەورەی نیشتیمانیان بەرامبەر گەل و نەتەوەکەیان ئەنجامداوە، چەندین شەڕی ناوخۆییان کردووە، هەزاران ڕۆڵەی بێگوناحی کوردیان بەکوشت داوە، هەزاران خانوویان رووخاندووە و سەدان ڕەز و باخی هاوڵاتیانیان سوتاندووە، ئەم دوو هێزە شوێنێك نەماوە بەشەڕی ناوخۆ و هێنانی سوپای ئێران و تورکیا و عیراق وێرانیان نەکردبێت، جگە لەوە دەستی سوپای داگیرکەرانیان واڵا کردووە کە تەسفیەی نەیارانی خۆیان بکەن لەهەرێمدا و خەباتکارانی کوردی پارچەکانی تر شەهید بکەن، ئەمانە خیانەت لەدوای خیانەت پیشەیانە، نەك شۆڕشگێر و قارەمان نین بەڵکو ڕێویەکی ترسنۆکن بەرامبەر شێخ و ئاغا و سوڵتانەکانیان، لەکاتێکدا بەرامبەر گەلەکەیان لەپێستی شێردا خۆیان دەنوێنن.

دەسەڵاتدارانی کورد هەمیشە وەکو شۆرشگێرێکی دڵسۆز و قارەمانێکی بێ وێنە خۆیان پیشانی گەل و نیشتمانەکەیانداوە، بەڵام کاتێك لەمێژووی خەباتیان دەڕوانێت، بۆت دەردەکەوێت ئەمانە سێ بەشی ئەو فیشەکانەی کە لەتفەنگەکانیانەوە هاتۆتە دەرەوە لەجیاتی دوژمن، ناویانە بە سنگی براکانیانەوە، ئەم خائین و خاك فرۆشانە بەردەوام خۆیان بەخزمەتکاری گەل و نیشتمان دەناسێنن و باسی نەزمی نوێی کوردایەتی و کوردبوون دەکەن، لەکاتێکدا هەر کەسێ باسی کوردایەتی بکات، نابێت ئەمان باسی بکەن، چونکە ئەمان لەمێژە کوردایەتیان زیندەبەچاڵ کردووە.

ئەگەر لەخیانەتی (31) ئاب بڕوانین، ئەوە تێبینی ئەوە دەکەین کە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان تەنها لەپێناو مانەوەی حوکمی بنامەڵەکەیدا گەورەترین دوژمنی میللەتەکەی کە حکومەتی بەعس بوو، دەهێنێتە هەولێر بۆ دەرکردنی یەکێتی و قەتڵ و عام کردنی لاوی ئەو شارە و شکاندنی سومعەی کورد و سوککردنی دۆزە ڕەواکەی، ئەم خیانەتە پەڵەیەکی ڕەش و قێزەونە بەنێوچەوانی ئەو بنەماڵەیەوە، چونکە لەپشتەوە خەنجەریان وەشاند لەو شەهیدانەی کە گیانی خۆیان بەخت کرد لەپێناو کوتای هێنان بەحوکمی بەعسی دڕندە لە کوردستان. بەهەمان شێوە لە 16 ئوکتۆبەردا باڵێکی سەربە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان تەنها لەپێناو مانەوەی حوکمی بنامەڵەکەیان لەو شارەدا، حەشدی شەعبی و سوپای عیراقی دەهێننە سەر کەرکوك، بۆ دەرپەڕاندنی پارتی و داگیرکردنی ئەو شارە و دەرکردنی پێشمەرگە، بەمەش پەڵەیەکی ڕەش و قێزەون دەکەنە نێوچەوانی بنەماڵەکەیان.

سەرانی کوردایەتی لەدوای خیانەتی 31 ئاب و 16 ئوکتۆبەرەوە، خەڵکی کوردستانیان کردووە بەکائینێکی بێ دەنگ بەزەبری هێز و تیرۆر و ترس و تۆقاندن و زیندانی کردن و ئەشکەنجەدان لەلایەن شەلاتی و جەلادەکانی هەردوو بنەماڵەوە، بەڵام لەژێر باڵی ئەو بێ دەنگییەدا شەپۆلێکی گەورەی توڕەیی بوونی هەیە، کە پێویستی بە ڕێکخستێکی تۆکمەی نهێنی هەیە، بۆئەوەی لەکات و ساتی خۆیدا بتەقێنرێتەوە و ئەم هەرێمە لەپوش و پەلاشی هەردوو بنەماڵە پاك بکرێنەوە و ژینگەیەکی دیموکراسی ڕاستەقینە بهێنرێتە کایەوە تا مرۆڤەکان لەم بەشەی کوردستان بەسەربەرزی و ئازادییەوە بژین، دڵنیابن ڕۆژێك ئەمە هەر ڕوودەدات خۆتان و بنەماڵەکانتان، سامان و دەسەڵاتتان دەکەونەبەر سزای گەل و نیشتیمان.

## کێن ئەوانەی دژایەتی دەستەڵات دەکەن

, دژایەتیکردنی دەسەلاتی یەکێتی و پارتی لە سەر ئاستی کەسی ، هەر زوو دەستیپیکرد ، لەگەڵ دورستبوونی ئەو دەسەڵاتە خەڵکی هۆشیار بێ پسانەوە دژیان وەستانەوە ، چونکە دەسەلاتیکی دژە خەڵکی و دژە دیموکراسی بوون و بەردەوامیشن لەسەر ئەم ڕێبازە چەپەڵە.
کوردستانپۆست وەک یەکەم کاری ڕێکخراوەیی و میدیای ، تاکە سەکۆیەک بوو کە لەوێوە پیلانەکان و نهێنییەکانی ئەو دەسەلاتەی کەشف دەکرد.

بەڕێوەبەری ئەم ماڵپەرە گرنگە و بوێرە بە هاوڕێیەتی ستافە لە خۆبردووەکەی، زۆر شیلگیرانە وبێ منەتکردن لەسەر کەس ،هەمیشە لە داکۆکیکردن لە مافەکانی خەڵک دان و، بێ پسانەوە یەکێتی وپارتیان ریسوا کردووە و ، لە بەردەم ئازادی و خۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستان لە هەموو بڕگە زەمنییەکاندا ئەوانیان بە ئاستەنگی گەورە داناوە.

زۆر کەس و لایەن ئەو بانگەشەیە دەکەن کە گوایە ئەوان تاکە کەس و کەناڵ بوونە دژی دەسەڵاتی چەپەڵی یەکێتی وپارتی وەستاونەتەوە و بەمە دەیانەوێت راستییەکان چەواشە بکەن و، لە ئەرکی مێژوویی و گرنگی کوردستان پۆست کەم بکەنەوە.

کوردستانپۆست بوو پیرۆزی بنەماڵەی دەسەڵاتداریی ناو پارتی ویەکێتی نەهێشت و وەکو خۆی خستە بەردەم خەڵکی کوردستان کە چەندە لە ئاستیکی ریسواییدان.

لە مێژووی رۆژنامەگەریی ئۆپزسیۆنی راستەقینەدا، کوردستانپۆست ئێستاش لەگەڵدا بێت پێشەنگایەتی دەکات.

لەسەر لێکۆڵەرەوان و توێژەوەرانە ، وەک بابەتێکی گرنگ بە مێژووی کوردستانپۆست دابچنەوە ، لا بکەنەوە لە مێژووی پڕ بوێریی و دۆکمێنتاریی و هەڵوێستی مەردانە و خەمخۆری بۆ خەڵکی کوردستان ، بێ ئەو لاکردنەوە قسەکردن لەسەر رۆژنامەوانی ئۆپەزسیۆن هەر توێژینەوەیەک یا قسەکردنێک ، کەموکوڕییەکی گەورەی تێدەکەویت.

ئەگەر بەچاو خشانیکی خێرا سەیری مێژووی ڕەشی پارتی و یەکێتی بکەین، بەئاسانی تێدەگەین کە لەسەرەتای دروستبوونیانەوە بۆ تەنها ئامانجێکی سەرەکی دروستبوون، ئەویش تێکدانی ناو ماڵی کوردبووەو هەمیشە وەکو قومبەلەیەکی تەوقیتکراوی ژێر ماڵی کورد کڕ کەوتوون، لەهەر دەیەیەکیشدا لانیکەم دوو جار بەڕووی بەرژەوەندییە نەتەوەییە باڵاکانی کورددا تەقیونەتەوە. هەربۆیە یەکێتی و پارتی لەژێر سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی وڵاتانی دووژمنی کورد دروستبوون وەکچۆن یەکێتی لەدیمەشقی پایتەختی سوریای عەڕەبی دروستبوو، کە سوریا یەکێکە لەم وڵاتانەی بەدوژمنی کورد هەژمار دەکرێت و ئامانجی کورتخایەن و درێژخایەنی هەیە بۆ نەهێشتنی کورد، ئاسانترین ڕێگەش ئەوەیە کە ئامانجەکانی بەکوردە ناپاک و خۆفرۆشەکان بپێکێت، ئەوکاتیش لە جەلال تاڵەبانی و برایم ئەحمەد گونجاوتری نەدۆزیەوە، تەبعەن ئەوەی ئەیڵێم بۆ وڵاتانی عێراق و تورکیا و ئێرانیش ڕاستە، ئەوانیش دوژمنی کوردن و بەردەوام هەوڵیان داوە بەدەستی کورد ناوماڵی کورد تێکبدەن. هەروەها پارتیش بەهەمانشێوە لەژێر ئیشڕافی دەزگای هەواڵگری ساواک و شای ئەوکاتی ئێران دامەزراوەو وەکو مەقاش هەرجارەو بەدەستی دەوڵەتێکی دوژمنی کوردەوە

بووه بۆ سەرکوتکردنی کوردی پارچەیەکیتر بۆبەرژەوەندی دەوڵەتێکیتری نەیاری کورد.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵگری پاشناوو دروشمی زۆر گەورەو پر لەناوەرۆکی کوردایەتین، بەڵام لەراستیدا لەسەرەتای دامەزراندنیانەوە هەتاکو راپەرینی ساڵی ١٩٩١ تەنها ئامانجیان ئەوە بوو لەژێر روکەشی شۆرشی نەتەوەیی کوردیدا خزمەت بەوڵاتانی دوژمنی کورد بکەن، دوای ساڵی ١٩٩١یش وەکو دوو دوکانی سیاسیی بۆبازرگانی کردن بەسامانی ژێر زەوی و سەر زەوی کوردستان دەست بەکار بوون و چوونە قۆناغێکیتری خەباتی وێرانکردنی نیشتیمانی کوردستان. ئەم ئامانج و قۆناغەش لەدوای ٢٠٠٣ زۆر تۆختر بویەوەو دوای ئەوکات سامانی ژێر زەوی وەکو نەوت و غازو کانزاکانیتر زیاتر دەرکەوتن و کەوتنە دەستی ئەم دوو حیزبەو ئەتوانم بڵێم بەتەواوی لەدوو حیزبی سیاسیی حوکمرانەوە گۆردران بەدوو کۆمپانیای بازرگانی کردن بەتەواوی سەروەتی نیشتیمانییەوە، وە بەهێزکردنی لایەنی ئابوری بوو بەئەولەویەتیانو تەڵاقی سیاسیی هەمیشەییان دایە تەواوی قەزیە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان.

ئەگەر زیاتر بگەرێینەوە بەمێژوودا دەبینین سەرەتای دروستبوونی یەکێتی بەسەرپەرشتی سوریا بوو وە بۆ ئامانجی لێدانی شۆرشی کوردی ئەوکات دامەزرا، پێشتریش جەلال تاڵەبانی و برایم ئەحمەد ناپاکیان لەشۆرشی کورد کردو لەساڵی ٦٦ تەسلیم بە دەوڵەتی عێراقی دوژمن بونەوەو تارادەیەک شکستیان بەشۆرشی کورد هێنا. ئەگەرچی مەلا مستەفاش دەستی هەبوو لەم خیانەتە، چونکە ئەویش لەپێناو پاوانخوازی دەسەڵاتدا ویستی مام جەلال و برایم ئەحمەد ملکەچی خۆی بکات و کاتێکیش ملکەچ نەبوون، خۆی پاڵی پێوەنان بۆتەسلیم بوون بەحکومەتی بەغداد، وە سەرچاوە مێژوویەکانیش

ئەوەیان سەلماندووە، کە ئەگەر لەژێر دەسەڵاتی مەلا مستەفای بارزاندا مابانەوە ئەوا تیرۆری دەکردن. بۆیە هەم مام جەلال و برایم ئەحمەد خیانەتییان کردو بوون بەجاشی بەغداد هەمیش مەلا مستەفاش خیانەتی کرد.
هەروەها دواتریش یەکێتی و پارتی لە حەفتاکانەوە هەتا ساڵی ٩١ دەیان جار شەڕی ناوخۆو براکوژیان ئەنجامداو هیچ حیزبێکی کوردی نەما کە شەڕی لەگەڵ نەکەن. دواتریش بەئیعازی تورکیا یەکێتی و پارتی بەهاوبەشی لەساڵی ١٩٩٢ جەنگێکی خوێناوییان لەدژی پەکەکە هەڵگیرساندو سەدان گەنجی کورد لەهەرسێ لایەن کوژرانو ئاکامیش زیانێکی گەورەی ماددی و مەعنەوی بەر گەلی کورد کەوتوو یەکێتی و پارتیش وەکو پاداشتی جاشایەتییان سەدان ملیۆن دۆلاریان لەتورکیا وەرگرت. ئینجا دوای ئەمە دیسان لەساڵی ٩٣ تاکو ٩٨ شەڕێکی کوشندەی ناوخۆییان هەڵگیرساند کە تێیدا ٣٦ هەزار گەنجی کورد کوژران، کە هەڵگیرسێنەری ئەم شەڕە زیاتر یەکێتی بوو، هەرچەند هەردوک حیزب تاوانباری جەنگێکی مێژوویین. جارێکیتر پارتی لەکۆتایی نەوەدەکان شەڕێکی خوێناوی لەدژی پەکەکە هەڵگیرساند. دواتریش و جارێکیتر لەساڵی ٢٠٠٠ دیسان یەکێتی شەڕێکیتری خوێناوی براکوژی لەگەڵ پەکەکە هەڵگیرساند، ڕاستی ئەگەر خیانەتەکانی یەکێتی و پارتی بژمێرم سەدان لاپەڕەم پێویستە، بۆیە تەنها دواهەمین خیانەتی مەزنی هەردوک حیزبی حوکمڕانی بنەماڵەیی بیردێنمەوە، کە ئەویش یەکێکیان ١٦ی ئۆکتۆبەر بوو لە ٢٠١٧ کە خەنجەرێکی ژەهراوییان دا لە پشتی کوردو نیوەی خاکی کوردستانییان هەرزانفرۆشکردو کوردیان گێڕایەوە بۆبەر لە٣٠ ساڵ پێشتر، گەیشتە ئەوڕادەیەی کە ناوییان نا لە یەکێتی نوسینگەی فرۆشتنی زەوی و زاری نیشتیمان.

ئەم دوو حیزبە نەک تەنها سەدان خیانەتییان لەنەتەوەو نیشتیمانی خۆیان کردووە، بەڵکو سەدان خیانەتییان لەیەکتریش کردووە. بۆنمونە خیانەتی یەکێتی لە پارتی، کە لە چەند بارێکدا ئەنجامی داوە، لەوانە، هاوکاریکردن و داواکردنی یەکێتی لەحکوومەتی عێراق بۆ برینی بەشەبودجەی کوردستان. هەروەها رادەستکردنی کەرکووک بە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی. هەروەها ئەوگەلەکۆمەی لەبەغداد کردی بۆسەرخستنی کاندیدی یەکێتی د.بەرهەم و شکستهێنان بەکاندیدی پارتی، ئەگەرچی جیاوازی نێوان کاندیی پارتی و یەکێتی تەنیا وەکو جیاوازی سەگی ڕەش و سەگی سپییەو هەردوکیان بێجگە لەخزمەتکارێکی بەرژەوەندییەکانی عەڕەب هیچیتریان لێچاوەڕوان ناکرێت. هەروەها خەنجەرێکیتری یەکێتی کەلەپشتی پارتیدا، ئەوەیە کەلایەزال هاوکاری حەشدی شەعبی دەکات لەهێرشی موشەکی و درۆنەکان بۆ سەر پایتەختی کوردستان و مەتاڕی نێودەوڵەتی هەولێر.
هەروەها پارتیش سەدان جار خیانەت و فێڵی سیاسیی لەیەکێتی کردووە، لەنمونەی ئەوەی ڤیدیۆی ئابروبەرانەی لەچەند سەرکردەیەکی یەکێتی گرتووەو ملکەچی بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی خۆی کردوون. هەروەها لە٣١ی ئابدا خەنجەری خیانەتی دا لەپشتی یەکێتی و بەهێزی دوژمن پایتەختی کوردستانی داگیرکرد. هەروەها پارتی و بنەماڵەی بارزانی ماوەی ١٥ ساڵە بەدەیان تەکتیک و دەستشکانی سیاسیی یەکێتییان کردووە بەپاشکۆی خۆیان و دەستیان گرتووە بەسەر تەواوی جومگە هەستیارەکانی کوردستان. هەروەها پارتی ڕاستەوخۆ دەستی هەبووە لەترازانی ناوماڵی یەکێتی و کەلێنی زۆری خستۆتە ناو باڵەکانی یەکێتی و کە تازەترین و کاریگەرترینیان ئەمەی ئەم دوایە بوو، کە بەپلانی پارتی و بنەماڵەی بارزانی ئینقیلابێکی سپی کرا بەسەر لاهوری شێخ جەنگی و باڵەکەیداو لەئەنجامدا لەدەسەڵات دورخرانەوەو یەکێتی باڵێکیتری لێبویەوە.

بەمەش ئەتوانین بڵێین ئەم هەڵۆیەی یەکێتی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر ئەکەوێتە ژێر هێرشی پارتی و ڕۆژێک چڕنوکەکانی دەشکێنێت و ڕۆژێکیتر دەنوکی کورت دەکاتەوەو ڕۆژێکیتر کلکی ئەقرتێنێت و دواجاریش باڵێکی بەتەواوی شکاند...

## بۆچی بە مانگرتن و خۆپیشاندان ناتوانرێت دەسەڵاتی بنەماڵەیی بگۆڕدرێت...؟

دوای ئەوەی یەکێتی و پارتی بەهاوکاری بەناو ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردستان پاش سەرکوتی خۆپیشاندانەکانی ١٧شوباتی و ڕۆژانی دواترلە ١٩ی نیسانی ساڵی ٢٠١١ دا توانیان دەسەلاتی بنەماڵەیی یان جێگیربکەنەوە، تازە خەریکن ئەم بەناو ئۆپۆزسیۆنانە تێدەگەن کە بارزانی و تاڵەبانی بڕوایان بە دەسەڵاتی پەرلەمانی و دیموکراتی و دەستوری نیە و بەئارەزووی خۆیان و بنەماڵەکانیان بودجەو سەرمایە و داروبەردی کوردستانیان تەخشان و پەخشان کردووە و دەیکەن...!!؟؟

ئێستاش پاش ئەوەی هەوڵەکانی ئەم بەناو ئۆپۆزسیۆنانەی پەرلەمانی هەردووبنەماڵە شکستی هێنا تا بودجە بە کەم و کورتی و ناڕۆشنی و ناشەفافی

تێنە پەڕێندرێت..! هەڕەشەی خۆپیشاندان و مانگرتنی سەرتاسەری دەکەن....!!!؟؟؟

دیارە مانگرتن و خۆپیشاندان مافێکی سەرەتایی خەڵکە لە وولآتێکدا کەخۆی بە دیموکراتی بناسێت و بە دەستور و یاسایەکی شارستانی دەستاودەستی دەسەلاتەکان بکرێت...!؟ لەو وولآتانەدا دەتوانرێت بە مانگرتنی سەرتاسەری و خۆپیشاندان دەسەڵات ناچاربکرێت گوێ بۆ داخوازی یەکانی خەڵکی ناڕازی بگرێت و لە ژێر فشاردا داخوازی یەکانیان جێبەجێبکات...!؟

بەڵام لە کوردستان وەک هەمووومان دەزانین، دەسەڵات بەدەست دووبنەماڵەوەن کە نەک زۆربەی تاکی کورد دەچەوسێننەوە بەڵکو سیستمی سیاسی دیموکراتی بەخراپ بەکاردەهێنن، بەوەی کە پەرلەمان و حکومەتێکی کارتۆنیان دروستکردووە، بەڵام بڕیارەکان لە دەرەوەی ئەو بەناو پەرلەمانەوە دەدرێت بەپێی ڕێکەوتنێکی بەناوستراتیجی نێوانیان...!!؟؟

ئەم ڕاستیانە دەمێکە بۆ زۆربەی خەڵکی هۆشیار و بەناو ئۆپۆزسیۆنەکانیش ڕۆشنە، بۆیە بە حسابی خۆی لیستی گۆڕان پێش خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکەی ١٧ی شوباتی پار ٧ خاڵەکەی بۆ چارەسەری کێشەی دەسەلات و خەڵک خستە ڕوو...!؟

١٧ شوبات و ڕۆژانی دواتر خەڵکی ناڕازی هاتنە سەرشەقام و ئەنجومەنی مەیدانەکانیشیان دروستکرد بۆ بەڕێوەبردنی ناڕەزایەتیەکانی خەڵک و خستنە ڕووی داخوازی یەکانی خەڵکی کوردستان، کە خۆی نیشاندا لە نەخشە ڕێگای چارەسەری قەیرانی دەسەڵات لە کوردستاندا. بەڵام لیستی گۆڕان و سەرکردەکانیان و خودی نەوشیروان مستەفا پشتی کردە شەقام و دەستی خستەوەناودەستی هاوڕێ کۆنەکانی لەناو یەکێتی و ژێر بەژێر کەس نەیزانی باسی چیان کرد و لەسەرچی ڕێکەوتن...!!؟؟

پاشان بە دانیشتنی پێنج قۆلّیان ....شەقامیان بەسەرکوت کردن دا و مەیدانەکانی ئازادی بە ئەنفالکردن...!!؟؟

ئێستاش بەتەمان لیژنەی ئامادەکاری دروستبکەن بۆ سازدانی خۆپیشاندانەکان...!؟ کێن ئەوانەی دروستی دەکەن و بە بڕیاری کێ ئەو کارەدەکەن، ئەمە خاڵێکی گرنگە بۆ ئەوەی لەوە زیاتر منداڵان و گەنجی ئەم کوردستانە وێرانکراوە نەکرێنە سووتەمەنی سیاسەتی چەند سەرکردەیەک، کە چەندەها ساڵە لە ژێر ناوی جۆربەجۆر و بەرگی جیاوازدا ڕۆڵەی خەلکی هەژار و نەدار و بەشمەینەتی کوردستان دەکەنە قوربانی ماشێنی سیاسەتی فاشیل و گوماناویان...!!؟؟

ئامانجەکانی ئەو سەرکردانە جیاوازن لە داخوازی یەکانی شەقام و خەڵکی ناڕازی بۆ ڕزگار بوون لەدەست سیستمی دەسەلاتی بنەماڵەیی بارزانی و تالّەبانی، لەبەر ئەوەی بەناو ئۆپۆزسیۆنەکان لە چوارچێوەی ئەو سیستمە نەخۆشەدا سیاسەت دەکەن...!!!!؟؟؟

بۆ دەرچوون لەو چوارچێوە سەقەت و نەخۆشە دەبێت دەسەڵاتی بنەماڵەیی بگۆڕدرێت، نەک تەنها لەدژیان خۆپیشاندان بکرێت..!!؟؟

١٧ی شوباتی پار خەڵک خۆپیشاندانی کرد بەڵام لە ١٩ی نیساندا بە بڕیاری بارزانی و تالّەبانی سەرکوتکران...!! ئەوان بڕوایان بە خۆپیشاندان نییە بۆیە مۆڵەتی خۆپیشاندان نادەن...!! لەبەرئەوەیە خەڵک ناچار دەکەن لە دژیان ڕاپەڕن...!؟ جام کە پڕبوو لێی دەڕژێت...!؟

گۆڕینی دەسەڵاتی بنەماڵەیی و دیکتاتۆری دەرکەوتووە لە مێژووی کۆن و نوێدا کە بە قسەی خۆش و خۆپیشاندا ناگۆردرێت بەڵکو بە ڕاپەڕین، وەک لە تونس و میێر و لیبیا و یەمەن بینیمان و تا ئێستاش لە سوریا بەردەوامی هەیە...!؟

ڕاپەڕینیش مانای قوربانی دان لە پێناو قازانجی دریژخایانی کۆمەڵگا و نەوەی داهاتوومان...!؟

کەسێک ئامادەیە قوربانی بدات کە هیچ قازانجی لەگەڵ دەسەلاتی بنەماڵەییدا نەبێت و خوازیاری دەسەڵاتێکی شارستانی و مۆدێرنە، کە تیایدا هەمووومان بە دەسەڵاتدارانیشەوە ئەرک و مافەکانمان لە دەستوردا جێگرکرابێت و کەس لەسەرو یاساوە نەبێت...!؟

بەڵام پرسیارێکی گرنگ خۆی قووت دەکاتەوە، ئایا دوای ئەمان کێ دەتوانێت دەسەلاتی سیاسی بگرێتە دەست کە دیسانەوە وەک ئەمان و خراپتر نەکات....نموونەشمان ئێستای میێرە کە چارەنوسی دیارنی یە بەرەو کوێ دەڕوات...!؟

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و لە کوردستان بینیومانە کە چۆن لە هەڵبژاردنەکاندا ساختەکاری کرا بە قازانیج بارزانی و تاڵەبانی!!؟؟

من نامەوێت خەڵک ڕەشبین بکەم بەڵام دەبێت حساب بۆ هەموو ئەگەرەکان بکرێت، تا کۆمەڵگا و هیچ کەس نەبنە سووتەمەنی دەستە شاراوەکان لەژێر ماسکی دیموکراتی و دەسەلاتی یاسادا....!!!؟؟؟

## ئایا ڕاپەرین گونجاوە؟

دەسەڵاتی ئێستاو ٣١ ساڵی ڕابردووی کوردستانی باشوور تەنیا خۆی لە سەرانی یەکێتی و پارتی دا دەبینێتەوە، ئەوانیش درێژ کراوەی عەقلییەتی بەربەریی سەددام و حوسنی موبارەک و زەیندین بن عەلی و عەبدوڵڵا ساڵحن و دەبێت چارەنووسیشیان لەگەڵ ئەواندا بپێچرێتەوە، ئەوان نەك لەسادەترین بنەمای کۆمەڵگای مەدەنی حاڵی نین ، بەڵکو هیچ بنەمایەکی حوکمێکی هاوچەرخییان تیا نەهاتووەتە دی، هونەرمەندی کوشتارو تێکدان و نۆکەرایەتی و دزین و تەنانەت نەیانتوانیوە کارەبا دابین بکەن کە مافێکی زۆر سەرەتایی هاوڵاتییانە، تەنیا گوتەیەکیش کە لێی حاڵی دەبن بریتیە لە گورزی تۆڵەی میللەت، کە هەقی هەموو تاوانە یەکلەدواییەکەکانیان لێ بکاتەوەو چیدی نەهێڵن ببنە کەڵەگا بەسەر میللەتەوە، باوەڕ بکەن بەڕێزان جگە لەم ڕێگەچارەیە هیچ ڕێگە چارەیەکی تر نییە ئەگینا دەبێت چاوەڕوان بین نەوەکانیشیان وەک خۆیان بێن و بمانبڕن و بمانکوژن و ئێمەش چەپڵەیان بۆ لێبدەین. مرۆڤ یەك جار دەژی ئەو جارەش بە کەرامەت و ئازادیی بژی، یەکجاریش دەمرێت ئەویش لە پێناوی دادپەروەریی و ئازادییدا بێت.

وا ٣١ ساڵ لە دەسەڵات و حوکمی جەردەییان تەواو بوو کەچی هەر بەوە هەڵمان دەخەڵەتێنن کە گوایا حوکمەتەکەیان ساوایە؟ ئەمە بە ساوایی ئاوها زوڵم و ستەم دەکات ئەی ئەگەر گەورە بوو و پێی گرت دەبێت چی بکات؟. بەڵێ میللەت کردی و ئەوان خواردیان، کەچی ڕۆنی خۆمان ئەدەن لە سمێڵی خۆمان و ئەو خەباتەمان پێ دەفرۆشنەوە کە میللەت کردی و خۆیان ئەکەن بە خاوەنی،

له کاتێکدا لای زۆربەمان مەلەفی گەورەی خیانەتییان ڕوونە و سەری هەرکەسێکیش ئەکوتنەوە بیانهێنێتە ئاراوە.

ئەوە یاسایەکی لۆژیکییە کە هەر میللەتێك هەوڵ نەدات خۆی بگۆڕێت و مافەکانی بسەنێت ئەوا دەبێت هەر بە کۆیلەیی بمێنێتەوە لە کاتێکدا کە زەمەنی ئازادیی میللەتانە و زۆر کەم میللەت ماوە بەدەست دەسەڵاتی مافیاو گەندەڵ و خائینەوە بچەوسێنرێتەوە.

ئەی خوێنەری کوردزمانی خۆشەویست لەهەر کوێیەکی دنیاییت من ئەم وتارەم لە ناخی دڵەوە بۆ شاهێدیی مێژوو نووسیوە کە هیچ ڕۆژێك لەمڕۆ بە هەلێکی باشتردانانرێت بۆ بڕینەوەی ئەم شێرپەنجەیەی تووشی جەسەدی میللەت بووە و کە خۆی لە دە سەڵاتی خێڵەکی مەسعوودو جەلالدا ئەبینێتەوە ، وە تا ئەو دوو میکرۆبە مابن هەرگیز میللەت پشوو نادات و ناگاتە هیواکانی، ئەوان لە هەموو بوارێکدا دۆڕاون و هیچیان پێ نییە لە ئیجابییات پێشکەشی بکەن و میللەتیش تا چاوەڕوانی ئەوان بێت ئەوا دەبێت هەر بە زەلیلی بمێنێتەوە.

توخوا دەستم دامێنتان با چیدی بیر لە بەرژەوەندی تاکەکەسی و حیزبی نەکەینەوەو ئەوا وامان لێ نەکات قوڕو قەپ وەکو تەماشاکارێك دابنیشین و ئەو ازرگانانەی سیاسەت تەنانەت کەرامەتیشمان بفرۆشن، با هەموو میللەت دەست بخەنە دەستی یەك و وەکو میللەتە هوشیارەکانی دنیا هەرەس بە کۆشکی زوڵم و ستەمی مەسعودو جەلال بێنین و ئەوساش بە دادگای ڕەوای میللەتییان بگەیەنین، بارودۆخەکان هەمووی ئاماژەی تەقینەوەی ڕقی پەنگ خواردووی میللەت دەکەن بە ڕووی مافیاکانی دەسەڵاتدا، تۆش هاوڵاتی خۆشەویست

ویژدانت مورتاح بکە لەو ڕاپەڕینەدا و خۆت مەخەرە بەر لێشاوی ڕقی میللەت و نەفرەتی مێژوو بەوەی کە ببیتە داردەستی ئەو دەسەڵاتە مافیایە، دڵنیابە ئەو موچەیەی وەریدەگریت نە خێرو سەدەقەیەو نە بەخشیشی دەسەڵاتە تا منەتت بەسەردا بکەن بەڵکو زۆر لەوەش زیاتر بەر هەر تاکێکی میللەت دەکەوێت لە بودجەی وڵات گەر بە شێوەیەکی دادوەرانە دابەش بکرێت.

## گەلی کوردستان راپەرینێکی تر قەرزدارە!.

راپەرینی بەهاری ١٩٩١ (5 / 3 / 1991) کە دژی ستەم و زوڵمی رژێمی بەعس کرا لەلایان کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان،یەکێکە لە شانازیە هەرە گەورەکانیگەلی کورد بەگشتی و خەڵکی رانیە و دەوروبەری بەتایبەتی.
بەڵی راپەرین شانازییە چونکە لەلایان کەسانێك کراوە کە خاوەنی شکۆ و کەرامەت بوون ئەوان هەرگیز بۆ دەسەلات و سەروەت و سامان ئەوراپەرینەیان نەکرد بەڵکو بۆ ئازادی ،قارەمانانە هاتنە گۆرەپان و زۆرێکیش لەو پێناوەدا گیانی خۆیان بەخشی،ئەوانەی بروایان بەراپەرینەبوو هەتاکو دوا هەناسەی ژیانیان هەر لەسەر هەمان پرەنسیپ مانەوە،نەسەرەوت و سامان نە

پلە نەیگۆرین،بەڵام ئەو کەسانەی ئەوسالەپەنا جوڵانەوەی راپەرین خۆیان پەنا دابوو راپەرینیان بە خەیاڵ و مەحاڵ دەزانی هەرگیز رۆژێك بروایان بە راپەرین نەبووە هەر بۆیەش ئێستازۆر خراپتر لە سەرکردەکانی رژێمی ئەوسای بەعس مامەڵە لەگەڵ خەڵک دەکەن و زوڵم لە چینی خوارەوە دەکەن،کە دڵنیام رۆژێکچارەنووسی ئەوانیش هەمان چارەنووسی سەدام و دارودەستەکەی دەبێت.
راپەرین بەری خەباتی خەلکی دلسۆز و پاك و نیشتیمان پەروەرە بۆیە ناکرێت بێ بایەخ بکرێت ،کە ئەمە مەرامی سەرانی کوردایەتیئێستایە،تەنانەت نایانەوێت یادی راپەرینیش بکرێتەوە چونکە ئەوان دەترسن لە ئاشنا بوونی نەوەی تازە بەم رووداوە مێژووییەیگەلەکەمان،نەبادا رۆژێك ئەو رقە پەنگ خواردووەی خەڵک لەرووی خۆشیان بتەقیتەوەو کۆشك و تاراجی جووت بنەماڵە بێننە خوارێ.!
راستە ئەوانەی راپەرینیان کرد لەبەرەکەیان نەخوارد بەڵکو داهاتەکەی بۆ چەند بنەماڵەیەك بوو،ئەوانەی ئێستا لە هەرەمی دەسەڵاتن ئەو کاتخۆیان و خێزانەکانیان لە کەرجی ئێران باغداریان دەکرد و منالەکانیشیان لە ئێران و بەریتانیا لە خوێندن و کەیف و سەفا بوون،ئێستاشداهاتی سەر زەوی و ژێر زەوی وڵات تاڵان دەکەن بۆیە گەلی کورد راپەرینێکی تر قەرزدارە!.

بۆچی نەوت و گاز بوونەتە بەڵا بۆ خەڵک؟ بۆچی نەبوونەتە یاریدەدەرێک بۆ گەشەکردنی ئابووری و خۆشگوزاری؟

مشتومڕێکی زۆر لەسەر بڕیاری دادگای فیدرالی عێراق هەیە، لەسەر ئەوەی کێ دەبێ مافی ئەوەی هەبێت نەوتی هەرێم دەرهێنی، ڕەوانەیکات و بیفرۆشێت؟ حکومەتی عێراق یان حکومەتی هەرێمی کوردستان؟ بەڵام کەم باسی ئەوەدەکرێت کە ئەزموونی پێشتر لەم بوارەدا چۆن بووە و چی کاردانەوەیەکی بە سەر کۆمەڵگەدا هەبووە؟ چی سوودێکی بۆ گەشەکردنی وڵاتەکە و خۆشگوزەرانی خەڵکەکەی هەبووە؟ کێ بوون ئەوانەی مامەڵەیان لەگەڵ کردووە و سودەکەی بۆ کێ گەڕاوەتەوە؟ ئایا جیاوازییەکی ئەوتۆ هەیە لە نێوان چۆنیەتی مامەڵکردنی ناوەند و هەرێم لەو بوارەدا؟.

هەر لە کۆنەوە، لە عێراقدا ڕێژەی هەرە زۆری نەوت دەرهێنراوە و فرۆشراوە بەدەرەوە. وڵاتە پیشەسازیە بەهێزەکان، کڕیویانە و وەک سەرچاوەی وزە، بە شێوەیەکی سەرەکی، لە بواری پیشەسازیدا بەکاریان هێناوە. عێراق ئەو داهاتەی کە لەفرۆشتنی نەوت بۆی گەراوەتەوە، هەمیسانەوە بەکاریهێناوە بۆ هاوردەکردنی کەلوپەلی پیشەسازی ئەو وڵاتانە. بەو شێوەیە عێراق لە دوو لاوە زەرەری کردووە، ئەوان لە دوو لاوە قانجازین کردووە. بەهۆی ئەمانەوە، وڵاتەکە و بژێوی هاوڵاتەکانی و چارەنووسیان هەمیشە لە ژێر رەحمەتی هێزی دەرەکیدا بووە.

لە دوای شەری یەکەمی جیهانەوە، بە شێوەیەکی سەرەکی ئینگلتەرا و کومپانیەکانی مامەڵەیان بە نەوتی عێراقەوە کرد. وەکو وڵاتێکی کۆلونیست،

بەنرخێکی زۆر هەرزان ئەو سەروەتەیان بردووەو ڕێژەیەکی زۆر کەمی داهاتەکەی گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتەکە. لە سەردەمی پاشاگەریدا هەتا ساڵی **1958**، ڕێژەی ئەو داهاتە چکێک زیادی کرد، بەڵام هێشتا ئەو داهاتە زۆر کەم بوو، کاریگەری گەورەی لەسەر ئابووری وڵاتەکە سنوردار بوو، بە ڕادەیەک کە لەو ساڵەدا، کەمتر لە **10%** کۆی داهاتی نیشتمانی وڵاتەکە بووە. لەبەر ئەوەی زۆرینەی دانیشتوانی وڵاتەکە لە لادێدا دەژیان و بژێوی ژیانی خۆیان بە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ و مەڕوماڵاتەوە دابین دەکرد، داهاتی نەوت و نرخەکەی و بەرز و نزمی داواکاری بازاری جیهان لەسەری، هێندە کاریگەری لەسەریان نەبوو، هەروەها ئاستی خزمەتگوزای لە ناویاندا زۆر نزم بوو، نمونەی بوونی کارەبا و ئاو و قوتابخانە و نەخۆشخانە... بەوەش مەسرەفی ئەو بوارانە نەبووتە بار بەسەر بوجەی دەوڵەتەوە. هەر بەهۆی ئەو فاکتەرانەوە، لەو سەردەمەدا، داهاتی نەوت ڕێژەیەکی زۆر کەمی لە بونیادنانی بنەمای ئابووری وڵاتەکەدا بەکارهێنراوە.

گۆڕانکاری گەورە، لە حەفتاکانی سەردەمی حیزبی بەعسدا ڕوویدا. لەو ساڵانەدا، دەستەڵات سامان و فرۆشتنی نەوتی بە نیشتیمانی کرد(**تأميم النفط**). مۆنۆپۆڵی کومپانیەکانی نەهێشت و گرێبەستەکانیانی هەڵوەشاندنەوە، بڕیار لەسەر دەرهێنان و فرۆشتن کەوتە دەست خۆیانەوە. بە بەهێزبوونی ڕێکخراوی ئۆپیک، نرخی نەوت لە جیهاندا بەرزبۆوە، سەرەڕای ئەوە، دەستەڵات قەبارەی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوتی بە چەند قاتێک زیاد کرد. هەموو ئەمان داهاتی فرۆشتنی نەوتی هێجگار زیاد کرد.

ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە، ئەوانەی مامەڵەیان بەو سامانەوە دەکرد کێ بوون؟ چۆن دەیان کرد، بە چی مەبەستێک بوو؟ کاردانەوەکانی چی بوون؟ ئایا

ڕاسته ڕژێمی بەعس، ژیرانه و عادیلانه، مامەڵەی به سامانی نەوت و داهاتەکانیەوه کردووه. با هەندێ ڕاستی لەم بارەیەوه باسبکەین:

1- حیزبی به عس، ڕیژەیەکی زۆری داهاتی فرۆشتنی بۆ بەهێزکردنی دەزگاکانی سیخوڕی، سەوپا و پۆلیس بەکاردەهێنا، پارەیەکی زۆری دەدا بەکڕینی چەک و تەقەمەندی و تەکنیکی نوێی سەربازی بۆ کۆنترۆڵکردنی وڵاتەکه.

2- ژمارەی ئەندامانی حیزب زیاتر له ملیونێک بوون، بەرزترین و باشترین پێگەی کۆمەلایەتی و پلەی بەرزی دەستگاکانی دەوڵتیان هەبوو، خاوەنی داهاتی باش و ئیمتیازاتی تایبەتی بوون.

3- داهاتێکی زۆر بەکاردەهێنرا بۆ پڕوپاگەنده، له ناوه و دەرەوەی وڵات. کڕینی وەلای وڵاته عەرەبێکان و ڕێکخراوەکانیان.

4- سرەفی بەعەرەبکردن و ئەنفالکردن و چۆڵکردنی دێهاتەکان و دابڕینیان له کاروباری کشتوکاڵی، که مەسرەفی ئەو خەڵگه ڕاگوێزراوانەی دەکرده بار بەسەر دەوڵەتەوه.

5- مەسرەفی دەرکردنی هەموو ناڕزاییەک و دەنگێکی ئازاد له هەموو عێراقدا

6- لەباتی چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی کورد، بەردەوامبوون له شەڕی ناوخۆدا، بۆ ئەو مەبەسته، ڕاگرتن و دامەزراندنی ژمارەکی زۆر له چەکداری بەکرێگیراو.

7- مەسرەفی شەڕی ئێران

8- مەسرەفی شەڕی کویت

9- لەباتی ئەوەی داهاتی فرۆشتنی نەوت بۆ بەهیزکردنی ئاوبووری وڵات بەکاربهێنێ، کەوتنه دامەزراندی خەڵکێکی زۆر له دەستگاکانی دەوڵەت و حیزبیدا، ئەمه هەمووی به مەبەستی کرینی وەلا و ڕازیکردنی خەلک بوو له پێناوی کۆنترۆلکردن و مرانی توانای داهێنان و کارکردن و بیرکردنەوەیاندا.

10- باتی هاندانی کەرتی کشتوکاڵ، بەکارهێنای داهاتی زۆر بۆکڕینی عەشایەری عەرەب بۆ دابینکردنی وەلایان. بەهۆی ئەوەوە، ئەوانە پشتیان کردە کاروباری کشتوکاڵی، دەرئەنجامی ئەوە بووە هۆکاری تیکشکاندی ئەو کەرتە و زەلیلبوونی خەڵکەکە.

11- کاردانەوە و دەرئەنجامی ڕەفتاری ئەو دەستەلاتە و شێوازی مامەڵەکردنی بە سامانی وڵاتەکەوە، دارمانی دەولەتەکە و تێکشکانی دەزگاکانی و داگیرکردن بوو. لە کۆتاییدا تێکشکاندی تەواوی ئابووری وڵاتەکە و هەژاری و بێ دەرامەتی خەڵکەکەی.

12- لەسەردەمی بەعسدا، تەنها یەک حیزب، یەک بنەماڵە، بگرە تەنها یەک تاک بڕیاربەدەست بوو، بۆ ئەوەی کۆنترۆڵیان لەدەست دەرنەچێ، بەهەموو توانایانەوە ڕێگەیان بە گەندەڵی و دزینی داهاتەکانی دەوڵەت گرتووە، ئەوەش لەپێناوی بەرژەوەندی خەڵکی ولاتەکەدا نەبووە، بەڵکو لە بەر ئەوە بووە کە خۆیان بەخاوەنی سامان و داهاتی وڵاتەکە زانیوە.

13- بەهۆی پەیڕەوکردنی سیاسەتی بەد و مامەڵەکردنی ناڕاست بەسامانی وڵاتەکەوە، ئەو ساتەی ڕژێمە کەوت، خەڵکانی بەتوانا و خاوەن ئەزموونی تیادا زۆر کەم بوو، کە بتوانن جڵەوی وڵاتەکە بگرنە دەست و پەیڕەوی ڕێبازێکی تەندروست بکەن بۆ دامەزراندی دەوڵەتێکی پێشکەوتوی پڕ خزمەتگوزاری. بۆیە باری نالەباری ئێستای وڵاتەکە، بە ڕادەیەکی زۆر، دەرئەنجامی ئەو سەردەمەیە.

دوای کەوتنی بەعس چۆن مامەلە بە سامانە سروشتیەکانەوە کراوە؟

لەم بارەیەوە، دوو ئەزموونمان هەیە: چۆنیەتی مامەڵەکردنی دەستەلاتدارانی ناوەندی عێراق بە سامانە سروشتیەکان و داهاتەکانیەوە ، هەروەها مامەڵاکردنی دەستەڵاتدارانی هەرێم پێیانەوە.

عیراق بە فەرمی دەوڵەتە، هەناردن و فرۆشتنی سامانی سروستی، بەشێوەیەکی سەرەکی، لەلایەن دەوڵەتەوە بەڕێوە دەچێت و مامەڵە بە داهاتەکانیەوە دەکرێت، بەڵام گروپە دەستەڵاتدارەکانی شیعە و هەندێک لە سونەکان، دەستگا و وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتەکانی دەوڵەتیان کردووە بە دوکانی بازرگانی بۆ خۆیان، لەو ڕێگایانەوە داهات و سەروەتی سروشتی، بە پیی هێز و توانایان، بە پێی وەلا و ئینتیمایان بۆ هێزی دەرەکی، بەتەوافق لە نێوان خۆیاندا بەش دەکەن. ئەوەی مایەوە دەیکەن بە قوڕگی خەڵکدا لە پێناوی ڕازیکردن و دەمکوتکردنیان و مرانی توانای داهێنان و کارکردنیان. ڕێژەیەکی زۆر کەم بۆ بەهێزکردنی بنەمای ئابووری وڵات و خۆشگوزەرانی خەڵک بەکاردێت. لەبەر ژمارەی زۆری حیزب و گروپ و بنەماڵە و میلیشیا، لاوازی دەوڵەت و دەزگاکانی، هەتا هاتووە بەشێکی کەمتر بۆ خەڵک و خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزاری و گەشەکردنی بنەمای ئابووری وڵاتەکە ماوەتەوە.

هەرێمی کوردستان دەوڵەت نییە و موقەوماتی دەوڵەتی تیایدا لاوازە. سامانی نەوت و گاز بە پێچەوانەوەی بەغداوە، بە شێوەیەکی سەرەکی، بەدەست حیزب و چەندین بنەماڵەو و خەڵکانی نزیکە لێیانەوە. داهاتی فرۆشتنی ئەو سامانانە، بە شێوازی فەرمی و نافەرمی، کەوتۆتە دەست ئەو گروپانەوە، کە بەخۆشی و ناخۆشی، بە تەوافوق لە نێوان خۆیاندا بەشی دەکەن، ئەوەی مایەوە ڕادەستی حکومەتی هەرێم دەکرێت. ڕێژەیەکی دەبێتە مووچەی کارمەندەرانی دەوڵەت، ئەویش بەمەبەستی کڕینی ئینتیما و وەلایان. لە هەرێمیش بەشێکی کەمی ئەو داهاتانە بۆ بەهێزکرنی بنەمای ئابووری و خۆشگوزەرانی خەڵک بەکاردێت.

## گرفتی سەرەکی لە چیدایە و پێشنیار بۆ چارەسەریان چین؟

.مامەڵەکردن و بڕیاردان لەسەر ئەو سامانانە و داهاتەکانیان و چۆنیەتی بەکارهێنانیان لەدەست حیزب و بنماڵەدایە، دەبێ بە شێوازێکی شەفاف بکەوێتە دەست پەرلەمانێکی هەڵبژێردراوی بەهێزەوە.

.سامانی نەوت و گاز تەنها دەفرۆشرێن بەدەرەوە، باشترە هەنگاو بەهەنگاو، ئەو هەناردەکردنە کەمکرێتەوە. بە شێوەیەکی سەرەکی لە پیشەسازی ناوخۆ و بەهێزکردنی بنەمای ئابووری وڵات بەکاربهێنرێن. فرۆشتنی بەشەکەی تری و بەرهەمە پیشەسازیەکان، بە پلەی یەک لە ناوخۆی وڵات و وڵاتانی دراوسێ و نزیکدا بە بازاڕ بکرێن.

داهاتی فرۆشتنی ئەو سەروەتانە باشتر وایە لە چەند بوارێکدا بەکاربیت، نموونەی ئەوانە:

.بەهێزکردن و گەشەپێکردنی ئینفرسترەکتووری وڵات، نموونی کارەبا و سەرچاوەی وزە بۆ پیشەسازی و پیداویستی هاوڵاتیان، ئاو و بەنداو، ڕێگاوبان و سکەی شەمەندەفەر و فڕۆکەوانی ناو وڵات و لەگەڵ دراوسێکاندا، فێربوون و خوێندن، تۆڕی ئینتەرنێت و ئای تی و تەکنیکی نوێ، گەشەپێکردنی تەندروستی.

. تەرخانکردنی بەشیک لەو داهاتانە ، بۆ بەهێزکردنی بانک و کاری بانکی، کە ببیت بە سەرچاوەیەک بۆ دابینکردنی قەرزی جوراوجۆر بۆ کومپانییەکان.

. دابەشکردنی ئەو سامان و داهاتانە، بە شێوەیەکی یەکسان بەپێیی ڕێژەی دانیشتوان لە هەموو ناوچکانی عێراقدا.

ئەگەرحیزب و هێزەکانی کوردستان، گەشکردنی وڵات و خۆشگوزەرانی خەڵکیان دەوێت، بە بەرژەوەندی تایبەتی خۆشیان و کومپانیەکانیانەوە، باشتر وایە، لە بەغدا و هەرێم، کار بۆ ئەو بابەتانە بکەن (چونکە هەتا کوردستان بەشێکبێت لە عێراق، باشتر وایە نوێنەرانی خەڵکانی کوردستان چالاک و کاریگەربن لە بەغدا، بەشداربن لە هەموو بڕیارێک تیایدا، نەکو پاشکۆیەتی بکەن و چاوەڕوانی بڕیاری ناوەندبن).

ئەوانەی دەیانەوێ قەوارەی هەرێمی کوردستان بپارێزن و بەهێزی کەن، دەتوانن لە ڕێگەی مامەڵەکردن بە سامانە سروشتیەکانەوە بەم شێوەیە، ئابووری کوردستان بەهێزکەن، لە هەمانکاتدا بژێوی خەڵک باشترکەن، تەنها لەو ڕێگەیەوە دەتوانن نوێنەرایەتی خەڵک بکەن و متمانە لایان پەیدابکەن.

لەبەر ئەم فاکتەرانە، مامەلکردن بە نەوت و گازی سروشتی هەرێمەوە لەلایەن بەغداوە، هەر وەکو هەندێ کەس پێیان باشترە، لەم زەمینەیەی ئێیستادا، بێ گرتنەبەری ئەو چارەسەرانەی سەرەوە، هیچ جیاوازێکی ئەوتۆی بۆ بژێوی خەڵکی کوردستان نابێت.

مامەڵەکردن بەو سامانە لە لایەن دەستبەردارانی هەرێمەوە، بەو شێوازەی هەتا ئێستا پەیڕەوکراوە، وەکو هەندێ کەسی تر بە باشی دەزانن، دەبێتە هۆکاری ئەوەی کێشەکان هەر بەم شێوازەی ئێستا بەردەوامبێت.

لە هەردوو حاڵەتدا، دەسەڵاتدارانی عێراق، بە شیعە و سوننە و کوردیشەوە، ململانەیان بەردەوام دەبێت لە سەر دابەشکردنی ئەو سامانانە لە نێوان خۆیاندا. دامەزراوەکانی حکومەت، پەڕلەمان یان دادگای فیدڕاڵی بۆ ئەو مەبەستانە بەکاردەهێنن. هێزە دەرەکێکانیش ئەو فرسەتانە دەقۆزنەوە و تەراتین لە وڵاتەکەدا دەکەن، بەپێیی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی دەدەن.

## شۆرش لەدژی میللەتدا

داوەکان و گەڕانەوە بۆ پەرتووکەکانی نووسینی مێژوی خەباتی میللەتەکان لە شۆرشی سبارتاکۆسەوە هەتاکو ئەم ساتە وێرانەی ژیانی ئادەمیزادەکان . بە دوری خۆر لە زەوی دا بە درێژایی کات و ساتەکانی سەدەکان لە زۆر لێکراوەکانی ئێسکەکانی کرێکارانی ژێر دەسەڵاتی فرعونییەکان بۆ دروست کردنی هرەمەکانیان ، وە لە کاتێ دا چەوسانەوەی ئادەمیزادەکان (چەوساوەکان ) کۆمەڵی کەس بە ناو ئەبنە شۆڕشگێر (شۆڕشگێڕەکان) لە ئەنجامی خەباتدا سیستمی فەرمان رەوایی دروست ئەبێ ( دەوڵەت) ، ئەمە سەرەتایی کارەساتەکانە کە خوودی خۆی ئادەمیزادەکان خۆیان بە خۆیان کردووە بە سەدەهای سەدەیە بە ئامرازێکی سەرەگی بوونە بۆ چەوسانەوەی خۆیان،

بۆیە بە درێژایی مێژوو ،شۆرشگێرەکان بۆ گەیشتن بە ئازادی چرای خەباتیان بەرز کردووەتەوە هەروەها خۆیان بە هەڵگری خەمی چەوساوە و زەحەمەت گێشەکان داناوە کە بەسەر چەوسێنەرانیاندا سەربکەون وە داوای مافی چەوساوەکانیان کردووە بۆ ئەم مەبەستە هەموو ووتە نایابەکانیان بەکار هێناوە. بۆ گەیشتن بە عەقلی چەوساوەکان بەڵام زۆر جاریش شۆرشەکانیان شکس و فەشلییان هێناوە زۆر کەمیش سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە گەر شۆرشگێرکیش شکستی هێنابێت ، ئەوە لە هناویدا ئاگری شۆرشێکی تری هەڵگرتووە گەر

شۆرش سەر گەوتوو بو بێت  خۆیان ببنە خاوەن شۆرش بە پیێ ئەوەی بەمانانە ڕستەکەی ئەوان شۆڕشیان کرد ، ئەوا ئەمە سەر کەوتنی هەق و چەساوەکان بووە بەسەر چەوسێنەرەکاندا، هەتاکو ئەو کاتەی من دەڵێم  چونکە هەر کە شۆرسشگێرەکان سەر کەوتنان لە شۆرشدا بەدەست هێنابێت  . ئەوا یەکسەر تووشی گۆران کارییەکی سەرەکی و فسلەجی سایکۆلۆجی  لە شەخسییەتیان دا  رووی داوە ،  توشی گۆمەڵی ئەخلاقیاتی نابەجیَ بوونە بە خۆشیان یا ناخۆشیان بێت،  بەڵام وا پیشان درا کە هەر بە خۆ شییان بووە حەزیان بووە لەم ساکۆلۆجییە تازەییان ،  حەزی دەسەڵات بوون دەسەڵاتیان تەنیا ئەبێت بە کاری سەرەکییان دەست و پایەی  خۆیان  بنەماڵەیان هێشتووە و خەلکانی تریشیان لە دەسەڵات دوور خستووە تەوە، هەر وەک چۆن پێشتر خەلکی تر ئەمانی لە دەسەڵات دوور خستووەتەوە. ، کارەکانیش لە هەڵقەیەکی داخراو دا،کاری کردووە هەتاکو ئێستا کەس نەبووە بەرنگاری کردنیان ببنەوە لێرەشەوە تووشی خەزی شەیتانی خۆشەویستی  دەسەڵات و پارە هەوڵدان بۆ دەست بەسەر گرتنی هەموو یەو شتانەی کە مافی  خۆیان نی یە ،هەر وەها پەیدا گرتن نفوز پەیدا کردن و شتی تر دەبنەوە . ڕۆژ لە دوای ڕۆیش، ئەم شۆڕشگیرە دەبێتە ملهوور و  چەوسینەر ،ئەمەش بەرەو کەندەڵ بوونی دەبات . جێگەی گوتنە دیکتاتۆر ملهۆرەکان  شۆرشگیرێ دوێنی بوون  بە دڵنیاییشەوە شۆرشگیرەکانی  ئەبنە دکتاتۆر دووبارە  ، دکتاتۆری سبەی دەبن ، بۆیە ئەوەی شەهید ئەبێت لە نەو شۆڕشەکان تەنیا مافی ناو لێنانی شۆرشگێر ئەبێت ، ئەو شۆڕشگیرانەی کە پێش ئەوەی  لەناو زەریای دەسەڵات پارەدا  ، مێژو پێمان دەڵێت کە بە دەگمەن نە بێت کەم جاڕ شۆرشێگیران لە پاش ئەوەی دەسەڵات دەگرنە دەست ،غەرقی حەزی شەیتانیی خۆشەوستی دەسەڵات نەبوونە هەروەها بە دەگەمەنیش شۆرشگێرێک دەبینیت کە لەپاش دەسەڵات گرتنە دەست

کەسێکی دادپەروەر دەست پاک بووبێتن وەکو غاندیّ ماندیلا هەر چەندە ئەم نموونە دەگمەناشمان هەیە ،،بەڵام ئەمانە ناتوانن ببنە ڕێسایەگ بۆ هەموو شۆڕشگیرانی تری جیهان ، بەڵگە بە پێچەوانەوەئەمانە لادەر بوون و لە ڕێگەی شۆڕشگیرانی تر لایان دا وە بەڵام مرۆڤە چەو ساوەکان پێشتر و هەتاکۆ ئەمڕۆش ،دڵیان بەم نموونە پێشەوایانە خۆشە بەو هیوایەن کە ڕۆ ژێک لە رۆژان شۆرشگێرەکانی ئەمانێش وەکو ماندێلا و کاندی دەر بچن ئیسلام شۆڕشیکی لە دژی زۆڵم وگەندڵی بەرپا کرد ،هەروەها چاکسازی لە گۆمەڵگادا بەئەنجام دا ، زۆربەی پشەوایانی ئەم شۆڕشە خەلکی چەساوە بوون زەحمەتگێش بوون بەڵام سە رەتای ئەم شۆڕشە وەکو کۆتایی کەی نەبوو هەر لە دەست کردن بە فتوحاتی ئیسلامی پارەو سامانێکی زۆر بەسەریان دا باری لە ڕەوشی کۆشکەکانی ئەموی عەباسییەکان بە چاو ئەبین بە هێزترین لۆچی فساد پارە بە فیرۆدان ئەنجام درا بۆیە مۆسڵمانەکان قەیسریان بە قەیسەرێکی تر گۆڕینەوە کیسرای فارسن بە کیسرایەکی ترگۆڕییەوە ، ئەمە هەمووی لە لایەک لە لایەکی ترەوە دروست بونی ئەم مانایەی سادەیە کە زۆرینەی یادەمیزادەکانی سەر زەوی پێ هەڵواسراوەن ئەوەش مانای بوونی تۆ لا قەواری وشەی دەوڵەت ئەگەر نەبیت تۆ ئادەمیزاد نیت ....

## حیزب و شۆرش

ئەگەری گۆڕینی چەمکەکانی مرۆڤ لەم سەدەیەدا بەدوری نازانیین نزیکی روناکییەکی لێ دیارە ، ئەممەش بەهۆی بنەمای زاڵ بوونی پێشکەوتنی تەکنلۆجیا . کە دیارە کاری خۆی ئەکات لە پاشە ڕۆژدا ، ئەگەری ئەوەشی هەیە دونیا بەرەو گۆران کێری ببێت لە سستەمی هەموو عەقڵەکانی مرۆڤ جیاوازەکان لەسەر زەمین . چونکە هەر خولەکیک هەزارەها کات دروست ئەکات ئەبێتە هۆیەک بۆ گۆرین لە بایڵۆجی بونیاتی خلیەکانی بە ئایگۆن و پرتون نیترۆنییەوە ، لە ناو جەستەی مرۆڤ کە لە پاشە ڕۆژێکی درێژ بەدی ئەکرێت ، با دوور نەرۆین بگەڕێنەوە بۆ کەوانەی مرڤەکە سەرەتاییەکان ، پاش ئەوەی شۆرشگیران بە ناوی شۆرش خۆیان دروست کرد کەوتنە ناو عیشقی پارەو دەسەڵات ژن و سکسەوە بوونی خۆیان پیشان دا بە کۆمەڵە هەژارە کە ، دوای ئەوەی کۆمەڵانی مرۆڤ تووشی دەردی خۆیان بوون ،بەرامبەرەکەیان کە هەر مرۆڤ بوون هەر خاوەن ئەو مێشک بوون کە لە جەستەی مرۆڤەکان دا هەیە ، دەستیان کرد بە بیر کردنەوە چۆن بناغەیەک دابنێن بۆی ئەوەی باوەڕیان پێ بکرێت بە پێی بەرنامە بۆ خۆیانیش بناغەیەکی فکری دابین بکەن لە کارە هەمەڕەگییەکان دوور بن دزە بە دزە کار بەکەن ، چۆن وا بکەن شۆرشگیرەساویلکەکان بچنە ژێر دەستیان ژێر دەسەڵاتی خۆیان بە پێی بەرنامە و یاسایەکی وەکو مەڕبییان بیان دۆشن و هەر ئارەزوشیان هەبێ سەریشیان ببڕن گۆشتشیان بخۆن ، ئەم کردەوانەش هەر لەسەر ناوی شۆڕش دا خەبات دا ، بۆیە دەست و ریشی کۆمەڵانی چەوساوە کەوتنە ناو واقعیکی بەچاو ڕوناک ساغ ، بەڵام لە قوڵایی دا تاریک تارماییان لەسەر سپێندراوە ، کەسیش لە مرۆڤە رەش و سپییەکان توانای بەدیهێنانی

ئاواتەکانی خۆیان نەبوون تەنیا ماندویی و کۆششی لەناو چوونشیان بۆ غەیری کەس ئەبێت ، سەرکردەکان و باڵە لە دەستەکانی پارتەکان پیشەکانیان گۆری بۆ کەسی خۆرە بەس کە ئەبێت بەس بخوات ، بیرۆکەی (پارت ) وەکو هەموو ڕستەکانی ناو دونیای سیاسەت دروست بوو لە خولیانی کۆمەڵی روناکبیر کە خۆیان کرد بە خاوەنی . لە پیغمبەرەکان .لە پیاو ماقوڵاناو لە فیلسوفەکان لە ساحر ، لە سەرکردەکان ،( سان سیمون . توماس مان . ئەنجلز . مارکس . سارتر لینین ، عفلق و ناسر . غاندی و ماندیلاو ، نەوەکانی شۆڕشی فەرنسا . شۆرشی روسیا .بەرەی فیکری چەپ و راستەوە بە سۆشیال دیموکراتەوە لیبرالتەوە ، کە لە زۆر ساتەکان لە ناو خۆیان زۆران بازی فیکری هەبووە کە هەر یەکێک لە خۆیان خاوەن باوەری پارت پارتیش لە خزمەتی مرۆڤدایە ، بەڵەم ئەوان هەمویان تاوانی هەرەسهێنانی مرۆڤیان هێناوەتە کایەوە ، کە لەزۆر کات دا کەوتونەتە زۆران بازی فیکری جەستی بۆدەسهێنان بە خەلاتی دامەزرینەری ووشەی پارت ، لە ئاکام دا بناغەی ئەم فیکرانە بەناو شۆرشگیریدا خولقینەری چەوسانەوەی مرۆڤ بە تایبەت لە ناو گۆمەلانی زۆر لێکراو ، درێژەی هێنا( پارتەکان) جۆر بە جۆر دروست بوون ،بەناوی جیاواز بە رەنگی جیاوازو بە کەسایەتی جیاواز ،بە بە ئاینی مەزهەبی جیاواز ، رەنگ بو بە دروشمی ئالاکان بە سوور بە زەرد سەوزەو بەرەش سپی بۆرو کاڵەوە بە وێنەی ئاژەڵەکان بە وێنەی شمشێرو چەکەوە ، بە وێنەی تیشکی خۆر روناکی مانگ تینی ئاگرو دۆزەخەوە بە رەنکی رەشی جەهنم دەستیەن کرد بلاو بوونە لە سەر زەمین، گەرانەویەک بۆ مێژوو بەئاسانی دەر دەکەوێ کە بناغەی هەموو دەوڵەت فاشیەکان دکتاتۆریەکان شان بە شانی ئەم ناوە دا بوو (پارت) ، پارت ،

هتلر وەکو نمونە

بۆ نمونه ( هتلر ) ئەو کابرایەی کە بە ئەسڵ نمساوی هیچ مافێکی بە ئەڵمانیا نەبوو لا دیک بووی نمسایە ، لە تەمنی هەژدە ساڵی دایکی ئەمرێ هتلر بە تەنیا بەجێئنەهێڵی ، زۆر خەفەت بار ئەبێ بۆی، ئەمەش بە پێی ووتەی ئەو پزیشکەی کە چارسەرەی نەخۆشیکەی دایکی هتلر ئەکرد کە بەم شێوەیە هتلر نەدیوە لە کاتەوە کە باوکی هتلر ئەمرێ لە تەمنی سیازدە ساڵا بووە ، ژیانی بە هەژاری بردووەتە سەر دوای لە تەمنی لاوی دا هەڵدێ لەسنورەکانی نمسا بۆ ئەڵمانیا بە و مانایە جەو ساوەو بووە ، لە ساڵی ١٩١٤ لە میونخ ئەبێتە سەربازێکی خوبەخش لە جەنگی جیهانی یەکەم دوای کۆتایی جەنگ بە پلەی سەرباز دەر ئەچێ ، لە بەرەی فیکری چەپەوە بۆ بەرەی فیکری راست خۆی ئەگۆڕێ ، یە بێتە شۆڕشگێر لە گەڵ کۆمەڵی هەڵاتووی رووسی دامزراندنی ( پارتی نازی ) ، ئەبێتە خاوەن پارت ، لە دوای دەست گیر ئەکرێ لە زیندان دا بە یارمەتی هاوڕی ( رودلف هس ) کە دوای ئەبێتە یەکێک لە جەنرارەکانی کتێبی (کفاحی) هەر لە زیندانداا ئەنوسێ ، خوێندنێکی بەرنامەی پارتەکەی پارتی نازی بە بەرنامە شۆرشگیریە ئینسانییەکەی لە کتێبەکەێ بەناوی ( کفاحی )دانی بە مافی گەلی ئەڵمانی ئارییەکانی پیشان ،بەڵام وەکو هەموو پارتەکان بووە دۆزخ بۆ گەلی ئەڵمانی ،وە لە ئەنجامی دروست بوونی پارتکەی بووە بەهێز ترین دکتاتۆر لە مێژوودا جەنگیکی(جەنگی جیهانی دوو ) لە سەران سەری لە ئەوروپا هەتاکو ئاسیا بەرێوە چوو ، نمونەکان زۆرن ، ئەمە بۆیە تێکرای دیباجە و بەرنامەی ناوخۆ بەرنامەی دەروەی هەموو پارتەکانی سەر زەمین لەسەر بنەمای سەربەزی و سەر فرازی سەربەستی و سەربەخۆی و مافی چارەی خۆنووسین و دارشتنی بۆ ئەکرێ ،بەشان و باڵی پارتەکان شیعر جێرۆک رۆمان نوسراوە ، بەڵام سەرجەم هەموو پارتەکانی سەر زەمین بەدرێژایی سەدەکان لە کارو بەرنامەکانیان خۆیان لایان دا ، بۆیە مرۆڤ زیاتر

چەۆسایەوە مرۆڤ زیاترِ کوژاو مافی خۆراو مافی گشتی لە کتێبەکان تەنیا نووسینە زیاتر هیچ شتێکی تر نی یە . (مرۆڤ -چەۆسانەو- خەبات -شۆرِش -شۆرِشگێر --پارت-دەوڵەت ) هەمووی خۆیان یەکتر ئەگرن لە یەک مسافەدا ئەوش مەرِ و شوانە.

## شۆرش و دەوڵەت

زاتەکان هەر خۆیانن کۆبونەوەتەوە دوای شەرِو ئاشوبە لەکاتێک هەر پێ هڵدانێک لە شوێنی خۆیدا پێناسەی بۆ کرا، چەوەسانەوە ، شۆرِشگیران ، پارتەکان ، بەرنامەکانانیان لەکۆتایی دابوون دابوو ، کارێکی زۆریان ئەنجام دا بۆ زاڵ بوون بە سەر مرۆڤەکان بەڵام لە ئاکامی زۆرینەی نێرۆ مێ پێوەندێ کردنیان بەیەکەوە بە کاری خۆیان کرد کە بووە ئەوەی مرۆڤەکان زیاد بن فکرەکان زیان بن ، بۆیە پێویستی کرد لەسەر لایەنی چەوسێنەر زیاتر بیریکی بڵاو بەکار بهێنێت بۆ دەسەڵاتی سەرتاسەری لەسەرِ مرۆڤ ، پێویستە مرۆڤەکان تەل بەند بن ببەسرێنەوە بە گوریس پا بگرێن لە چوارِ چێوەی زەویکدا ، ببەسرێنەوە بە مانای ئینتیما بوون بە خاک و نەتەوە وولات پارێزو و روحی نیشتمانی ، بیکەنە بارێکی قورس بەسەر شانی گۆمەڵی کەس

تەنیا   بۆ ئەوەی زیاتر خۆیان خمخۆری بەرژوەندیەکان بن ، بۆیە کایەی بیری دەوڵەت دروست بو ،   هەوڵدان کە هەر گۆمڵگایەک خۆێ بکات بەخاوەن خاکێک نیشتمانێک پەرەی سەند ، هەر لە سەرەتای بزوتنەوی ئەم بیرۆگەیە تێکرا مرۆڤەکان خۆشیان رێگایان دابین ئەکرد بۆ ئەم کارانە ،   ،هەر گۆمەڵی بەپێی بیرو و باوەر کاری بۆ کردووە ، ئێمە کارمان لەسەر ئەوە نیە هەتاکو چەند روحی نیشتمانپەروەری روحێکی پاک ئەبێت وەچێش وای لێ ئەکات دژی ماناکەی خۆی بوەستێ ،   ئێمە باسی ئەوە ئەکەین کە چۆن لەهەمو وێستگەکانی دروست بوونی دەوڵەت مرۆڤە ساکارەکان، کەوتنە ژێر فشاری دەسەڵات و پارتە جیاوازکان بۆ قازانجی گۆمەڵی کەس دوەڵتیان بونیات کرد بەبێ هیچ دان نان بەمافێ گەلان ، ئەگەر چی دەوڵەت دامەزرا هاوڵاتی بو بە تاکێک  لەناو دەوڵەت دا ، ، بۆ تۆزی زانیاری لە سەر دەوڵەت بەئەکادیمی ئەچینە ناو ماناکەیەوە ، ا

لە دەیەی حەفتا بەدواوە تیۆرییەکانی دەوڵەتسازی، لەناو ئەدەبیاتی یاسایی-سیاسیدا پەرەی سەندووە و گرنگیی تایبەتییان پێ دراوە. دەوڵەت، بە دامەزراندنی کۆمەڵێک دامودەزگای کارگێڕی، دارایی، دادوەری و سەربازی، بە شێوەیەکی یاسایی بڕیارەکانی خۆی لە چوارچێوەی وڵات و جوگرافیایەکی دیاریکراودا جێبەجێ دەکات. هزری دروستبوونی دەوڵەت، بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندیی بە گەشەکردنی چەمکی کۆمەڵگای مرۆییەوە هەیە. سەرچاوەی ئەم هزرە، دەگەڕێتەوە بۆ پێویستییەکانی مرۆڤ بۆ هاوکاریکردنی یەکتر لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا. پێداویستییە مرۆیی، ئابووری و ئاسایشییەکانی مرۆڤ، لە سەرەتادا پاڵنەر بوون بۆ دروستبوونی خێزان و پاشان هۆز و ئینجا گوند و شار و پاشان دەوڵەت، بۆ ئەوەی بتوانێ زیاترین پێداویستییەکانی خۆی دەستەبەر مێژوویندەوڵەت

ڕاستییەکەی، شتێکی دژوارە کە بتوانین مێژوویەکی ورد بۆ سەرهەڵدانی دەوڵەت دیاری بکەین. زۆربەی توێژەران لەو باوەڕەدان، مێژووی ئەم دیاردەیە بۆ سەردەمی دەوڵەتشارەکانی یۆنان دەگەڕێتەوە، کە وەک یەکەم یەکەی سیاسیی نزیک لە واتای دەوڵەت، بەگوێرەی زانستە سیاسییەکان سەریان هەڵداوە

هەرچەندە یەکەمین نموونەی دەوڵەتە مۆدێرنەکان یا دەوڵەتە ڕەهاکان، بۆ نزیکەی ٣٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە ئەورووپای ڕۆژئاوا دەگەڕێتەوە، بەڵام یەکەمین نموونەی دەوڵەتسازی، کە بە دەوڵەتە کلاسیکییەحکان یا دەوڵەتەکانی پێشمۆدێرن ناو دەبرێن، مێژوویەکی دوورتریان هەیە و بۆ نزیکەی ٦٠٠٠ تا ٨٠٠٠ ساڵ پێش زایین دەگەڕێنەوە. بە ئەم دەوڵەتانە شێوازی جۆراوجۆریان هەیە، وەک دەوڵەتشارەکان، سیستەمە فیۆدالییەکان، ئیمپراتۆرییە پاتریمۆنیاڵەکان، ئیمپراتۆرییە خێڵەکییەکان و ئیمپراتۆرییە بیرۆکراتییەکان. تیلی، دەوڵەتە کلاسیکییەکان، کۆمەڵەی شارە سەربەخۆکان، دەوڵەت وەک یەکێک لە گرنگترین چەمکەکان لە یاسای نێودەوڵەتیی گشتی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان وەرچەرخان و گۆڕانکاریی گەورە و بەرچاوی بە خۆیەوە بینی و چەندین تیۆریی جۆراوجۆر لەم بارەیەوە هاتنە ئاراوە، کە چوارچێوە و ناوەڕۆکی دەسەڵاتیان لەناو دەوڵەتدا دیاری کردووە هەرچەندە، مێژووی دروستبوونی دەوڵەت بە شێوازی کلاسیکی و مۆدێرن، مێژوویەکی کۆنە و مرۆڤ لەمێژە بەم چەمکە ئاشنایە، ە

زاراوەی دەوڵەت لە وشەی لاتینی **STATVSK** و **STATE**لە ئینگلیزی، کە ئاماژە بە حاڵەتی سەقامگیری و بەردەوامی دەکات. لە زمانی عەرەبیش لە (دال یدول) وەرگیراوە کە ئاماژە بە (التوقیت و الزوال) دەکات

یاسای نێودەوڵەتی، سیستەمێکە کە لەسەر بنەمای ویستی دەوڵەتەکان پێک هاتووە و دەوڵەتەکان بە ئەکتەری سەرەکیی ئەم سیستەمە لە قەڵەم دەدرێن. هەرچەندە لە سەدەی بیستەم، دامەزراوە و ئۆرگانی جۆراجۆر لە سیستەمی یاسای نێودەوڵەتیدا سەریان هەڵدا،

بەگشتی سێ پێناسەی جیاوازی یاسایی، سیاسی و فەلسەفی بۆ چەمکی دەوڵەت کراوە. لە پێناسەی فەلسەفیدا، دەوڵەت خاوەن ئامانجێکی سەرەکییە و لە سۆنگەی دەوڵەتی چاک، دەوڵەتی خوازراو یا دەوڵەتی خاوێن، ئەم گوزارەیە لێک دەداتەوە. . هەروا هەندێکی دیکە وەک مارکسییەکان، دەوڵەت بە ئەنجامی خەباتی هێزە کۆمەڵایەتییە ناتەباکان دەزانن زلە پێناسەی سیاسیدا،

هەر بۆیە، دەبینین لە سەرەتای سەدەی چواردە و پانزدە، کە دەوڵەتی هاوچەرخ، لە وڵاتانی فەرەنسا و ئینگلتەرا پەرەی سەند، لەو وڵاتانەدا وشیاریی نەتەوەیی گەشەی کردبوو، بۆیە دەتوانین گەشەی وشیاریی نەتەوەیی بە بناغەیەک بۆ دروستبوونی دەوڵەتە هاوچەرخەکابەپێی بۆچوونێکی تر، دەوڵەت بریتییە لە "کۆمەڵەیەک کە خاوەنی خاک و دانیشتووانە و ملکەچە بۆ دەسەڵاتێکی سیاسیی ڕێکخراو. بە وتەیەکی تر، بەپێی ڕێساکانی یاسای نیودەوڵەتی، دەوڵەت ئۆرگانێکە کە خاوەن سەرزەویی دیاریکراو و دانیشتووانی هەمیشەییە، کە لەژێر چاودێریی

لە دەیەی حەفتا بە دواوە، تیۆرییەکانی دەوڵەتسازی لە ئەدەبیاتی سیاسیدا پەرەی سەندووە. ئەمەیش وای کردووە چەندین تیۆریی جۆراجۆر لەم بارەیەوە سەر هەڵبدەن و تەنانەت فراوانبوونی ئەم تیۆرییانە، وای کردووە جۆرێک لە ئاڵۆزی و پشێوی دروست ببێ. لێرەدا هەوڵ دەدەین گرنگترینی ئەو تیۆرییانە بخەینە ڕوو، بەم جۆرەی خوارەوە:

سروشتییه که دەوڵەتە جۆراجۆرەکانی جیهان، بە درێژاییی مێژوو، بە شێوازی جیاجیا دروست کراون. هەر یەکەیان بەپێی هەلومەرجی تایبەت بە خۆیان، بڕیاریان لەسەر ئەو شیوازە داوە کە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت شیاوتر بووە.زۆربەی زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی کە، دەتوانین شێوازەکانی دروستبوونی دەوڵەت، بەم جۆرەی خوارەوە پۆلێن بکەین ، جیابوونەوە ، دابەشبوون ، دەستبەسەرداگرتن ، یەکگرتن: ، ڕیفراندۆم:

، کرداری یاسایی ، ێەمە باسێکیلێنەکادیمی بوو بۆ بۆ مانای دەوڵەت ، بەڵام بۆ گەڕانەوە بۆ باری ئینسانی دەڕ ئەکەوێت لە هەموو بوارەکان لە هەموو مێژوودا دەۆڵەت لەزۆر کاتەکانی دوای دروستبوونی ئەبێتە هاودژی خۆی بەماناکە ئەبێتە دەوڵەتی دکتاتۆری ،

ستالین ، هتلر.........

شۆرشی گەلی روسیا بەسەر قەیسەری ستەم کار لە سەرەتایی سەدەی بیست سەرکەوتنی هێنا ، هەڕ لەن دوای شۆرش و دروست بوونی یەکێتی روسیا دەوڵەتێکی دکتاتۆری دروست بوو کە نمونەی دکتاتۆر ستالین بووە ، پێشوەری ستالین هاوشێوەی ئەدۆلف هتلەر بوو ، هەردوکیان سەخترین دژمنی میللەتەکانی خۆیان بوون ، ستالین لە ناوچەی خۆرهەلات سەڕی هەڵداوە ، هتلەر لە ناچەوی خۆ ئاوا سەڕی هەڵداوە ، یەکیان سلافی دووەمیان ئاری بوو ، یەکیان شیوعی دوومیان دوژمنی شیوعیەت ، بەهەزارەها کتێب لێکۆلینەوە لەسەریان نوسراوە ، کەهەڕدوکیان خاوەن دوو سایکۆلۆجیای لە بنەڕەتدا یەک بوون ، ستالین باوکێ پینەدۆز بوو دایکی بەرگ دووری ئەکرد لەماڵان ، هەر لەمنالێدا دا ستالین خولیای هۆنراوە نوسین بووە ، لە جۆرجیا قوتابخانەی قشەی بەجیهێشت، بۆ ماوەی بیست ساڵ لەکاری سیاسی نهێنی کاری کردوە ، ماوەیەکەش لە زیندانەکانی سیبیریا بووە ، ،لە سالی ١٩١٧ لە

گەڵ لینین بوو کاتی ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئۆکتوبەر ، لە ساڵی ١٩٢٢ بووە بە ئەمیندارو سەرۆکی حزبی شیوعی سۆڤییەت ، دوای بە یەک مانگ ١٢٠ هەزار جوتیار بە زۆرە مەلی ڕاگیوزراونەتەوە بۆ گۆمەڵگا زۆر میللیە گشتو گالیەکان ، یاخود لەزیندانەکان بە هەزارها کەسی لەناو سۆپاو پۆلیس گرت لە زاناکان و دبلوماسیەکان لە پسپۆڕەکان سەرجەم کاسبی سۆڤییەتی ، هتلەر ستالین لە خودی خۆیان بە شۆڕشگیر ناسڕاو بوون ، هتلر لە دروست بوونی پارتە ئازدیخوازەکانی ئەڵمانیا کە لەدەسکەوتەکانی بەهێزترین دکتاتۆری دروست کرد بە ناوی هتلر کە لەخودی خۆی ئەبێت خەباتگێربێ بۆچەوساوەکانی ئەڵمانیا ، بەڵام ئەویش یەکێک بوو کە مرۆڤەکانی چەواشە کرد هەتاکو کۆتایی ڕۆژەکانی حوکمرانی ، هەموو نمونەکانی حوکمڕانی دەوڵەتە ئیسلامیاکان کە هەر لەسەر ناوی ئایینە مرۆڤەکانیان چەوساندووەتەوە عەباسییەکان ، ئەمەوییەکان ، ئەیوبیەکان ، راشدییەکان ،عەلوییەکان ، هەتاکو ئەم سەردەمەش وەکو دەوڵەتی ئیسلامی ئیران هتد ،هەموو دەوڵەتەکانی دوڕگەی عەربستان لە وڵاتانی مەغربەوە،بۆ عیراقی دکتاتۆری ملیک دوای بە دەوڵەتی دکتاتۆرێ سەدام ، ئەمانە چین تەنیا بەڵکەن کە هەردەم مرۆڤ لەژێر ناوەکان خەباتی بێ ئەنجامی داوە کوژڕاون ، زیندە بەچاڵ کراون ، دەر کڕاون ، ئاوارە بوونە ، لەهەمان کاتدا سەرانی شۆرش ، سەرانی پارت ، سەڕانی دەوڵەت ، لە خۆشی سەلامەتی دا ئەژێن ،

## میللەت و راپەرین ، شۆرش و دەسەڵات ، خێڵ و دزی و تاڵانی

ئەوەی خاوەن هەڵویست ڕۆیشت هەندەران ، بۆیە ڕۆژانی راپەرین لە کات و شۆن دا ئەبێتە بەردێکی زۆر گەورە لە ژێر پاماندا ، راپەرین کە خەڵک کردی خەڵگێکی کە مەیینەکی ئینتهازی ، سواڕ سەریبوون و ، هەرچی دامەزراوەی دەوڵەت هەبوو لەچەند ڕۆژێکێ کەمدا هەموو تەفر تونا کرا بەشێک زۆریشی لە کارگەو بەنداو کەل و پەلی فەرمانگەکان ، ئامێری قورسی دزیان و ئاودیویانکرد ، شتێک نەما ناوی پیشە سازی بێ ، هەموو کەوتە شێر لافاوی فەرهودوە بەکۆمەڵانی خەڵکی سەرتاسەری کوردستان عێراق هەموو بەژدار بوون تەنیا چەند تاکە گەسێک کە زۆر شەرمنانە سەیری ئەم حاڵەتیان کرد ، هەندێکیان لە هەوڵی ئەوە دابوون پاراستنی کتێبخانەکان بەکن لە سوتان لە دزین ، دامەزراوە هەبوو تەمنی سەد ساڵ لەم دەوڵەتەدا وێرانکرا ، نازانرا راپەرین بۆ ئەو کرا یاخود بۆ رۆخانی سەدام حوسین ، کە دامو دەزکای خزمت گوزاری لە کوردستان بۆ خزمەت هاوڵاتی کورد دوای بۆ خزمەت شۆرش ڕاتەڕین ئەبوو ئەگەر تاڵان نەکرایە ..

شۆرش ........

هەر لە سەرتاوە هاتن وەکو رەشەبایەکی رەش بەناو شاخ و بیابان هاتۆ چۆیان کرد بە هەڵگرتنی ئاڵای هەڵگیرسانی شۆرش کەوتنە ناو لادێو دێهاتەکان ، سەیریان کرد کۆمەڵکایەکی بەرهەم هێنەر ساکار لەناو لادێکان ئەژین ، دەستیان درێژ کرد سەر بەرهەمی دەستیان بخۆن ، بۆیە مەیدانی شۆرش لادێکانی کوردستان بوو ،لادێکان بەشێکی گرنگی ژێر خانی ئابوری بوو ، خوری و

ئاژەڵ و بەربوومی کشتو کاڵی بەرهەم ئەهێنا ، شۆرش کومەڵگایەکی کوردەواری لە کۆمەڵگایەکی بەرهەم هێنەر ەوە گۆری بۆ کۆمەڵگایەکی چەکدرا و عەسەکەری تارێ و بەرهەم هێنانی توندو تیژی

دەسەڵات ........

خۆی زۆر جوان دیار بوو گی کردی گێ هاتو گێ رۆیشت گێ بردی گێ خواردی ، دوای ڕاپەڕین گۆمەڵانی خەڵک چاوەروان بە چاوی گێورەوە ، نەشیان زانی کە کەوتنە داوی کۆمەڵی دەسەڵاتداری پارەپەرست ، ئەوانەی دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرد کۆمەڵێک خەڵکی نەخوێنەواری ئۆردوگاکان بوون ، هەندێکیان هەر شاری نەدیبوو ، وهەندێکیان بەدرێژای تەمەنیان دووکتێبیان نەخوێندوەتەوە ، واتا سیاسیەکی دۆڕاو بوو ، نەزان ، چاوچنۆک.

خێڵ .....

خێڵ شوێنی دامەزراوەکانی گرتەوە ، دەسرۆیشتوەکانی ناو خێڵ دەستیان گرت بەسەر زەوی وزاری دەوڵەت وشوێنە تجاریەکانی شارەکان وبەپارەی میللەت مۆڵ وباڵەخان وکۆمپانیایان دروستکرد.

دزی وتاڵان ........

دەسڕۆیشتوانی ناو حیزبەکان ، کە بەڕابەڕایتی پارتی و یەکێتی و کۆمەڵی حزبی کوردستان تر دوای ئەوەی خۆیان بەڕنگی سەوز زەدو سوورو رەنەگەکانی تر خۆیان گۆڕی چوونە ناو ریزی میللەتەوە ، دەستیان بە دزینی سەروەت وسامانی کوردستان کرد وبە ملیارات دۆلاری ئەم وڵاتەیان تەحویلی بانکەکانی دەرەوە کرد ، بۆ ئەوەی ژیانێکی های لایف بژین لەیادییان چوو کە ئەوان هاتونە بۆ خزمەتی میللەت ...

میللەت .......

میللەت لە بەربوومی راپەریندا میللەت تەنها هەژاری ونەبوونی وڵاتێکی موفلس وێرانی بۆ مایەوە.بەعەقڵی خێڵەکیانەو نەخوێندەواریەوە، خۆیان کرد بە،خاوەن تاپۆی رەشی کوردستان هەر یەکێکیان ووتی من خاوەن ئەم گردەم گردەکان تەنیابووە شۆنی سەرکردەکان کەکاتێک خاوەن مترێ زووێ نەبوون ، بۆیە گرد نەما لە کوردستان بێ خاوەن ، ئەمانە کوردستانیان داگیر کرد وسەروەت وسامانی وڵاتەکەیان دزی وئەوەشی ماویەوە فرۆشتیان بە تورک ئێران .بەهەموو حیزبەکان نزیکەی دووسەد ئەندام سەرکردایەتی ومەکتەب سیاسیان هەبوو ، لەم دووسەدە ، پێنج کەسیان تێدا نەبوو شارەزای سیاسەت بێت ، ساڵی کتێبێک بخوێنێتەوە ، بەڵام بەسەدەها ساسەت مەداری بەپرسانی دوای راپەرین بە،بروانامەی تەزویری بوونە خاوەن پلەو پایە ، لە کاتێک دا ناتوانی قلەوێتەیەک ببستێ و نازانێت جل لەبەرکات نۆزانێت ئەتکێت چیە ، کۆیلەی یەکترن ، درۆزن ، سوک بوون ، دەیان رفتار وپەیوەندی سێکسیان بۆ خۆیان حلال کرد ، دڵنیام تییان هەیە لەرۆژگارێکدا سێکسی لەگەڵ کەر کردوە ، ئێستا ملیاردێر بووە ، لە دەسکەوتەکانی راپەرین مناڵانی بەپرسانی پارتەکان بە بێ مەرجی یاسایی لە زانکۆ خۆێندیان تەواو کرد بەبێ هیچ مەرجێک دامەزرا بووە خاوەن مووچە ، بەبێ ئەوەی دەوام بکات ،

ئەمانە وڵاتەکەیان سفرکرد لەپیشەسازی، کشت وکاڵ، لە ئاکام دا ئەم دەسەڵاتەی کە ئێستا حوکمرانی کوردستان ئەکا دروست بوون هەتاکو ئەم ساتانە هەڕ خۆیانن هەڕ خۆشیان ئەمێنن ئەگەر ئەمە حاڵی میللەت بێ ، بۆیە ووترا .... زێرە ...زێرە سەرۆکانی حزبەکانمان زێرە

ڕوسۆ، کوڕی دەوڵەتشاری ژنێڤ، لێ نووسەر و هونەرمەند و فەیلەسوفی فەڕەنسی، زۆر بەقووڵی بەریەککەوتنەکانی کەسی خۆی و دەسەڵات بەهەند وەردەگرێت. خەریکبوونی تیۆرییانەی ئەو بەم پرسەوە قۆناغبڕە بە کاریگەیی قووڵەوە لە دەرەوەی فەڕەنساش. ئەمە بەوەدا ڕووندەبێتەوە کە زۆرینەی فەیلەسوفانی هاوچەرخی مەگەر تەنیا لەنێو کتێبەکانی مێژووی فەلسەفەدا ناوببرێن، بۆ نموونە ڤۆلتێر، لێ ڕوسۆ تا ئەمڕۆ هەنووکەییە.

ڕوسۆ یەکێکە لە فەیلەسوفانی "تیۆریی مافی سروشتی"، کە ناسراوترین نوێنەرانی بریتین لە تۆماس هۆبس و جۆن لۆک. فەیلەسوف لەم شێوەیەی فەلسەفاندندا تیۆرییانە دەسەڵاتدارییەکی ڕەوا بە تێڕوانینی خۆی بنیاتدەنێت، بۆ ئەم مەبەستەش لە پەیوەندییە دەوڵەتییەکانی سەردەمەوە بەرەو پاش دەگەڕێتەوە بۆ نێو ڕەوشێکی سروشتی، واتا بۆ نێو پێکەوەژیانی مرۆڤان پێش دامەزراندنی دەوڵەت، تاکو ئیدی لەم ڕەوشەوە ئەرگومێنتەکانی خۆی بۆ بناغەڕشتنی دەوڵەتێکی ماف هەڵبهێنجێت. بێگومان هەر فەیلەسوفێکیان بەگوێرەی مرۆڤدیدییەکەی خۆی گۆڕان بە ئەنترۆپۆلۆژییەک (مرۆڤناسییەک) دەدات و تێیدا گریمانەی پەیوەندییە بەسروشتی بنیاتنراوەکانی نێوان مرۆڤان دەکات. دیدێکی کورت و پوخت لە هەر یەکەی تیۆرییەکانی هۆبس و لۆک گەرەکە یاریدەمان بدات ڕوونتر پرسی سوڤەرێنێتی (دەسەڵاتداری) لای ڕوسۆ ببینین.

هۆبس و لۆک، وەک دوو فەیلەسوفی سیستەماتیکی ئینگلیزی، ئەزمونگەران، لێ ئەزمونگەری لای هۆبس پتر واتای سێنسوالیزم (سێنسگەرایی) دەگەیەنێت، واتا ئەم گریمانە دەکات کە سێنسەکان (حەواسەکان) بەسەر مرۆڤاندا سەروەرن و بەمەش دەیانکەن بە بەرژەوەندگەرا. جگە لەوە ئەم دوو فەیلەسوفە "مێژوو" ناناسن، بەڵکو لە سەرەتاوە گریمانەی ڕەوشێکی

سەرجەمییانەی سروشتی دەکەن. بە شێوەیەکی دی ببێژین، هزرینی مێژوویی لە فەلسەفاندندا بۆ یەکەم جار لای ژۆن-ژاک ڕوسۆ سەرهەڵدەدات.

هۆبس لەو ڕۆژانەدا دێتە جیهانەوە کە فیلیپی ئیسپانی گەلەکەشتییەکەی خۆی بەناوی "ئەرماندا" بۆ هێرشبردنە سەر لەندەن ئامادەکردبوو و دانیشتوانی ئەو شارە لە ترسدا تۆقیبوون. هۆبس سەبارەت بە زایینی خۆی دەبێژێت: "دایکم دووانەی هێنایە جیهانەوە: من و ترس". ئەم هەستە خۆییە کە هۆبسی کامڵ دەریدەبڕێت، لە ئەنترۆپۆلۆژییەکەیدا وێنەدەداتەوە و مرۆڤ ناودەنێت "گورگ". ئەو لە سێنسگەراییەوە، لە ڕوانگەی بارگاویبوونی سێنسە مرۆڤییەکانەوە بە خواست و بەرژەوەندیی خۆیی، سەرجەم پەیوەندییەکانی نێو ڕەوشی سروشتی ناو دەنێت "دۆخی جەنگی یەک دژ بە یەک"، ئەمەش وەک سەرئەنجامی سروشتی مرۆڤی گورگ. لێرەدا گەرەکە ئاماژە بۆ ئەوە بدەین کە جەنگ لای ئەو تەنیا واتای شەڕی فیزیکی ناگەیەنێت، بۆ نموونە کوشتار بە چەکی جیاواز، بەڵکو بوختان، فیتنەیی، ماچ و پاشقول، زەمکردن، تا دەگات بە داگیرکردنی ناڕەوای زەوی و باخی کەسانی دی، یان سامانکۆکردنەوە لەسەر ورگی خەڵک و هتد، مۆرکی ئەم ڕەوشەن. ئاخر مرۆڤ وەک بەرژەوەندگەرا هەر شتێک وەردەگرێت کە بۆ ئەو شادیبەخش بێت، لێ هەر شتێک بۆ ئەو شادیهێن نەبێت یان بە بەرژەوەندییەکانی نەگونجێت، ڕەتی دەکاتەوە. بێگومان لە ڕەوشی سروشتیدا یاسای ئەرێنیی سروشتی هەن کە بڕێک ڕەوشی جەنگ هێوردەکەنەوە، وەک: سڵاوکردن، بەهاناوەچوون، هەستان لەبەر میوان و هاوشێوەیان، لێ پێکڕای ئەم ڕەفتارانە تەنیا بۆ بەرژەوەندیی خۆیی دەنوێنرێن. بەکورتی: ئەمە ڕەوشێکی هەژار، داماو و دازناوە کە تا سەر مرۆڤان بەرگەی ناگرن. لە حەوسەڵەیاندا نامێنێت. بۆیە زەروورەی پەیمانێکی جڤاکی ناچاریان دەکات هەڵوێست وەربگرن:

"من بەو مەرجە دەستبەرداری مافی خۆم بۆ هەبوونی هەر شتێک دەبم، کە تۆش دەستبەرداری هەمان مافی خۆت بۆ هەبوونی هەر شتێک ببیت".

لێ ئەم پەیمانە جڤاکییە هێشتا ناتەواوە، بەس نییە بۆ "هەڵبەستن"ی دەوڵەت. ئاخر تەنیا کاتێک بەرژەوەندچییان ڕادەگیرێن و بەمەش پەیمانە جڤاکییەکە وەک دەوڵەت کارایی خۆی وەردەگرێت، گەر سەرجەمی پەیماندەران مافی خۆیان تەسلیمی سوڤەرێنێک (سەروەرێک) بکەن کە دەبێت ڕەها (ئەب-سولوت = لێ-جیابۆوە) بێت، واتا خۆی لە دەرەوەی دەوڵەت ببینێتەوە، ئەوجا بە یاسا و زەبری چەک ژیانی ئاشتەوایی بسەپێنێت، سزای ئەوانە بدات کە پێویستە و پاداشتی ئەوانە بداتەوە کە شایستەیین.

هەروەها جۆن لۆک ڕەوشێکی سروشتیی سەرجەمییانە دیاری دەکات. لەم ڕەوشەدا مرۆڤان بە یاریدەی ئاوەزی خودابەخش پێکەوە بەئاشتی دەژین، پێکڕا ئازادن و بە دەستوێژی سروشتی خەریکی ئاڵوگۆڕن (مەڕێک بە فەردەیەک گەنم). لەم ڕەوشەدا هیچ کەس مافی نییە هەبوونی ماف بۆ هەر شتێک لە هیچ کەس زەوتبکات. موڵکایەتی مافێکی پیرۆزی هەمووانە. وەلێ هەمووان وەک یەک ئاوەزیان بەگەڕناخەن و چوست و چالاک نین کە ئیدی تا ڕادەی شیان زەویی فراوان بۆ چاندن بەپیت بکەن. چالاک و ئاوەزمەندەکان بەم مۆرکەیان لە باقییەکەی دیکەی نێوەندە جڤاکی-سروشتییەکە جیادەبنەوە. جگە لەوە کرداری بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەرهەمهێنان کە تایبەتە بە ئەوان، لە بەرژەوەندیی هەموواندایە، چونکە ئەو ئاوەزمەند و چالاکانە پەرە بە داهاتی گەلەکی دەدەن. بۆیە کێ تەمەڵ بێت و زەویی بۆ چاندن بۆ نەمێنێتەوە، مافی نییە گلەیی بکات، چونکە کەسی یەکەم بەهێزی ئاوەز و بازووی خۆی تا ڕادەی شیان زەویوزاری فراوانی بەپیتکردووە و زیاد لە پێداویستیی خۆی بەرهەمی خستۆتەوە. بەم شێوەیە بە هاتنەئارای جیاوازی موڵکایەتی، بەتایبەتیش بە سەرهەڵدانی پارە

وەک دەستوێژی ئاڵوگۆڕ کە نە بۆگەن دەکات و نە دەوەرێت، ڕەوشی سروشتیی پڕ لە ئاشتەوایی وەردەگۆڕرێت بۆ دۆخی جەنگی یەک دژ بە یەک، کە بەتایبەتی زیانی بۆ دەوڵەمەندەکان دەبێت، چونکە جارێ ئینستانسێک لەگۆڕێ نییە کە مافی موڵکایەتی دیاری بکات و ئاشتەوایی جڤاکی بسەپێنێت. لێرەوە ئیدی پەیمانی جڤاکی پێویست دەبێت و پێکرا بە ڕێبەریی دەوڵەمەندەکان حکومەتێک پێکدەهێنن، لە نێوەندیشیدا، کەواتە نەک لە دەرەوە وەک لای هۆبس، سوڤەرێن خۆی دەبینێتەوە. سوڤەرێن بە دەنگی زۆرینە دێتە سەر حوکم و هەر بە دەنگی زۆرینە وەک پێویست لادەبرێت. ئەم تیۆرییە دەچێتە نێو دەستووری دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە.

ڕوسۆ تیۆرییەکانی "مافی سروشتی"ی پێش خۆی چاک دەناسی. لێ ئەم، بۆ نموونە وەک هۆبس و لۆک، فەیلەسوفێکی ساردوسڕ نەبوو کە تەنیا بە داڕشتنی لۆژیکی، یان بە زمانی هۆبس ببێژین، "بەبێ خشڵ"، خۆی دەرببڕێت. هۆبس دەیگۆت، فەلسەفە وشک و ناشرینە، مەبەستیشی لەوە بوو کە نابێت لە فەلسەفەدا کەمترین "ڕەوانبێژی" هەبێت. لێ ئێمە بە نموونەی ڕوسۆ هاوکات بەر هزری "دێلیکاتێس"ی فەڕەنسی دەکەوین، کە واتای "بەچێژ، بەتام" دەگەیەنێت و لەم پەیوەندییەی هزرینیشدا ئاماژەیەکە بۆ داڕشتنی جوان کە لە بنەڕەتدا ئەدگاری ئەدەبە. بێگومان گەرەکە ئاماژە بۆ ئەوە بدەین کە ڕوسۆ خۆیشی نووسەری ئەدەبی و هونەرمەند بوو و ئەم ئەدگارەی لە نووسینەکانیدا وێنەدەداتەوە.

ڕوسۆ لە "دیسکورزی نایەکسانی"دا **(1755)** گۆڕان بە ئەنترۆپۆلۆژییەکەی دەدات. بەم نووسینەی ئەو هزرینی فەلسەفەیی-مێژوویی دێتە نێو فەلسەفەوە بە کاریگەریی قووڵەوە نەک تەنیا لەسەر ئیدیالیزمی

ئەڵمانی، بەڵکو لەسەر مارکسیزمیش. ئەنترۆپۆلۆژیی مارکسیزم کتومت ئەنترۆپۆلۆژییەکەی ڕوسۆیە.

ڕوسۆ پەیوەند بە ڕەوشی سروشتییەوە پێشبینیی "ناتورێک"ی، یان زیندەوەرێکی مرۆڤیانەی ئاژەڵئاسا دەکات کە لەنێو خودی سروشتەوە دەر-چووە بەبێ ئەوەی خاوەنی ئاوەز و زمان یان ڕەوشت بێت. ئەم مرۆڤە تەنانەت خواستی بەکۆمەڵایەتیبوونی نییە، بۆیە پەیوەندیی تەنانەت بە هاوڕەگەزی خۆیەوە نییە، بەڵکو بۆ خۆی دەژی و تەنیا مشوری ساتارکردنی پێداویستییەکانی دەخوات، پێداویستییەکانیش بریتین لە خواردن و خواردنەوە، نووستن و جووتبون.

گرنگترین مۆرکی مرۆڤ لە ڕەوشی سروشتیدا بریتییە لە ڕەمەکی "خۆخۆشویستن" کە سروشت بۆ مسۆگەرکردنی خۆهێشتنەوە پێیداوە. ڕەمەکی خۆخۆشویستن بە دیدی ڕوسۆ سیمایەکی باشی مرۆڤی سروشتە، چونکە بەهۆی ئەو ڕەمەکەوە بەردەوام خەریکی خۆیەتی و لێرەشەوە دەیبزوێنێت بۆ ئەوەی خۆی وەک تاک بپارێزێت. مرۆڤ بێگومان ترسی لە ئازار و برسێتی هەیە، ئەوە نەک بەهۆی مەرگەوە، چونکە ئاژەڵ هەرگیز نازانێت کەی دەمرێت. مرۆڤ لە ڕەوتی بەکۆمەڵایەتیبووندا بە مەئریفەی مەرگ و وەی دەگات.

"بەزەیی" ڕەمەکێکی دیکەی سروشتییە و چە لای مرۆڤ و چە لای ئاژەڵ بەدی دەکرێت، بۆ نموونە لای ئەسپ. بەزەیی "نەویستن ی مرۆڤە بۆ بینینی هاوڕەگەزەکەی لە ئازاردا"، بۆیە خێرا لە تەنگانەدا بەهانایەوە دەچێت، بەمەش بەزەیی دەبێتە هۆی هێشتنەوەی ڕەگەزی مرۆڤ، چونکە سنوورێک بۆ خۆخۆشویستن دادەنێت و نایەڵێت کاریگەرییەکی نالەباری هەبێت. ڕوسۆ بەزەیی لە ڕەوشی سروشتیدا بەرانبەر ڕەوشت لە ڕەوشی جڤاکیدا دادەنێت.

"خۆشەویستی" یەکێکە لەو ڕەمەکانە کە بەسەر هەموو بەربەستێکدا زاڵ دەبێت. لێ خۆشەویستی دوو جۆرە کە ڕوسۆ ناویان دەنێت جەستەیی و دەروونی. یەکەمیان ڕەمەکێکی گشتییە کە ڕەگەزێک بۆ لای ڕەگەزەکەی دی دەبات، دووەمیان مەیلێکە کە ڕەمەکە گشتییەکە بە کەسێکی تایبەتییەوە بەند دەکات. مرۆڤی سروشت بە دیدی ڕوسۆ تەنیا خۆشەویستیی جەستەیی دەناسێت و دوای بەیەکگەیشتنی ڕەگەزەکان و جووتبوونیان، لە یەکدی دووردەکەونەوە، تەنانەت زارۆک دایکی خۆی جێدەهێڵێت دوای ئەوەی پێویستی پێی نامێنێت. بە پێچەوانەشەوە خۆشەویستیی دەروونی هەستێکە کە لەتەک کولتووردا دێتە ئاراوە، واتا لەتەک ئەو خو و نەریتانەدا کە کۆمەڵێک لەسەریان ڕێکدەکەوێت.

ئێمە گەرەکە لای ڕوسۆ جیاوازی لە نێوان دوو قۆناغی ڕەوشی سروشتیدا بکەین: لە ڕەوشی سەرەتایی سروشتیدا نە "من"ی مرۆڤ و نە زمان لەگۆڕێن. لێ پەیوەندیی نێوان مرۆڤان و ژینگە، هەروەها کێشەی ساتارکردنی پێداویستییە مرۆڤییەکان، هێدی هێدی شێوەیەکی نزیککەوتنەوە لە یەکدی پێویست دەکەن. ئاخر درەختی بەرز هەن و مرۆڤ هێندە ئاسان دەستی بە بەری گرتوویان ناگات، ئاژەڵی دڕندە هەن و بە هەمان خۆراکی ئەو خۆیان دەژێنن، کەواتە ڕوودەکەنە ژیانی ئەو و ناچاری دەکەن فێری ڕاکردن یان بەرگریکردن ببێت، لێرەشدا چەکە سەرەتاییەکانی بەرد و لکی درەختن. بە خڕبوونەوەی ناچارەکیی مرۆڤان کۆمەڵگەلی بچووک دێنەئاراوە کە ئەندامانیان بە خواستی خۆیان لە یەکدی نزیککەوتوونەتەوە، جگە لەوە پێکڕا هاومافن، یەکسانن، ئازادن. هەموو هاوکاریی یەکدی دەکەن تاکو پێداویستییەکانیان ساتار بکەن.

ڕوسۆ لە ڕەوتی داڕشتنی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبووندا ئێکسکورزێک دەکات بە خەریکبوونێکی زمانفەلسەفەییەوە لەتەک سەرهەڵدانی زماندا. ئەو بەم فەلسەفەیەی زمان خودای سەردەمەکەی، واتا ئاوەزی ئەزەلی، لەسەر تەختی

دەسەڵات دادەگرێت و پێشانی دەدات کە چۆن هەموو تێگەکانی مرۆڤ "هێدی هێدی" لە ڕەوتی بەکۆمەڵایەتیبووندا سەریانهەڵداوە.

یەکەم زمان کە لە ڕەوشی سەرەتایی سروشتیدا پێویستە، بریتییە لە "هاوار" کە ڕەمەکییانە بەهۆی مەترسی یان ئازارەوە لە مرۆڤ هەڵدەستێت و مرۆڤ بەو دەنگە داوای یارمەتی لە هاوڕەگەزی دەکات. پاشان لەتەک پەرەسەندنی گرفتەکانی ژیان و لە ڕەوتی بەکۆمەڵایەتیبووندا دەربڕین بە دەنگی جیاواز و گەیەنراو بە بزووتنێکی تایبەتیی لەش (بە ژست) دەوڵەمەند دەکرێت تاکو واتاکە ڕوونتر بکرێتەوە. مرۆڤ سەرەتا بابەتە دیار و بزێوەکان بە ئاماژە و بابەتەکانی بیستن بە دەنگ ڕوون دەکاتەوە، لێ تەنیا بابەتەکانی ئامادە دیاری دەکات، ئەویش نەک هەموو کات، چونکە بابەتەکان بە هاتنی تاریکی دیار نامێنن و چیدی شیاوی بەکارهێنان نابن. بۆیە ئێستا "سەرنج" پتر پێویست دەبێت. سەرەڕای ئەوە جارێ دەستوێژی دەنگ زەحمەتە بۆیان بەهۆی ئۆرگانە تورتەکانی زمانەوە، چونکە ڕاهێنانیان پێنەکراوە. لە سەرێکی دیکەوە دەبێت وشەکانیان واتایەکی زۆر فراوانیان هەبووبێت، دەبێت بە یەک وشە ڕستەیەکیان دەربڕی بێت، چونکە جارێ نەیان توانیوە ئاخافتن بەسەر ڕستەی تێگەیەنەردا بەش بکەن. مرۆڤ بەدووی ئەمەدا و بە تەقەلایەکی زۆر و درێژخایەن فێر دەبێت، بکەر لە تەواوکەر و ڤێرب لە ناو جیا بکاتەوە، لێ ناوەکان جارێ ناوی خۆیی بوون و چاوگیش تاکە فۆرمی ڤێرب بووە. تێگەی ڕاناو زۆر درەنگتر دێتە ئاراوە، چونکە هەموو ڕاناوێک ڕوو دەکاتە واژەیەکی ئەبستراکت، هەروەها چونکە ئەبستراکتکردنەکان چالاکییەکی ناسروشتی و درێژخایەنی هۆشمانن. لە ڕەوتی کارابوونی زماندا هەر بابەتێک ناوێکی تایبەتیی لێ دەنرێت بەبێ گرنگیدان بە ڕەگەز و جۆرەکان. گەر داربەڕوویەک ناو بنرێت "ب"، ئەوا دەبێت دارگوێزێک ناوبنرێت "پ"، چونکە یەکەم تێگە کە مرۆڤ لە دوو شتەوە

چێی دەکات، تێگەی "جیاوازی"یە، ئەمەش کاتێکی درێژخایەنی تێڕوانینی دەوێت، تا ئیدی مرۆڤ دەزانێت کە داخۆ ئەو دوو شتە لە چیدا جیاوازن یان یەکدەگرنەوە. ئاخر ناولێنانێکی بەم چەشنە ئاسان نییە، چونکە سەرەتا دەبێت مۆرکی بابەتەکان بناسرێت و ئەوجا ئەو لایەنە کە لە یەکیان جیا دەکاتەوە، ئەمانەش پێش پلەی جیاوازیکردن و ناولێنانن. جگە لەوە تێگەکان لە هۆشی مرۆڤدا ناچەسپێن گەر وشەکان یاریدەدەر نەبن، هۆشیش لە ڕستەدا نەبێت لێیان تێناگات. کەواتە مرۆڤ دەبێت فێری ئاخافتن ببێت، کە "هێدی هێدی" لەتەک بەکۆمەڵایەتیبووندا دێتەدی، بەتایبەتی لەنێو خێزاندا، لێرەش بەتایبەتی لای زارۆک، چونکە ناچارە پێداویستییەکانی بە دایکی ڕابگەیەنێت.

ڕوسۆ دوای ئەم ئێکسکورزە ڕوودەکاتەوە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون. بە تەشەنەی ڕەگەزی مرۆڤ بەنێو جیهاندا گرفتەکانی مرۆڤان پەرەدەسێنن. جۆری زەوییەکان کە ئەوان لەسەریان دەژین و کەژەکانی ساڵ دەبن بەهۆی ڕێکخستنی شێوازی جیای گوزەران. ساڵی نەهات، زستانی درێژخایەن و سارد، هاوینی گەرم و پڕووکێنەر، دەبن بەهۆی سەرهەڵدانی وزەی جیاوازی چالاکی لەنێو مرۆڤاندا. مرۆڤان لە کەناری دەریا و ڕووبارەکاندا قولاپ دروست دەکەن و دەبن بە ماسیگر و ماسیخۆر؛ لە دارستانەکاندا تیروکەوان دروست دەکەن و دەبن بە ڕاوچی و شەڕانی؛ لە ناوچە ساردەکاندا دەکەونە بەخێوکردنی ئاژەڵ و بە پێستەکانیان خۆیان دەپۆشن، تا ئیدی جارێک بروسکەیەکی ئاگر هەڵگیرسێنەر ئاگریان پێدەناسێنێت و ئەوانیش بۆ خۆپاراستن لە سەرما بەکاری دەهێنن، پاشان فێری دەستوێژێک دەبن بۆ ئەوەی ئەو توخمە بپارێزن و سەرلەنوێ ئاگر هەڵبگیرسێننەوە. ئەم گۆڕانە نوێیانە دەسەڵات بە مرۆڤان دەدەن مامەڵەیەکی دی لەتەک ئاژەڵاندا بکەن، کە ئیدی پتر بێدار دەبنەوە، ئەوجا فێری

"تەڵەنانەوە" و "فێڵ" ی دیکە دەبن، تا لە کۆتاییدا دەبن بە وەستای "بەخێوکردن".

لێ خزانی مرۆڤ بۆ نێو هزرین لەوەش قووڵتر بڕ دەکات: مرۆڤ بە ڕوانینی بۆ دەرەوە هاوکات فێر دەبێت لە خۆی بڕوانێت، بەم ڕێیەشەوە میانەیەک لە نێوان خۆی و جیهانی دەرەوەیدا دەهێنێتە گۆڕێ. ئەمە دەسپێکی "نامۆبوون"ی مرۆڤە لە خۆی، چونکە بە ڕوانین لە خۆ یەکانەی مرۆڤ دەپچڕێت - دەبێت بە دوو بەشەوە. سەرەڕای ئەوە ئێستا لە ناخی مرۆڤدا ئارەزووی "نازین" دەپشکوێت و هاوکات خۆی وەک ڕەگەز لە سەرووی ئاژەڵەوە دادەنێت، کە پاشان لێرەوە فێردەبێت لەنێو ڕەگەزەکەی خۆیشیدا جیاوازی بکات. ئاخر تاکی مرۆڤ لە ڕوانینیدا بۆ دەرەوە هاوڕەگەزی خۆیشی دەکەوێتە بەرچاو.

ئەم گۆڕانانە زۆر درێژخایەنن و هەنگاوەکان هێواش دەنرێن، لێ توانا بە مرۆڤان دەدەن هەنگاوی خێراتر بنێن: تا چەند هۆش پێبگات، ئەوەندەش بەرهەمەکانی چالاکیی لەشیان کامڵتر دەبێت. ئێستا چیدی مرۆڤ لەنێو ئەشکەوتدا نانوێت، بەڵکو بە ئامرازی بەردین "خانوو" لە قوڕ و لکی درەخت دروست دەکات. ڕوسۆ ئەم گۆڕانە نوێیە ناو دەنێت "یەکەم شۆڕش (ڕێڤۆلوسیۆن)". مرۆڤان بەهۆی ئەم گۆڕانەوە بەسەر خێزانی جیاوازدا بەش دەبن، سەرەڕای ئەوە بەشداربووانی ئەم کۆمەڵە بچووکانە جارێ لە یەکێتیدا پێکەوەدەژین، چونکە ئازاد و یەکسانن. ئەم ڕەوشەی ئێستا ئەوەیە کە لە مارکسیزمدا ناودەنرێت "کۆمونەی سەرەتایی".

لێ ئەم ڕەوشە لەنێو خۆیدا یەکەمین توخمەکانی سەرهەڵدانی نایەکسانیی لەخۆگرتووە، چونکە ئازاترین و جوانترین کەس، دەنگخۆشترین و باشترین سەماکەر و هتد بەزۆریی "دەرکیان پێدەکرێت"، بەمەش فێری "ناز" و "فیز" دەبن. ئەوجا گەرچی ئەم ڕەوشە هێشتا هەر "لاوێتیی ڕاستینەی مرۆڤایەتییە" و

هیچ ناچارییەکی بۆ تێکچوون لە خۆ نەگرتووە، وەلێ کتوپڕ ڕوداوێک سەرجەم ژیان دەگۆڕێت، هەروەک ببێژین، "کودەتایەک" بەسەر ژیانی ئازادی و یەکسانی و خۆشەویستیدا ڕوودەدات، کە ڕوسۆ بەم شێوەیە دەریدەبڕێت:

"یەکەم کەس کە بە بیریدا هات ببێژێت 'ئەم زەوییە هینی منە'، ئەوجا کەسانێکی زۆری ساویلکە بڕوایان پێکرد، ئەو کەسە دامەزرێنەری ڕاستینەی سیڤیلیزاسیۆنە / ژیارییە".

کەواتە ئاگایی موڵکداری هۆکاری کۆتاییهێنانە بە ڕەوشی "سەرەتایی" سروشتی و دەستپێکردنی قۆناغی دووەمی ئەو ڕەوشە. ئیدی هەرکەس دەیەوێت خاوەندار بێت، بەم ڕێیەشەوە ئێستا "خۆویستی" جێ بە خۆخۆشویستن لێژ دەکات، تەنانەت سەروەری بەسەریدا وەردەگرێت. ئەم هەستە تەواو نێگەتیڤە، چونکە مرۆڤ بەهۆیەوە گیرۆدەی خۆی دەبێت و هۆش و ئارەزووی تەنیا بە بەرژەوەندییە ماتەریەلەکانییەوە خەریک دەبن. خۆویستی دەردە و مرۆڤ بەهۆیەوە لە خۆی وەک بەشێک سروشت نامۆبووە.

بەکارهێنانی زەوی بۆ کشتیاری و پاشان دابەشاندنی، ڕاستەوخۆ ماف بە خاوەنی دەدات بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی بۆ خۆی هەڵبگرێت و پاشان زەوییەکە خۆیشی وەربگرێت. لێرەوە موڵکداریی بەردەوام سەرهەڵدەدات، کە ساڵ بە ساڵ دەگۆڕرێت بۆ خاوەنداریی تایبەتی. کشتیاری بە دیدی ڕوسۆ بریتییە لە بناغەی سەرهەڵدانی خاوەنداری و دامەزراندنی حکومەت و دانانی یاسا.

لە ئەنجامی کاری دابەشدا کشتیار و کرێکاری مێتال لە یەکدی جیادەبنەوە، هاوکات ناچار دەبن بەرهەمەکانیان لەگەڵ یەکدیدا بگۆڕنەوە. لێ ڕادەی جیاوازی پێداویستییە ئابوورییەکان دەبێت بەهۆی سەرهەڵدانی ئاستی جیاوازی بەندبوونی نێویەکی لەنێو سەرجەم دانیشتواندا، تا لە کۆتایی ئەم گۆڕانە بەردەوامەدا موڵکدار و بێموڵک سەرهەڵدەدەن و بەرانبەر یەکدی دەوەستنەوە.

موڵکدارەکان پشت بە "مافی سروشتی" دەبەستن، واتا بەو کاتە کە دەستیان بەسەر یەکەم موڵکدا گرت، لێ بێموڵکەکان جەخت لە "مافی بەهێزتران" دەکەن. سەرەڕای ئەوە موڵکدارەکان جارێ ناتوانن مافێک بسەپێنن کە بەو پێیە بێموڵکەکان لە "هەبوونی ماف بۆ هەر شتێک" بەدەربکرێن. سەرەنجامی ئەم بەدپەیوەندییە بریتییە لە "جەنگی یەک دژ بە یەک" کە بەتایبەتی زیان بە دەوڵەمەندەکان دەگەیەنێت، چونکە لە لایەک لەنێو خۆیاندا یەکگرتوو نین و لە لایەکی دی هێزێکی ئەوتۆیان نییە کە خۆیان و موڵکەکانیان بپارێزێت. ڕوسۆ لێرەشدا بە بۆهاتنێکی بلیمەتانە وەرچەرخانەکە ڕووندەکاتەوە: "دەوڵەمەند" پلانێکی "بێرادە فێڵبازانە" دەچنێت: "پەیمانی جڤاکی". دەوڵەمەند ڕووی دەمی دەکاتە مرۆڤەکانی دەوری:

"با یەک بگرین، تا لاوازان لە چەوساندنەوە بپارێزین و تەمائکاران بەگیربهێنین، تا بۆ هەر یەکەمان ئەوە مسۆگەر بکەین کە هینی ئەو خۆیەتی؛ با پەیڕەوەکانی ئاشتی و دادپەروەری دابڕێژین، تاکو هەموومان بۆ پێکەوەژیان ناچار بکەن؛ بە کورتی، لەجیاتی ئەوەی هێزەکانی خۆمان بۆ تێکشکاندنی خۆمان بخەینە گەڕ، لە دەسەڵاتدارییەکی تاک و بڵنددا یەکیان دەخەین، تاکو بەگوێرەی یاسای دانایانە ڕێبەریمان بکات، ئەندامانی جڤاک بپارێزێت و بەرگرییان لێ بکات، دوژمن بشکێنێت و ژیانی گشتی لەنێو بەختیارییەکی نەگۆڕدا مسۆگەر بکات".

بەم شێوەیە هەژارانی لەژمارەنەهاتوو بۆ پەیمانێک ناچاردەکرێن کە بەتایبەتی زیان بە خۆیان دەگەیەنێت، چونکە ئێستا بۆ هەمیشە ڕەوایەتی بە نایەکسانیی جڤاکی دەدرێت.

"دیسکورزی نایەکسانی" بە سەرهەڵدانی دەوڵەتی بێدادی دەوڵەمەندەکان کۆتایی پێدێت. ڕوسۆ چەند ساڵێک دوای ئەو نووسینە (1762)، بە نووسینێکی

دیکەی تیۆرییانە خۆی بە پرسی دەسەڵاتدارییەکی ڕەواوە خەریکدەکات: "پەیمانی جڤاکی".

دەستپێکی ئەم نووسینە ڕستە بەناوبانگەکەیەتی کە دەبێژێت: "مرۆڤ بەئازادی دێتە جیهانەوە، لێ لە گشت لا لە کۆت و زنجیردایە". ئێمە بێگومان بۆ تێگەیشتن لەم ڕستەیە دەبێت پرسیار و وەڵامەکانی دوای ئەو بخوێنینەوە. ئاخر ڕوسۆ بەدوویدا دەپرسێت: "ئایا چۆن ئەوە هاتۆتە ئاراوە؟"، ئەوجا خۆی وەڵامداتەوە: "نازانم"؛ "ئایا چۆن ئەوە چارەسەر دەکرێت؟ باوەڕ دەکەم بتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە". ڕوسۆ بە "پەیمانێکی جڤاکی" وەڵامی کێشەی ئازادیی مرۆڤ و پێکەوەژیان دەداتەوە، وەلێ وەڵامەکانی گەلێک دژبێژی لە خۆ دەگرن. ئاخر وەک گۆتمان ئەو سیستەمگەرا نەبوو و دەرچەیەکی هزرینی لۆگیکی بچەسپێنێت.

ئازادی پرسی ڕوسۆیە. لێ ئازادی هەردەم دەشێت وەک هەقیقەتێکی ناخەکییانەی مرۆڤ لەگۆڕێ بێت، واتا جیاوازە لە پابەندی مرۆڤان بە دەسەڵاتدارانەوە، بە ڕەوشە ئابووری و جڤاکییەکانەوە. ئەمەش قووڵترین کێشەی بنیاتنانی دەسەڵاتی سیاسییە.

لای ڕوسۆ بەبێ پێکەوەگرێدانی پەیمانی جڤاکی (دەوڵەت) و ئەخلاق نەشیاوە دەسەڵاتدارییەکی سیاسیی ڕەوا دابمەزرێنرێت، کە ئاشکرایە لەبرییەکە بۆ دەوڵەتی ستەمکاری دەوڵەمەندەکان. ئەم فێڵبازانە دوای تێکچوونی دۆخی ئاشتەوایی و ئاسایشی سروشتی خەڵکیان بۆ خاتری بەرژەوەندیی تایبەتییان فریو دا و لە خۆویستییەوە پەیمانێکی جڤاکییان بەسەردا زیتکردنەوە، وەک ستەمکار بەسەریانەوە زیتبوونەوە. ڕوسۆ بە پێچەوانەوە پەیمانێکی جڤاکیی دەوێت کە "لە نێویدا هەرکەس، کاتێک لەتەک هەمووواندا یەکی گرتووە، تەنیا گوێڕایەڵی خۆی بێت" و هاوکات وەک "ئەندام" هەمەکییانە (تۆتال) لەتەک

جڤاکدا یەکبگرێتەوە. لێرەدا واژەی "هەرکەس" ئاشکرای دەکات کە ئەو مەرجە بەبێ جیاوازی چواندنی بۆ سەرجەم پەیمانبەستووان هەیە، کەواتە هیچ کەس بۆی نییە داوا بکات ئەو مافانەی بۆ بهێڵرێنەوە کە پێش بەستنی پەیمان هەیبوون، تەنانەت کەمترین بڕی لەو مافانەی پێشووی پێبدرێتەوە، پەیمانی جڤاکی هەڵدەوەشێتەوە.

ئێمە لەم پەیمانە جڤاکییەی ڕوسۆدا کۆکردنەوەی مافەکانمان نییە، یان بە شێوەیەکی نێگەتیڤ ببێژین، گەلەکۆمەکێمان نییە، گەڕەلاوژێی سوننەتیمان نییە، بەڵکو بەستنی پەیمانێکمان هەیە لە پرنسیپی چەسپێنراوەوە. ڕوسۆ ئەم پرنسیپە ناو دەنێت "ویستی گشتی" وەک دەرهاویشتەی ویژدان.

پەیمانی جڤاکی فاکتە، سەرهەڵدانێکی سیاسییە، لێ ویستی گشتی فاکت نییە، بەڵکو ئاڕاستەییە، بریتییە لە "گەرەک" و فۆرمێک دەچەسپێنێت کە لە دوو ڕووەوە کارایی وەردەگرێت: دەبێت لە ناخی هەر تاکێک و هاوکات لە ناخی هەمووواندا هەبێت. واتا: ویست "گەرەکە" گشتی بێت پەیوەند بە هەر تاکێکی پیمانبەستووەوە، کەواتە هەمووان بەبێ جیاوازی بگرێتەوە، هەروەها "گەرەکە" ئاڕاستەی سەرجەم، واتا خۆی کرابێت. ئەوجا لەبەر ئەوەی ئێستا ویستێکی ئۆبژێکتیڤییە کە بە مرۆڤ نابێژێت "چی" ئەنجام بدات، بەڵکو فەرمان دەدات کە "چۆن" گەرەکە ئەو بڕیار بدات بۆ ئەوەی خۆی و کردارەکانی چاک بن، ئەوا بریتییە لە ئۆتۆنۆمی و ئازادی.

ئێمە بۆ تێگەیشتن لە ویستی گشتی وەک ویستی سەرجەم گەرەکە لە پێکهێنانێکی دیکەی جڤاکی بڕوانین کە ڕوسۆ ناوی دەنێت "ویستی هەمووان" وەک کۆی ویستەکان. لێرەدا بەر تێزەکەی تیۆریی گێشتاڵت دەکەوین کە دەبێژێت: "سەرجەم / فۆرم گەورەترە لە کۆی کەرتەکان". بۆ نموونە فۆرمی خانوویەک کە بەنێو خانووەکەدا "هەڵهاتووە"، گەورەترە لە کۆی کەرتەکانی

خانووەکە، وەک بەرد، دەرگە، پەنجەرە و هتد. ئەم فۆرمە سەرجەمییە ئامانجی پەیمانە جڤاکییەکەی ڕوسۆیە، بە پێچەوانەشەوە ویستی هەمووان تەنیا کۆی بەرژەوەندییە جیاکانە، چونکە هەر تاکێک پەیمانەکەی بە مەرجی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی قبووڵکردووە. ئێمە لەم کێشەیە باشتر تێدەگەین، گەر لە هەڵوێستی ڕوسۆ بەرانبەر پارتی سیاسی و دەستە و تاقمە یەکگرتووەکان بڕوانین. هەموو پارێکی سیاسی دەشێت پەیوەند بە خۆیەوە ویستێکی گشتی، لێ پەیوەند بە سەرجەم جڤاکەوە ویستێکی تایبەتیی هەبێت. بۆیە ڕوسۆ داوا دەکات کە نابێت لەنێو دەوڵەتدا پارتی سیاسی هەبێت، چونکە پارت شوێن بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکەوێت، بەو ڕێیەشەوە زیان بە دەوڵەت، واتا بە "گەلی یەکگرتوو" دەگەیەنێت. هەروەها جیاوازیکردنی ڕوسۆ لە نێوان "سیتۆیا" و "بۆرژوا"دا کلیلێکمان بۆ تێگەیشتن لە پەیمانە جڤاکییەکەی ئەو پێدەدات. ئەوانەی یەکەم پەیمانبەستووانن، ئەوانەی دووەم، واتا بۆرژواکان، دوای بەرژەوەندیی تایبەتییان، دوای ویستی تایبەتیی خۆیان، دەکەون.

کەواتە ڕوسۆ لەم پەیوەندییەی پەیمانی جڤاکیشدا دەکەوێتەوە بەردەم کێشەی ئەو نامۆبوونەی نێو دۆخی سروشتییانەی جەنگی یەک دژ بە یەک کە لە "دیسکورزی نایەکسانی"دا دایڕشت. بێگومان ئەم کێشەیەی نامۆبوون هەر تاکێک دەگرێتەوە، کەواتە زۆر قووڵتر لە پەیوەندییە نوێ سەرهەڵداوەکانی نێو دەوڵەت بڕەکات (کە لە خوارەوە ڕووتر دەبێتەوە). سەرەتا ئێمە لە دەوڵەتەکەی ڕوسۆدا کە ناوی دەنێت "ڕێپوبلیک / کۆمار"، لە لایەک پەیمانبەستووانمان هەن کە بەویژدانانە لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتیدا لە ویستی گشتییانەوە کردار دەنوێنن، لە لایەکی دی "لە وڵاتدا" کەسان هەن کە گوێ لە دەنگی ویژدان ناگرن، بەڵکو خۆویستیی بێجڵەو وەک بناغەی تێڕوانین و ژیانیان دادەنێن. ئێمە لێرەدا بەڕوونی تیۆریی "سوڤەرێن"ەکەی ڕوسۆ

دەبینین. لای هۆبس پەیمانبەستووان سەرجەم مافی خۆیان بە سوڤەرێنێک دەدەن کە لە دەرەوەی قەوارە سیاسییەکەوە، دەوڵەتەوە، بەسەریانەوە حوکم دەکات؛ جۆن لۆک سوڤەرێنێک بە دەنگی زۆرینە لە نێوەندی قەوارە سیاسییەکەدا بۆ حوکمڕانی دادەنێت؛ لای ڕوسۆ بە پێچەوانەوە یەکگرتووان خۆیان بریتین لە سوڤەرێن، کە لەسەر ڕێنومای ویستی گشتی سەرجەمە ویستێکی گشتی پێکدەهێنن، بۆیە ئەم سوڤەرێنە نەشیاوە بەرژەوەندییەکی جیای لە هینی ئەوان خۆیان هەبێت. ئەوجا ئەنجامدانی ویستی گشتی بریتییە لە سوڤەرێنێتی و تەنیا ئەم بۆی هەیە دەوڵەت ڕووەو ئەو ئامانجە بەڕێوەبەرێت کە خودی دەوڵەت لە پێناویدا دامەزراوە: بەختیاریی گشتی. تیۆریی سوڤەرێنی ڕوسۆ بریتییە لە تیۆریی دێموکراتییەکی جەماوەری.

لێ چۆن پەیمانی جڤاکی بەبێ پرنسیپی ویستی گشتی کارایی وەرناگرێت، بەهەمان شێوە سوڤەرێنێتی ناتوانێت بەبێ بنەڕەتێکی گشتگیر ئامانجەکانی چالاکبوونی خۆی بەدیبهێنێت. ئەم بنەڕەتە بریتییە لە یاسا کە گەرەکە دەوڵەت بەرەو ئامانجی دامەزراندنی ئاڕاستە بدات. لەم ڕوانگەیەوە پەیمانی جڤاکی یان دەوڵەت لای ڕوسۆ قەوارەیەکی چەسپێنراوی ویستی گشتییە، لێ هاوکات پرۆژەیە، واتا لە بزووتندایە ڕووەو بەدیهێنانی بەختیاریی گشتی، ئەمەش وەک نیشانەی ئاشتبوونەوەی، واتا یەکگرتنەوەی مرۆڤ لەتەک خودی خۆیدا - وەک کۆتاییهێنان بە نامۆبوون (کۆمونیزمە یوتۆپییەکەی مارکسیزم).

ڕوسۆ لەم پەیوەندییەشدا خزاوەتەوە نێو دژبێژییەوە، لێرەشدا بەر کێشەیەکی نامۆبوونی مرۆڤ لە خۆی و سروشت دەکەوین کە لە سەرەوە پێشانمان دا. ڕوسۆ یاسا وەک بەرجەستەبوونی ویستی گشتی، وەک یاسای سەرجەم "گەل"ی پەیمانبەستوو بۆ هەمووان دیاری دەکات، لێ هاوکات دەبێژێت: گەرچی "گەل" هەردەم چاکەی دەوێت، ئەویش چونکە لە ویستی

گشتیی خۆیەوە کردار دەنوێنێت و هاوکات خۆی خستۆتە ژێر ڕکێفی ویستی گشتییەوە وەک ویستی سەرجەم، سەرەڕای ئەوە هەموو کات لە لایەنی خۆیەوە کێشە ئاڵۆزەکان نابینێت و ئەو بڕیارانە ناناسێت کە ویستی گشتی بەڕێوە دەبەن. ئاخر بڕیارەکان ڕۆشن نین، بۆیە پێویستییەک بەرۆکیان دەگرێت: پێویستە ڕێگەی ڕاستی پێشانی گەل بدرێت و کێشە و بڕیارە ئاڵۆزەکانی بۆ ڕوون بکرێنەوە.

لەم ڕوانگەیەوە دەوڵەت پێویستی بە "لێجیسلاتوێر"ە (یاسادانەرە)، واتا بە "مرۆڤێکی شاز" کە خاوەنی "ژیرییەکی نائاسایی" و "دەروونێکی میهرەبان"ە، کە هەموو سۆزەکانی مرۆڤ دەناسێت و لەژێر ڕکێفی هیچ کامیاندا نییە، کە بەختیارییەکی سەربەخۆی لە بەختیاریی گەل هەیە و سەرەڕای ئەوە مشوری بەختیاریی گەل دەخوات. ڕوسۆ پەیوەند بە لێجیسلاتوێرەوە تەنانەت دەبێژێت: "مرۆڤ پێویستیی بە خودایەکە تاکو یاسای بۆ دابنێت". لێ ئەم داواکارییەی ڕوسۆ پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە.

لێجیسلاتوێر یاسادانەر نییە. گەر ئەو دانەری یاسا بێت، ئەوسا یاساکان هینی خۆی دەبن، کەواتە لە نێویاندا ویستی تایبەتیی خۆی بەرجەستە دەکات. لەم ڕوانگەیەوە تێگەی لێجیسلاتوێر تەنیا دەستوێژێکی کۆنستروکسیۆنە. ڕوسۆ دەبێژێت: "لێجیسلاتوێر کۆمار دادەمەزرێنێت، لێ خۆی لە دەستوور بەدوور دەگرێت. پێگەی ئەو ئاستێکی تایبەتی و بەرزترە و هیچ پەیوەندییەکی بە دەسەڵاتداریی مرۆڤەوە نییە". ئەو تەنیا بەڕێی داناییەکەیەوە ویست و بەختیاریی گەل دەناسێتەوە، هاوکات ئەرکێک لە ئەستۆیدایە کە هاوشێوەی پێگەکەی شازە: لەبەرئەوەی گەلی خۆیەکخستوو لە زمانی مۆراڵپەروەری و دانایی، واتا لە زمانی یاسادانەر (و فەیلەسوف) تێناگات، هەروەها لەبەر ئەوەی هەموو ئەندامێکی جڤاک تەنیا بەو پلانانە ڕازی دەبێت کە پێی هەڵدەسووڕرێن و

تێیاندا سوودی خۆیی دەبینێت، ئەوا ئەرکی سەرەکیی لێجیسلاتوێر بریتییە لە پەروەردە. لێرەدا ئاشکرایە کە گەل دەبێت ئۆتۆریتیی ئەوی ناساندبێت تاکو ئیدی بتوانێت ئەرکە یەکجار "مەزن و دژوار"کەی بەجێبگەیەنێت کە ڕوسۆ دەیخاتە ئەستۆی: لێجیسلاتوێر دەبێت پێکهاتەی ناخەکییانەی مرۆڤ هەڵبگێڕێتەوە و کەسێتییەکی دیکەی پێبدات؛ دەبێت لە مرۆڤ هێزە خۆییەکانی بسەنێت و هێزی دیکەی ئەوتۆی پێبدات کە بە ئەو نامۆن و بەبێ یارمەتیی کەسانی دی نازانێت بەکاریان بهێنێت؛ دەبێت فۆرمی هەر ئەندامێک کە لە خۆیدا سەرجەمێکی کامڵ و سەربەخۆیە، بۆ کەرتی سەرجەمێکی گەورەتر وەربگۆڕێت!

ئامانجی ڕوسۆ لەم ئەرکە "مەزن و دژوار"ەی لێجیسلاتوێردا ئەوەیە کە "ئاگایی جڤاک ببێت بە بەرهەمی دەستوور". ئێمە لەم ڕوانگەیەوە گۆڕانێکی مێژووییمان لای ڕوسۆ هەیە بە ئامانجێکی دیاریکراوەوە: "پەرجوی یاسا" گەرەکە هاوڵاتییان بەو ئازادییە بگەیەنێتەوە کە لە دۆخی سەرەتایی سروشتیدا مۆرکی ئەوان بوو. لێ لەبەر ئەوەی دەشێت ئەو ئەرکە بۆ خودی لێجیسلاتوێر ببێت بە مایەی لێهزرین، یان بیێژین، تەنانەت ببێت بە مایەی سەرئێشە، ئەوا زۆر جار ناچارە لە پێناوی بڕواهێناندا بە ڕاڤەی کێشە زۆر و ئاڵۆزەکان هانا بۆ ئۆتۆریتییەکی دیکە بەرێت کە بەبێ زەبر و گفتدان بڕواهێنەر بێت بە مرۆڤ، واتا هانا بۆ ئاسمان بەرێت، هاوشێوەی باوکانی گەلان (موسا، لیکروگ، محەمەد) کە هانایان بۆ ئاسمان بردووە و بانگی خودایەکیان کردووە، هاوکات دانایی خۆیان وەک پەیامی نێرراوی خودا ڕاگەیاندووە تاکو گەلەکانیان بڕوایان پێبکەن. مەسەلەکە لای ڕوسۆ لەم پەیوەندییەدا ئەوەیە، کە گەر مرۆڤ یاساکان وەک دەربڕینی ویستی خودایەکی ئەزەلی ببینێت، ئەوسا ناتوانێت لێیان لا بدات، هاوشێوەی یاساکانی سروشت کە هەرگیز مرۆڤ ناتوانێت وەریانبچەرخێنێت،

کەواتە یاساکان هاوشێوەی یاساکانی سروشت وەک زەرووره وەردەگرێت و بە ڕێگری ئازادیی خۆی دایان نانێت.

گەچی سەرجەم دەسەڵات لای گەلی پەیمانبەستووە وەک سوڤەرێن، سەرەڕای ئەوە حکومەتێک بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارە پێویستەکانی کۆمار پێویستە. لێ پرسی بەڕێوەبەرایەتی لای ڕوسۆ لاوەکییە، گرنگ ئەوەیە کە سوڤەرێن بەردەوام چالاک بێت: گەرەکە کۆمیتە جیاوازەکانی سەرجەم ناوچەکان لە کۆبوونەوەی بەردەوامی پێویستدا بن، گەرەکە "دیمۆکراتییەکی خۆسەری" بریتی بێت لە کەتواری جڤاک، هاوکات هەر سوڤەرێن خۆی چاودێریی هەر هەنگاوێکی حکومەت بکات تا دەرفەتی نەبێت لە ئەرکی پێدراوی کە خزمەتکاریی سوڤەرێنە، لابدات. ئەرکی حکومەتێکی بەم چەشنە ئەوە نییە کە هەژاران لە دەوڵەمەندان بپارێزێت، بەڵکو ئەوەیە کە ڕێ لە کۆکردنەوەی سامانی زۆر لە هەمووان بگرێت. بێگومان ڕوسۆ دژی خاوەندارێی تایبەتی نییە، بە پێچەوانەوە بە مافێکی نەشیاوی دەستبەرداریی دادەنێت. گرنگ ئەوەیە کە نابێت لە کۆماردا دەوڵەمەند و هەژار هەبن.

کۆمار دوو زەمینەی ئابووریی پێویستە: کشتیاری کە یەکەم دابینکەری ئاسایشی جڤاکی و ئایندەی کۆمارە، ئەوجا پیشەی دەستی. ڕوسۆ دژی ئیندوستریی زەبەلاح بوو. ئێمە لێرەشدا سەرلەنوێ ئاماژەیەک بۆ گەلی پەیمانبەستوو وەردەگرینەوە. کشتیاران سەرجەم پێداویستییە خۆراکییەکانی کۆمار دابین دەکەن، پیشەگەرانی دەستی ئامرازە پێویستەکان بەرهەمدەهێنن. ئێمە لێرە لای ئەو توێژەین کە لە مارکسیزمدا ناودەنرێت "وردە بۆرژوا". ڕوسۆ لای ئەمان لە ماڵی خۆیدا بوو. ئاخر پیشەگەرانی دەستی بە داهاتی کەم ڕەزی دەبن، هاوکات کار بە کەسانی دیکە دەدەن، واتا بە شاگردەکانیان، بەمەش لە بەرژەوەندیی کۆماردا هەڵوێست وەردەگرن. ڕوسۆ لە ڕۆمانی "ئێمیل"دا

ئامۆژگاریی ئێمیل دەکات کە گەرەکە لە تەمەنی گەنجێتیدا فێری پیشەیەکی دەستی ببێت، چونکە بەو ڕێیەوە ئازاد دەبێت: کەی قسەیەکی ناشرینی پێبگۆترێت، هەگبەکەی دەپێچێتەوە و دەڕوات، ئەوجا لەتەک خۆیدا "هەردوو دەستی دەبات". پیشەگەری دەستی وەک کشتیار نییە کە دەشێت ڕۆژی چەند جار لەسەر زەوییەکەی ڕسوا بکرێت. بێگومان ئاشکرایە لێرەدا ڕوسۆ لە کشتیارانی نێو ڕەوشی سروشتی دەدوێت نەک نێو ڕەوشی کۆماری.

ئێمە لە سەرەوە بە نموونەی پەرجوی یاسا و ڕۆڵی لێجیسلاتوێر بینیمان کە ڕوسۆ زۆر ڕیشەییترە لەوەی تەنیا بە پەیمانێکی پراگماتییانەی جڤاکی قایل بێت. ئێستاش بە هەمان شێوە، دوای دیاریکردنی سوڤەرێنێتی و ڕۆڵی حکومەت و ئابووریی دەوڵەت، بنەڕەتێکی دیکەی شوناسی "کۆمارەکەی" دەچەسپێنێت کە بەڕاستی شۆڕشگێڕە: کۆمار زەمینەیەکی ڕەوانیی پێویستە، واتا ئاینێک وەک لەبریی بۆ ئاینی کریستیانی. ئاخر هەموو دەوڵەتێک پێویستی بە ئاینە وەک بناغەیەکی شوناسییانەی یەکێتیی دەوڵەت. ڕوسۆ ئەم ئاینە ناو دەنێت "ئاینی هاوڵاتی" کە تەواو جیاوازە لە ئاینی کریستیانی (یان ئاینە ئاسمانییەکانی دی). ئاینی کریستیانی داوای ملکەچی لە مرۆڤان دەکات و ڕێنوما ئاینییەکانی خۆی بەسەریاندا دەیسەپێنێت، ئەوانیش دەبێت بێچەندوچوون ڕازی بن پێیان، هەروەها دەبێت ڕێکخراوە دامەزراوەییەکەی قبووڵ بکەن، کەواتە ڕێیان پێنادات وەک هاوڵاتیی ئازاد ئەرکەکانیان گونجاو بە توانستیان ڕابپەڕێنن. "ئاینی هاوڵاتی" بە پێچەوانەوە گەرەکە پاڵهێز بێت بۆ ئەوەی هاوڵاتیان فرمانەکانی خۆیانیان "خۆشبوێت"، ئەمەش بەواتای، گەرەکە ڕێنوماکانی وەک لای کریستیانەکان "دۆگم نەبن"، بەڵکو دەرهاویشتەی "هەستی جڤاک" بن و بەمەش بە هەر هاوڵاتییەکی پەیمانبەستوو ئاشنابن. تەنها بەڕێی ئەم هەستەی سەرجەم جڤاکەوە دەرفەت دەڕەخسێت بۆ ئەوەی هەر ئەندامێک بتوانێت

"هاوڵاتییەکی چاکی دەوڵەت و ژێردەستەیەکی دڵسۆزی یاساکان" بێت. بۆیە گەرەکە بنەماکانی ئاینی هاوڵاتی بە ژمارە کەم بن، هاوکات ڕوون بن و پێویستیان بە ڕاڤەکردن نەبێت. گرنگترینی بنەما پۆزەتیڤەکانی ئیمان بریتین لە: هەبوونی خودایەتییەکی ئاوەزمەند، پیرۆزیی پەیمانی جڤاکی و یاساکان.

بێگومان چۆن لەنێو کۆماردا کەسان و گروپی جیاواز هەن کە دوای ویستی تایبەتیی خۆیان دەکەون، بۆ نموونە "بۆرژواکان" یان تاقمە سیاسییەکان، بە هەمان شێوە مەرج نییە لە پرسی ئاینی هاوڵاتیشدا هەمووان بڕوای پێبهێنن. ڕوسۆ لەم ڕەوشەدا ماف بە سوڤەرێن دەدات ئەو کەسانە لە دەوڵەت بکاتە دەرەوە کە بڕوایان بە ئاینی نوێی کۆمار نەهێناوە، لێ نەک وەک بێئیمان (ئەمە هەڵوێستی کریستیانەکان بوو لەدژی کەسانی دی)، بەڵکو وەک "دوژمنی جڤاک" کە یاساکان و دادپەروەرییان خۆشناوێت، یان ژیانیان لەکاتی پێویستدا بۆ فرمانەکانیان بەخت ناکەن. ڕوسۆ هەر لەم پەیوەندییەدا هەڵوێستێکی توند لەدژی ئەو کەسانە وەردەگرێت کە بەرواڵەت، نەک ناخەکییانە، بڕوا بە بنەماکانی ئاینی نوێ دەهێنن و هاوکات تا ڕادەی شیان بە پێچەوانەی ئەوانەوە کردار دەنوێنن. سوڤەرێن گەرەکە سزای مەرگ بەسەر ئەم جۆرە کەسانەدا بسەپێنێت.

گەرچی ڕوسۆ دژبەری شۆڕشی بگۆڕی پەیوەندییە جڤاکییەکان بوو، بەڵکو تەنیا تیۆرییەکی جڤاکی بەداد دادەنێت، سەرەڕای ئەوە لە ڕووی هزرییەوە ڕوسۆ دەبێت بە یەکێک لە ڕێخۆشکەرانی شۆڕسی فەڕەنسی، هاوکات کتێبی "پەیمانی جڤاکی" دەبێت بە ئینجیلی ژاکۆبییەکان و ڕۆبسپیا بەتایبەتی کە تەنانەت لە "ئاینی هاوڵاتی"یەکەی ڕوسۆوە ئاینێکی نوێ بۆ دەوڵەتی فەڕەنسی بنیاتدەنێن و ڕایدەگەیەنن.

## شۆڕشەکاتی کورد و خیانەتەکانی کورد لەکورد و ڕێگریەکانی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی

گەر بێت و چاو بە پەڕەکانی مێژوودا بخشێنین کورد چەندین جار هەوڵی خۆ دروستکردن و دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆی داوە گەرچی بە سیاسی یاخود بە عسکری و لەم نێوەندەشدا هە رجارێک کە خولیای ئازادیان هەڵگرتبێت ئەم خەونەیان لە گڵ نراوە جا بە پلانی دەرەکی بوبێت یاخوود بە پلانی ناوخۆی لەم باسەماندا لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەدەینەوە و چاو بە شۆڕشەکانی کورد و خەونی ئازادی کورد دەکەین لەگەڵ هۆکارەکانی سەرنەگرتنی خەونی بە دەووڵەتبوون .

سەرەتا با پێناسەی شۆڕش بکەین

شۆڕش چییە و چۆن درووست دەبێت ؟؟

شۆڕش (بە ئینگلیزی: Revolution) جگە لە چەمک و واتای کۆمەڵناسی کە بریتیە لەگۆڕینی (ژێرخانی کۆمەڵایەتی = Structure sociale)، لە واتا سیاسیەکەیدا کە بریتیە لە گۆڕینی دامەزراوەی سیاسی و هێز و سیستم و سیمبولەکانی دەسەڵات، کە کاری زۆربەی خەڵکە.

شۆڕش بەشێوەی دەرکەوتن و ڕەنگدانەوەی ئیرادەی کۆمەڵگا، کە مافی دیاریکردنی دەسەڵات (فەرمانڕەوایی) و بەرپرسیاریەتی لەمەڕ چارەنووسی خۆیدا هەیە.

تاکێک یاخود ڕژێم یان گروپێک، که دەرکەوتەی ئیرادەی کەمینەیەکی دژەخەڵکن، به بەکاربردنی دەسەڵات و زۆر و زەبر (نەیاران) وەلاوە دەنێت و خۆی جڵەوی کۆمەڵگه وەدەست دەگرێت.

لێرەیشدا هەروەها، هەروەک کۆدەتا یان داگیرکردن و سەرکەوتن یاخود زاڵبوون و باڵادەستبوونی دەرەکی، کارەکه به بەکارهێنانی زۆر و فشار دروستدەبێت بەڵام ئەوه بەکارهێنانی زۆر و فشار نیه، بەڵکو بەکارهێنان و خستنەگەڕی حەق و ڕاستیه، بەکاربردنی دەسەڵاته لەلایەن لایەنی خاوەن ماف و بێبەش و مافخوراو له دژی لایەنی ناحەق و دەستدرێژیکارەوە.

لێرەدا مەسەلەی دیاریکردن دوو ڕووی هەیه:

گوێزانەوەی دەسەڵاتی حوکمڕانی له پێشووەوە بۆ دوایی که بەهۆی کردرای شۆڕشگێڕی یان توندوتیژی و بەکارهێنانی زۆرەوە ئەنجام دەدرێت.

دەستنیشانکردن و دیاریکردنی کەسێکی تایبەت لەلایەن شۆڕشەوە بۆ ڕابەریکردنی شۆڕش یان بەرپرسیارێتی حکومەتی دوای شۆڕش هەڵدەبژێردرێت.

ئیدی بەکارهێنانی زەبروزەنگ له ئارادانیه، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەرەزامەندی و پەسەندکردنی شۆڕشگێڕەکان و یاخود خەڵک (جەماوەر) ەوەیه، لێرەدا ڕەنگه ڕابەری شۆڕش لەگەڵ جڵەوداری حکومەت لەدوای شۆڕشەوە جیاوازبێ و ڕەنگه هاوکات هەرخۆیشی هەم ڕابەر و هەم جڵەوداریش بێ.

گاندی ڕابەری شۆڕش بوو و نەهرۆ جڵەوبەدەست و فەرمانڕەوابوو.

لینین هەم ڕابەری شۆڕش و هەم بەڕێوەبەر و کارگێڕی حکومەتی شۆڕشیش بوو.

**شۆڕشەکانی کوردیش بە گشتی ٣ هۆکاری لە پشتەوەیە**

**١-نەبوونی کیانێکی سەربەخۆ و حەزو خولیای نەتەوەیکی ٥٠ ملیۆنی .**

**٢- زۆرداری و زولم و ستەمی دەسەڵاتداران بەرامبەر بە کورد و نەتەوە ژێردەستەکانی تر**

**٣- ستراتیجیەتی بوونی کورد لە جوگرافیای چەند ووڵاتێکی خاوەن سەرمایە و دەسەڵاتی وەک تورکیاو ایران و سوریاو عراق کە کورد پلەی هاوسەنگی نێوەندی ووڵاتانی ئاماژە پێدراوە....**

**لێرەدا نامەوێت باسی کورد و ڕەچەڵەکی کورد بکەم لەبەر هۆکاری ئەوەی کورد و کوردستان مافی تەواوەتیان پێدراوە و بە بەلگەی تەواو درووست لەلایەن مێژوو نوس شرف خانی بدلیسی کە لە شەرەفنامەدا لە بەرگێکی ٣ توێیدا بە ووردی باسی کورد و کوردستانی کردووە هەروەها سۆرانی حمە ڕەش لە کتێبی کورد کێیە بە ووردو درشتی باسی لێوە کردووە دەتوانن بۆ ناسینی کورد و کوردستان و ڕەچەڵەکی کورد سوود لە و ٢ سەرچاوەیە وەربگرن.**

**شۆڕشەکانی کورد و هۆکارەکانی درووست نەبوونی دەوڵەت :-**

---

**١ شۆڕشی سمکۆخانی شکاک**

**ئیسماعیل ئاغای شکاک ناسراو بە سمکۆی شکاک(١٨٨٧-١٩٣٠) شۆڕشگێڕێکی کوردی ڕێبەری هۆزی شکاک بوو کە بۆ ماوەیەک دەسەڵاتی ناوچەی ڕۆژاوای گۆلی ورمێی لە حکوومەتی ناوەندیی ئێران سەندەوە**

**کە شەڕی یەکەم کۆتایی هات سمکۆ وەک سەرکردەیەکی سیاسی ناوی دەرکرد و لەپێناو دامەزراندنی ئیدارەیەکی کوردیدا ساڵی ١٩١٩ شۆڕشی بەرپاکرد و گەلێ ناوچەی گرنگی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، ساڵی ١٩٢١ لە ئەنجامی لەشکرکێشییەکی گەورەی هێزەکانی حکومەتی ئێراندا سمکۆ ناچار بوو**

پاشەکشێ بکات و پەنا بەرێت بە تورکیا. ساڵی ١٩٢٤ بە بڕیارێکی لێبوردن گەڕایەوە ئێران و ساڵی ١٩٢٦ جارێکی تر شۆڕشی بەرپاکردەوە. بەڵام ئەمجارەشیان شۆڕشەکەی تێکشکاو ماوەیەک لە تورکیادا بە دەستبەسەری مایەوە. پاش ئازاد کردنی گەڕایەوە ئێران و ساڵی ١٩٣٠ بە پیلانێکی کاربەدەستانی ئێران لە شاریشنۆ کوژرا، بەمەش شۆڕشەکەی شکاک کۆتایی هات کە پانزە ساڵ درێژەی کێشابوو. هۆکاری سەرەکی بۆ تێکشکانی شۆڕشەکەی سمکۆخان دەگەڕێتەوە بۆ بوغرای و دواتر هانا بردن بۆ دەوڵەتانی بێگانە و پشت تێکردنی گەلێک هۆزی کوردی .

---

٢-،شێخ عوبەیدوڵلای نەهری

(لەدایکبوون: ١٨٣٠ لە شەمزینان - مردن: تشرینی یەکەمی ١٨٨٣ لە حیجاز) شۆڕشگێڕێکیکورد بوو کە لە ساڵی ١٨٨٠دا لە ناوچەکانی شەمزینان وهەکاری و مەهاباددا شۆڕشێکی ڕێکخست کە بە دەستی سوپای عوسمانی و قاجارەکان سەرکوتکرا.

هۆکاری تێکشکانی شۆڕشەکەی بۆ خیانەتی هۆزە کوردەکان و دەست تیکەڵکردنی شێخ لەگەڵ عوسمانیەکان بۆ لە ناوبردنی ئێران و فرود و ڕاو ڕووتی هەندێک هۆزی تێکەڵ بە هێزەکەی شێخ کە وای کرد هێزەکەی تێک بشکێت و دواتر بە نفی کراوی لە مککە کۆچی دوای کرد .

---

### ٣- شۆڕشی شێخ سعیدی پیران

شێخ سەعیدی پیران (١٨٦٥-٢٩ی حوزەیرانی ١٩٢٥ لەئامەد) شۆڕشگێڕێکی کورد بوو کە لە ١٩٢٥دا بە یارمەتیی ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە دژ بە حکوومەتی کۆماری تورکیا شۆڕشی کرد و بۆ ماوەیەکی زۆر گەمارۆی شاریئامەدیان دا بەڵام هێزەکەیان تێکشکا و پاشان بە هۆی خیانەتی هۆزە کوردیەکانی (جبرانان و قاسم بەگی جبرانان و ) شێخ سعید و ٤٧ چەکداری دە گیرێن و شێخ سەعید لە دیاربەکر لە سێدارە دەدرێت.

دوا ووتەشی پێش لە سێدارەدانی ئەوە بووە کە ووتویەتی (بەهیچ شیوەیەک پەشیمانی ئەو تیکوشانە نیم .. لە پیناوی نیشتمان و گەلەکەم گیانم بەخت ئەکەم. ئەوەندەمان بەسە کە نەوەکانی دوا ڕۆژمان لە بەرامبەر دوژمنانیاندا شەرمەزارو خەجاڵەت نین و .. شانازی بەمێژووی خویانەوە ئەکەن ...ئاواتە خوازم لەسێدارەدانم هاندەرێک بێت بۆ بەهێز بوون و سوربونی نەوەکانی دووا ڕۆژی گەلەکەم لە پێناوی سەر بەخۆیی کوردستان .. بێگومانم ڕۆژێک دێت لەم شوێنەدا و لەهەموو کوردستان دا ئالای سەربەخۆیی کوردستان هەڵکریت)

---

### ٤-شۆڕشی حمە ڕشید خانی بانە

حمە ڕشیدخان کوڕی قادرخان ی کوڕی عبداللە بگ ی کوڕی بارام بەگی کوڕی سلێمان بگی بانەیە لە ساڵی ١٨٩٨ لە گوندی شێوگوێزان ی سەربە ناوچەی شلیری قەزای پێنجوێن لەدایک بووە و خاوەنی زۆرترین نەبەردییە لە مێژوودا و یەکێک بووە لە ٤ جنراڵەکەی سەردەمی قازی محمد و سەرکردەی هێزەکانی سەراو بۆکان و هیزەکانی حکومەتی کوردستانی کۆماری مهاباد بووە و شۆڕشی حمە ڕشید خان لە ساڵی ١٩٣٦ دەست پێ دەکان کە بە گرتنی شاری بانە و سەقز و مەریوان و دیواندەرەو سابڵاخ و سەرا و سەردەشت ی گرتووە

و حكومەتێكى كوردى پێكهيناوەو توانيويەتى شۆڕشەكەى بۆماوەى ٨ ساڵ بەردەوامى پێبدات دواتر بە خيانەتى هۆزە كورديەكانى (مەنگوڕ و مامەش و ديبوكرى ) توانرا پێشڕەويەكانى بوەستێنرێت و دواتر لەلايەن حكومەتەكەى شاى ئێران و بە يارمەتى خۆفرۆشانى كورد لە ساڵى ١٩٤٤ كۆتاى بە حكومەتەكەى خان هێنراو دواتر دواى ٢ ساڵ كۆمارى مهاباد پەيوەنديان پێوە كرد و پلەى جنراڵى پيدراو كرا بە سەركردەى هێزەكانى كۆمار و زۆرترين ناوچەكانى كوردستانى ئێرانى گرتەوە لەوانە مهاباد و سەرا و بە هيزێكى ٣٠ هەزار كەسيەوە توانيان كە شۆڕشەكە بەردەوام بكەن و دواتر بە پێزانينى خيانەتى ناوخۆى ملا موستەفاى بارزان و چەند هۆزێكى كوردى لە حكومەتەكەى كۆمار هاتە دەرەوە و هەر ئەو هاتنە دەرەوەيەش هۆكارى سەرەكى بوو بۆ نەمانى هێزى ڕاست و درووست لە كۆمار و خيانەتى ملا موستەفاو دەست تێكەڵاو كردنى لەگەڵ شاى ئێران واى كرد كە كۆمار بڕوخێت و دواتر خان بە پلانى داگيركەران و خيانەتەكانى كوردەوە دەگيرێت و كۆتاى بە خەونى كوردايەتيان دەهێنريت و خان دور دەخرێتەوە بۆ ڕوومادى بەڵام دواتر دواى شكاندنى بەنديخانەى ڕوومادى شۆڕشێكى ترى دەست پێكردەوە كە بووە هۆى ئازاد كردنى پێنجوێن و ناوچەى شارەزوور تا نزيك سلێمانى لە دەست حكومەتى عراقى بەڵام زۆرى نە خاياند خيانەتى ناوخۆى كۆتاى بە شۆڕشەكەى هێناو لەساڵى ١٩٧٤ لە گۆڕستانى شمس الدين بە خاك سپێردراوە و ديارترين ووتەى ئەم سەركردە مەزنە ئەوە بوو كە لە كاتى سەرەمەرگدا لەلايەن سەركردايەتى شۆڕشى ئەوكاتەدا پێى ووترابوو كە لەسەر حساب و زەمانى شۆڕش بۆ نەخۆشيەكەى ببرێت بۆ ئێران بۆ چارەسەر بەڵام خان ڕەتى كردبۆوەو ووتبووى (كاتێك بووە حكومەتى ئێرانى لە بەرم لەرزاوە و

دوژمنێکی ڕووخاو بووە ئێستا بەنەخۆشی و بە زەلیلی ناچمە بەردەمیان مردنم پێ خۆشترە وەک زەلیلی بینینی من لەبەردەم دوژمندا ).

---

٥- شۆڕشی شێخ محمودی حفید

شێخ مەحمودی حەفید کوڕی شێخ سەعیدی کوڕی شێخ محەمەدە بچکۆلەی کوڕی حاجی کاک ئەحمەدی شێخە. ساڵی **1881** لەسلێمانی لەو بنەماڵە ئاینیە بەناوبانگە لەدایک بووە، کە دوای هەرەس هێنانی میرنشینی بابان دەسەڵاتی ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستانی کەوتە دەست و توانی شۆڕشێکی بەرفراوان دژی داگیرکەری انگلیز بەرپا بکات و بەڵام بە هۆکاری سیسەتی هەڵەی کاربەدەستانی ناوخۆی و دەستێکەڵکردنی شێخ لەگەڵ عوسمانیەکان هۆکار بوون بۆ کوژاندنەوەی خەونی بوون بە دەوڵەتی کوردی

---

٦- شۆڕشی عبدالرحمان قاسملۆ

عەبدولڕەحمان قاسملوو (١٩٣٠ - ١٩٨٩) زانیارێکی بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و خەباتکەر، پێشمەرگە و سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی ساڵانی ١٣٥٠ هەتا ١٣٦٨. لە شاری ورمێ لە دایک بوو و لە شاری ڤییەنا تیرۆر کرا. دوکتور قاسملۆ کاتێ دەگەڵ چەند هاوڕێی، ئامادەی وتووێژ سەبارەت بە ئاشتی نێوان کورد وئێران بوون، لە شاری ڤییەنی وڵاتی ئۆتریش، بە دست نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران تیرۆر کرا

بۆ پرسی خیانەت لیکردنی لەلایەن سەرانی کوورد بە تایبەتی ملا موستەفا ی بارزان خوودی قاسملۆ لە کتێبی (خیانەتەکانی قیادەی موەقەتە ) بە ووردی باسی دەکات کە چۆن دەست تێکەڵکردنی بارزانی لەگەڵ شاو ئیران و کووشتی

کوردەکانی ئێران بۆ شا هۆکاربوون بۆ ئەوەی شۆڕشی قاسملۆ لاواز بکەن و دواتر هەر بە فیتی بنەماڵەی بارزانی اخباری دەکرێت لە ڤیەناو بە پلان لەلایەن احمدی نەژاد و هاشمی رەفسەنجانی تیرۆر دەکرێت لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا .

---

شۆڕشی عبدالله ئۆجەلان

عەبدوڵڵا ئۆجەلان (لەدایکبووی ٤ی نیسانی ١٩٤٨ لە دێیئامەرای قەزای خەلفەتێی سەر بە شاری ئورفا ڕحا لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا)، سەرکردەی بزوتنەوەی ناسراو بە پارتی کرێکارانی کوردستانە و لە ناو کورددا بە «ئاپۆ» ناسراوە کە ڕێکخراوەکەی لەلایەن یەکێتیی ئەورووپا وئەمریکا و ناتۆ و چەند وڵاتێکی تر لەلیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانە بەڵام شۆڕشی کوردانی باکور هەتا ئەم ساتەی قسەی لێوە دەکەین بەردەوامە هەرچەند زۆرترین خیانەتیان لێ کراوە لەلایەن هۆز و سەرکردە کوردەکان لەوانە هۆزەکانی شەمزینان و هۆزەکانی ناوچەی ئورفە و سەرکردەکانی باشووری کوردستانیش خیانەتی گەورەیان بەرامبەر بە شۆڕشەکەی ئۆجەلان و دۆزی کورد کردووە لەوانە مسعود بارزانی کوڕی مستەفا بارزانی و جلال تاڵبانی و علی باپیر و سلاحدین بهادین و محمدی حاجی محمود کە بە هۆی هاوکاریکردنی تورک و ئیران دژی شۆڕشی ئۆجەلان و پارتە سیاسیەکەی ئۆجەلان دەوری باڵایان هەبووە و هەندێک کات کار گەشتووە بەوەی لە مقەراتی پ.ک.ک بدرێت و هیزی تورکی بهێنرێتە سەر بارەگاکانی پ.ک.ک لەلایەن ئەو سەرکردە کوردانەوە.

---

لێرەدا ئەوە ماوەتەوە بووترێت کوورد لە هەولدان کۆڵ نادات و لە ماف خۆی لانادات بەڵام مخابن دەستی دەرەکی و ناوخۆی ڕێگرن لە و خەونی بە دەوڵەت

بوونه كه خەونی میللەتێكی ٥٠ ملیۆن كەسیە كە بێ زیان دەیانەوێت ژیان بەڕێ بكەن و كیانێكی سەربەخۆیان هەبێت و ئاگری دوژمنایەتی وولاتان بەرامبەریان بكوژێننەوە و مرۆڤایەتی و دۆستایەتی خۆیان پیشانی وولاتان بدەن ئەوە ماوەتەوە بڵێین سەركەوتن بۆ كوردستان و سەرشۆڕی بۆ دوژمنان ئەمانەی سەرەوە مشتێكن لە نموونەی خەروارێك لە شۆڕشەكانی كورد و داستان و نەبەردیەكانی كورد و خیانەتەكانی كورد بەرانبەر بە كورد .

## تاکی کورد لە دوای خیانەتی گەورە

چەند رۆژ دوای ڕووداوەکەی 31ی ئاب، کاتێك پارتیی بە یارمەتیی سوپای عێراق، هێرش دەکاتە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی لە سلێمانی، ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە سەربازییەکانی یەکێتی لەو هێرشانەدا شەهید دەکرێن، یەکێك لەوانە (بابە تاهیری شێخ غەریب) دەبێت، کاتێك هەواڵەکە بە جەلال تالەبانی رادەگەیەنن، ئەویش لە ناو کۆمەڵێك لێپرسراوی دیکەدا، دانیشتووە، دەڵێت: ئۆهۆووو، هەر ئەممان مابوو، ئەمیش قنگی کردە رەشــەبا؟ یەکێ لە دانیشتووان، کە گوێی لەم قسەیەی جەلال تاڵەبانی دەبێت! دوای چەند ساڵێک، ئەمەی گێڕایەوە و وتیی: ئیتر لەو ڕۆژەوە، وازم هێنا. هەستم کرد ئەگەر منیش تیا بچم، مام جەلال لەوە باشتر وەسفم ناکات.

****************************

با سەرەتا سەرێک لە سەردەمی ڕاپەڕین بدەینەوە، بە کورتی پێناسەی ڕاپەڕین بەوە بکەین، کە بریتیی بوو، لەو تەقینەوە جەماوەرییەی، خەڵکی کوردستان، کە لە ژێر پاڵەپەستۆی چەند ساڵەی رژێم و دەسەڵاتی بەعس، چیدی خۆی نەگرت و بە شێوەیە ئەنجام درا و ڕاپەڕین خۆی بینییەوە.

ڕاپەڕین دەستکەوتی حیزبەکان نەبوو، لەگەڵ ڕێزم بۆ پێشمەرگەی شەهید، بۆ پێشمەرگەی شەریفی دەستخەڕۆبووی نێو حیزبەکان، بۆ ئەو قوربانییانەی چەند ساڵی خەباتی گەلەکەمان، کە ئەو ڕاپەڕینە بە خەباتی شاخ و بە خوێن و بە قوربانیی ئەوان نەهاتە دی، بەڵکوو سەرنجامی ئەو بۆشاییە بوو، کە دەسەڵاتی بەعس لە ئاست تووڕەیی خەڵکی کوردستاندا شکستیی هێناو و نەیتوانی

بەرەنگار بێتەوە و خۆی بگرێت، هۆکاری ئەمەش بەتایبەتیی تێکشکاندنە یەک لەدواییەکانی سەددام بوو، کە بە هۆی شەڕی کوێتەوە، نەیتوانی بەرەنگاری ئەم ڕاپەڕینە جەماوەرییە ببێتەوە. کاتێکیش دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، هەستیان بە نەمانی دەسەڵاتیی بەعس کرد لە کوردستاندا، ئەو دەلاقە گەورەیەیان بینی، کەوتە نێو دەسەڵات و جەماوەری کوردەوە، کەوا خەریکە لە لایەن کەسانی خەمخۆر و دڵسۆزی کوردەوە، پڕ دەبێتەوە و کاری ڕێکخراوەیی بۆ دەکەن، لەوە ترسان کۆنترۆڵیان لە دەست دەربچێت و بۆ هەمیشەیی نەتوانن، جڵەوی بزووتنەوە سیاسیی و ڕێکخستنی کورد بگرنەوە دەست. بۆ ئەو مەبەستە لە کەرەج و لە شاماوە هەردوو سەرکردایەتیی یەکێتیی و پارتیی بە فەرمانی ئەوان، بە خۆیان و بنەماڵەکەیانەوە، گەڕانەوە، تا بتوانن کۆنترۆڵی ئەو نائارامیی و پشێوییە بکەن، کە سەرتاپای شار و شارۆچکە و ناوچەکانی دیکەی گرتبۆوە. ئەمە مەترسییەکی گەورەبوو، بۆ دەوڵەتەداگیرکەرەکانی وەک تورکیا، ئێران و سوریا، ڕێگاچارەیەک بۆ ئەمە، کە بیریان لێکردەوە، ناردنەوەی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی بوو، تا ئەو ناوچانە هێوربکەنەوە و جڵەوەکە بگرنەوە دەست خۆیان.

ڕەنگە ئەمە لای بەشێک لە خوێنەری ئەم نووسینە، جێگای پرسیار و گوومان دروستکردن بێت، لێ ئەمە ڕاستە و خوێندنەوەی تەواوی ئەم بابەتە و ڕووداوەکانی دوای ڕاپەڕین دەمانگەیەننە ئەو ڕاستییە.

با کەمێکی تر بگەڕیینەوە بۆ مێژوویەکی کۆنتر، ئەوسا تێدەگەن مەبەست لە باسکردنی ئەو مێژووە چییە، بۆ چ مەبەستێکیش ئەمانە باس دەکەین، یان پەیوەندییان بە 31ی ئابەوە چییە !

ئەگەر ئێمە خوێندنەوەی وشیارانەمان هەبێت بۆ مێژووی سەردەمی دروستبوونی عێراق بەتایبەتی لە ساڵانی 1920 و 1921، کە ئەوساتوەختە

بەرەنگار بێتەوە و خۆی بگرێت، هۆکاری ئەمەش بەتایبەتیی تێکشکاندنە یەک لەدواییەکانی سەددام بوو، کە بە هۆی شەڕی کوێتەوە، نەیتوانی بەرەنگاری ئەم ڕاپەڕینە جەماوەرییە ببێتەوە. کاتێکیش دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، هەستیان بە نەمانی دەسەڵاتیی بەعس کرد لە کوردستاندا، ئەو دەلاقە گەورەیەیان بینی، کەوتە نێو دەسەڵات و جەماوەری کوردەوە، کەوا خەریکە لە لایەن کەسانی خەمخۆر و دڵسۆزی کوردەوە، پڕ دەبێتەوە و کاری ڕێکخراوەیی بۆ دەکەن، لەوە ترسان کۆنترۆڵیان لە دەست دەربچێت و بۆ هەمیشەیی نەتوانن، جڵەوی بزووتنەوە سیاسیی و ڕێکخستنی کورد بگرنەوە دەست. بۆ ئەو مەبەستە لە کەرەج و لە شاماوە هەردوو سەرکردایەتیی یەکێتیی و پارتیی بە فەرمانی ئەوان، بە خۆیان و بنەماڵەکەیانەوە، گەڕانەوە، تا بتوانن کۆنترۆڵی ئەو نائارامیی و پشێوییە بکەن، کە سەرتاپای شار و شارۆچکە و ناوچەکانی دیکەی گرتبۆوە. ئەمە مەترسییەکی گەورەبوو، بۆ دەوڵەتەداگیرکەرەکانی وەک تورکیا، ئێران و سوریا، ڕێگاچارەیەک بۆ ئەمە، کە بیریان لێکردەوە، ناردنەوەی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی بوو، تا ئەو ناوچانە هێوربکەنەوە و جڵەوەکە بگرنەوە دەست خۆیان.

ڕەنگە ئەمە لای بەشێک لە خوێنەری ئەم نووسینە، جێگای پرسیار و گوومان دروستکردن بێت، لێ ئەمە ڕاستە و خوێندنەوەی تەواوی ئەم بابەتە و ڕووداوەکانی دوای ڕاپەڕین دەمانگەیەننە ئەو ڕاستییە.

با کەمێکی تر بگەڕێینەوە بۆ مێژوویەکی کۆنتر، ئەوسا تێدەگەن مەبەست لە باسکردنی ئەو مێژووە چییە، بۆ چ مەبەستێکیش ئەمانە باس دەکەین، یان پەیوەندییان بە 31ی ئابەوە چییە !

ئەگەر ئێمە خوێندنەوەی وشیارانەمان هەبێت بۆ مێژووی سەردەمی دروستبوونی عێراق بەتایبەتی لە ساڵانی 1920 و 1921، کە ئەوساتوەختە

باشووری کوردستان (ولایەتی موسڵ) لەگەڵ ولایەتی بەغدا و بەسرە، پێکەوە لکێنران، دەوڵەتی عێراقیان لێدروست کرا، بەتایبەتیی و بە تەواویی پاش تێکشکاندنی شۆڕشی شێخ مەحمود لە ساڵی 1924، کە ناوچەی سلێمانیش کەوتە ژێر کۆنترۆڵی ئینگلیزەکان و خرایەوە سەر دەوڵەتی عێراق. هەر لەو سەردەمەدا بۆ نەگبەتی کورد، پاش دۆزینەوەی نەوت لە کەرکوک (ساڵی 1927)، ئینگلیزەکان سیاسەتیان بەرامبەر بە کورد، ئەگەر تیشکێک لە ڕووناکییەکی بچوکی تێدا بووبێت، ئەوەش کوژایەوە و نەما، سیاسەتی بەعێراقییکردنی کورد زیاتر گۆڕا و ئاشکراتر بوو، بە ئاشکرا کار بۆ بەعیراقییبوونی کورد کرا، چونکە لە بەرژەوەندی ئینگلیزدا نەبوو، کورد دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەبێت و ئەو ناوچە دەوڵەمەندە، پڕ لە خێر و بەرەکەت، لە ئارامیی و ئاسایشدا بژیی، ئەمە سیاسەتێکی نەگۆڕی داگیرکەر و ئیمپریالیزمە، کە نایانەوێت ئارامیی لەو ناوچەیەدا هەبێت، لەگەڵ ئەوشدا کورد هەمیشە وەرقەیەکی براوە بووە، بەکار هێنراوە، کاتێکیش کاریان پێی نەمابێت، خراوەتەوە نێو گیرفانی داگیرکەرانی کوردستان، تا ئەمڕۆش هەر ئەو سیاسەتەیە، کە داگیرکەرانی کوردستان و دۆژمانی کورد، پیادەی دەکەن.

سیاسەتی ئینگلیز تەنها بریتی نەبوو، لە داگیرکردنی کوردستان و دابەشکردنی بە سەر چوار وڵاتی دراوسێیدا، بەڵکو لە پاڵیدا، پلانی تێکشکاندنی کەسایەتیی کوردیش بوو، کە وەک کەسایەتییەکی وشیار و خاوەن ئیرادە و وڵاتپارێز و خاوەن کەلتووری تایبەت بەخۆی، نەیهێڵن، ئەمڕۆ بەتەواویی پارتیی و یەکێتی زۆربەی ئەو ئامانجەیان پێکاوە، کە سەرەتا بە پلانی ئینگلیز، لە ساڵانی 1927ەوە دەستی پێکردووە، ئەمانە وەک باسم کرد، سیاسەت و ئامانجی ئینگلیز و حکومەتی عێراقی ئەو سەردەمە بوو، لە لایەن داگیرکەرانەوە، تا ئەمڕۆش، پیادە دەکرێ و حیزبە کوردییەکانیش بۆیان جێ بەجێی دەکەن.

بێگوومان بایەخدان بە کەسێکی وەک ڕەمزی ئەفەندی (مامی برایم ئەحمەد)، کە لە لایەن ئینگلیزەکانەوە، بایەخی زۆری پێدەدرا، ئەو ڕۆڵە گواسترایەوە بۆ برایم ئەحمەد، ئەویش کارێکی باشی لەو بوارەدا بۆ کردن. هێنانی ئەم دوانە، سەرەتای تەسلیمبوونی ئەفەندییە کوردەکان بوو (واتە ڕۆشنبیرانی کوردی ئەو سەردەمە)، بەوەی ئەو وڵاتەی ئیستا کورد تێیدا دەژیت، هەر ئەوە وڵاتی تۆیە، واتە ڕازیبوون و تەسلیمبوون بەوەی، کە تۆعێراقییت و بەس، ئەمانە بە پێی نەخشەیەکی تۆکمە و داڕێژراو، تا ئیستا زیاد لە **80** ساڵ، کە بەسەریدا تێدەپەڕێ، کاری بۆ کراوە، ئەمە سەرەتای لە گرێژنەبردنی ڕێڕەوی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردبوو، کە ویستیان دەوڵەتی عێراق بکەنە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر و بوونی دەوڵەتیی کوردی لە بیر کورد ببەنەوە، لەو ساتەوە کاری بۆ کراوە، بە هۆی ئەفەندیی و ڕوناکبیرەکانی ئەو سەردەمەوە، وەک نەتەوەیەک، ئێمە هەموو شتێکمان لە دەست چوو، هەر لە سەر دەستی برایم ئەحمەد، بنەماڵەی بارزانی و جەلال تاڵەبانی دروست بوون و گەشەیان کرد، بوونە خاوەن دەسەڵات و ڕابەڕی سیاسیی، سەرەنجامەکەی ئەمەیە، وا ئەمڕۆ ئەم هەموو کارەسات و قووڕبەسەرییەی لێدەکەوێتەوە.

تێکشکانی کەسایەتیی کورد، کە ئەمڕۆ بەو زەقییە دەبینرێت، درێژبوونەوەی ئەو سیاسەتەیە، کە ئینگلیزەکان و داگیرکەرانی کوردستان، بۆ کوردیان داڕشتووە. کاتێک کوردێکی عێراقچی پاساو بۆ کاری خیانەتکاریی و جاشەیەتیی دەهێنێتەوە، بەوەی، کورد لە ئەزەلەوە وا بووە، مێژووەکەی پڕە لە جاشایەتیی و ملشکاندنی یەکتر. یان ئێمە چواردەورمان دەوڵەتیی داگیرکەرە. ئێمە بە شەڕ هیچ نابەینەوە. دەریا و ئاوامان نییە. دۆستمان تەنها شاخ و کێوەکانە و دەوڵەتیی کوردیی خەون و خەیاڵە، ئەم قسانە تەنها لە لای کەسێکی تێکشکاو و بڕوانەبوو، بە توانای خود، دەگووترێت و جێگای دەبێتەوە و پێی

تەسلیم دەبێت. ئەم پاساوانە، جگە لە قسەی کەسانێکی نەکردە و بێتوانا، هیچی تر نییە، مەبەستیش بەرەواکردنی هەموو ئەو تاوانانەیە، کە ئەمڕۆ سەرانی ئەو حیزبانە دەیکەن، بە شەرعییەت کردنی ئەو خیانەت و جاشایاتییەیە، کە ڕووبەرێکی پان و بەرینی لە خەباتی 80 ساڵەی کورد پڕ کردۆتەوە.

من لێرەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم، ئەوەندەی بەناو سیاسەتمەدار و سەرکردەی حیزب و لێپرسراوەکان تاوانکار، ناپاک و خاینن، دە ئەوەندەیش، ڕۆشنبیر، ڕوناکبیر، نووسەر و شاعیری کوردی ئەوسا و ئیستاش تێیدا تاوانبارن، چونکە ئەوانن، پەتای بێمتمانەیی و تێکشکاندنی کەسایەتیی و سووکبوونی کورد رادەگەیەنن، ئەوانن کار بۆ ڕوو سپیکردنەوەی دەسەڵات و پاساوهێنانەوەی سیاسەتیی خیانەتکاری سەرانی حیزبەکان دەهێننەوە، تێکشکاندن و نسکۆ و ئاشبەتاڵەکان لەوان دوور دەخەنەوە و دەیپەستێنن بە کورد خۆیەوە. هەر ئەوانن لەگەڵ دەسەڵاتدا، دەست ئەدەنە بەدڕەوشتیی، دزیی و عەقڵی کۆمەڵگا بەلاڕێدا دەبەن. ئێمە نابێت تەنها دەستیی تاوان بۆ گەمژەیی کۆمەڵگا درێژ بکەین. ڕابەریی سیاسیی، خوێنەوار و ڕووناکبیر، دەبێت کۆمەڵگا لە قۆناغی گەمژەییەوە بگوێزێتەوە بۆ قۆناغی وشیاریی، نەک بەو شێوەیەی لەپاڵ دەسەڵاتیی دز و خائیندا، هەرچی ناتەواویی و تۆمەتێک هەیە، بۆ میللەتی کوردیی بگەڕێنینەوە. من پێم وایە، ئەو نووسەر و شاعیر و ڕۆناکبیرانەی کە لەسەردەمی ڕژێمی مەلکیی عێراقدا کاریان کردووە، وەک تۆفیق وەهبی، ئەمین زەکی بەگ، ئەحمەد موختار جاف و سەدان کەسی تر، ئەوانە، لەگەڵ ئەمانەی ئەمڕۆدا کە لە لای پارتیی و یەکێتین و کاریان لەگەڵدا دەکەن، دەبێت وەک سەرانی حیزبەکان، نەفرەتیان لێبکرێت، نەک دەستیی ڕێزیان بۆ ڕابگیرێت، تەنانەت پاش مردنیشیان، کە من لە مێژە پێشنیارم کردووە، لە گردی ناپاکان ئەمانیش بنێژرێن و ڕەجمبکرێن. جاش هەر جاشە، چ بە چەک، یان بە قەڵەم.

ئێمە باسەکەمان لە سەر 31ی ئابە، بۆیە وەک پێویست، دەستم بۆ هەندێ خاڵی گرنگ درێژکرد و چەند ڕاستیی و ڕووداوێکی مێژوویم تێیدا وروژاند، کە ئەوەی لە ڕابردوودا ڕوویانداوە پەیوەستە بەو ڕووداوانەی ئەمڕۆ و پاشەڕۆژ و چارەنووسی کوردەوە، بەتایبەتیی زەمەن و سەردەمی ڕووداوەکانی پێش 31ی ئاب، کە وەک زنجیرەیەک پێکەوە بەستراون و لە یەکتر جیاناکرێنەوە.

بە کورتیی ئەو ڕووداو و هۆکارانە ، کە ئیستا ڕووداوی وەک 31ی ئابی لێدەکەوێتەوە. ئەوەی ئەمڕۆ ڕووی داوە، سەرانی حیزبەکان دەیکەن، سیاسەت نییە. چونکە خیانەت سیاسەت نییە.

سیاسەت ئەمڕۆ لە کوردستاندا وێنەیەکی نێگەتیڤ ئەدات بە خەڵکی. ئەمەش تێکشکاندنەوەی کار و هەڵسوکەوتی چەندین ساڵەی پارت و ڕێکخراوەکانی کوردە، نموونە درۆ، دزیی، جنێو، بێڕێزیی، کوردکوشتن، تاڵانیی و خیانەتک کە بە ئاسانیی لە ڕێکخراو و حیزب و سەرکردە و لێپرسراوەکانی کورد بە گشتی دەبینرێت، بەڵام بۆ ئەوەی خەڵکی بە هەڵە لە سیاسەت نەگات، لە چوارچێوەی ئەو ڕێکخراوە کوردیانەدا سیاسەت نەبینێتەوە و لێکدانەوەی ڕاستیی بۆ سیاسەت هەبێت، پێویستە ئێمە چەندین ڕوونکردنەوە و نمونە لە سەر کاری سیاسیی بهێنینەوە، تاکو ئاسانتر جیاوازی نێوان ئەو ڕێکخراوانەی وڵات و نەتەوەکانی تر ببینێت، بەتایبەتیی، ئەو ڕێکخراوانەی، کە بە ڕاستی، نەک بە درۆ خاوەنی بیروباوەڕ، ئامانج و هەڵسوکەوتی سیاسیین.

## سیاسەت چییە؟

سیاسەت کارکردنە بۆ ڕازیکردن و نیزیکبوونەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەکان. تەکنیکی دیالۆگ و نزیکبوونەوەیە، لە نێوان گروپ و ڕێکخراوەکان، کە هەر یەکە خاوەنی ئایدۆلۆژیای جیاوازن لە سەر بۆچوونی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، ئەم ناکۆکییەش کارێکی سروشتییە، چونکە ئەو دەرامەتەی کە وڵاتێک هەیەتی، دەرامەتیی نەتەوەیی دیاریکراوە، سیاسەتیی حیزب و گروپە جیاوازەکان، کار بۆ دابەشکردنی عادیلانە و بەهەدەرنەدان و زیادکردنی دەدات، چونکە مەرج نییە دەرامەتیی وڵاتێک بتوانێت بە تەواویی، ویست و خواستی هەموو هاوڵاتیی و هەموو لایەک پڕبکاتەوە. بۆ وڵاتێکی ژێردەستەی وەکو کورد، جگە لە سیاسەتی بەکارهێنانی دەرامەتیی نەتەوەیی، سیاسەتیی کارکردن بۆ ڕزگاریی، خۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستان، مەرجێگی گەورەیە، بۆ ئەوەی ڕێکخراو و حیزبی کوردیی، هەنگاوی بۆ بنێ، ئەویش بۆ ڕزگاریی و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیی. سیاسەت لێرەدا دەبێتە هونەر، کە بتوانێت ئەو دەرفەتە بقۆزیتەوە و لە هەلێکدا، ئامانجەکانی خۆت بپێکیت.

حیزبە کوردییەکان، بەتایبەتیی پارتیی و یەکێتی، نەک لەو بوارەدا هونەرمەند نیین، سیاسەتمەداریش نیین، لە سیاسەت نازانن. ئەوانە کاتێک پارە و دەرامەتیی وڵاتیان دەکەوێتە دەست، بە هی خۆیانی دەزانن و بۆ خۆیانی دەبەن، ئیتر ئەو حیزب و گروپانە چۆن دەتوانێت خزمەت بە خەڵکیی بکەن، کار بۆ کۆمەڵگا و بۆ نەتەوەکەیان بکەن؟ ڕێگا بدەن خەڵک سەربەست و وشیار بێت، بە ئازادی بیربکاتەوەە؟ ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، نەک درۆیەکی هەڵبەستراوی ڕەشی قەترانیی.

ناکۆکی پارتیی و یەکێتی هەرگیز لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی کورد و ڕزگاری کوردستاندا نەبووە، بەڵکو لە پێناو سێ شتی ساکار و دیاریکرای زۆر ئاساندا بووە، کە سەرانی بنەماڵە و لێپرسراوی حیزبەکان بۆ خوودی خۆیان، هەوڵیان بۆی داوە:

1. پارە
2. دەسەڵات
3. ناسینی خوود، خۆپەرستیی، خۆدەرخستن و پۆزلێدان

ئێمەی کورد، ئەگەر ئەرکیی قورسایی سەرمان، کە لە سەر لەشمان ڕامانگرتووە، نرخێکی پێ بدەین، ساتێک بۆ بیرکردنەوە بەکاری بهێنین، دەتوانین بە ئینسافەوە وەڵامی زۆر پرسیار بدەینەوە و لە کەناریی زۆر ڕاستییدا لابدەین و وچانی بۆ بدەین، یەکێک لەو ڕاستییانەی کە زۆر تاڵە و لە ئەنجامی پرسیارکردن لە خوودی خۆمان، وەڵامەکەی وەردەگرینەوە، ئەوەیە، کورد تا ئیستا شۆڕشی نەکردووە، مەبەستم لە دیاردە چەکدارییەیە کە بارزانی باوک و کوڕ، هەروەها تاڵەبانی ڕابەرییان تێیدا کردووە. شۆڕش پێناسەی تایبەتیی خۆی هەیە، کاتێک سەرانی حیزبە کوردییەکان، لە دەسەڵاتی نێوەندی عێراقیی، یاخی بوون، یان داوایان لێکراوە، یاخی ببن، وەک خوودی خۆیان، تەنها بۆ بەدیهێنان و لە پێناو ئەو سێ شتەی سەرەوەدا بووە، کورد وەک کەرەستە، کێشە نەتەوەییەکەی کورد، وەک بازرگانی کاری پێکراوە و گەورەترین بیانوو بوون بۆ گەیشتن بەو خواستانەی خۆیان، کە هەوڵیان بۆی داوە، بۆ نموونە 31ی ئاب، بازاڕێکی گەورەبوو، کە مەسعود بارزانی، کەرامەتیی مرۆڤی کوردیی تێدا هەڕاج کرد،

*******************************************************

با ئێمە ئیتر واز لەو قسانە بهێنین و بگەڕێینەوە سەر فاکت و قسەی لەسەر بکەین ، بە شێوەیەکی کورت لە هۆکاری ڕوودانی ئەو کارەساتە بکۆڵینەوە، بۆ ئەمە با سەردانێکی برایم خەلیل بکەین، کە خاڵی سەر سنووری عێراق و تورکیایە، دروست با ئێمە بێین باس لە داهاتیی ساڵی **1994** بکەین:

ڕۆژنامەی **(International Herald Tribune)** (ژمارە**8،9** ئەپریلی **1995**) لەم بارەیەوە وا دەنووسێ:

بە تەخمینی ئەو پسپۆڕانەی، کە لە نزیکەوە ئاگایان لە هاتوچۆی سەر سنوور هەیە، لە ساڵی **1994**دا ڕۆژی **40** ملیۆن گالۆن گازۆیلی عێراقی بە کوردستانی عیراقدا نێردراوە بۆ تورکیا، ئەم بازرگانییە، سەر لە نوێ، بووژانەوەیەی گازی عێراقی لە نێوان عێراقییەکان و تورکەکان و کوردەکاندا، مەسەلەی مونافەسەی پارە و جیۆپۆلیتیکە، لەو ناوچە کوردییەی سەرووی عێراق، ئەو بازرگانییە لە لایەکەوە، نیشانەی بێدەسەڵاتی ئەو ئابلۆقەیە دەردەخات، کە لیژنەی ئاسایی نەتەوە یەکگرتووەکان بە سەر سەددام حسێندا سەپاندوویەتی، لە لایەکی دیکەوە، ئەوە نیشان ئەدات، کە تەماع چەند زیان بە کوردەکانی عێراق دەگەیەنێت.

ڕۆژنامەی هەتاو لە ژمارە **15**، **16**ی ساڵی **1997**دا، کە لە چەند سەرچاوەیەکی ئینگلیزییەوە زانیاری وەریگرتووە، دەنووسێ: سەرانی پارتی ڕۆژی یەک ملیۆن دۆلار لە پارەی ئیبراهیم خەلیل دەدزن. هەروەها **320** هەزار دۆلاریش لەو بەشەی کە بۆ عودەی کوڕی سەددام حسێن دەچێت، ئەوەش بۆ خۆیان لا ئەدەن.

*************************

شەڕی پارتیی و یەکێتی لە سەر کێشە چارەنووسسازەکانی کورد نەبوو، بەڵکو لەسەر دابەشکردنی دەرامەت و ئەو پارەیە بوو، کە لە ئیبرایم خەلیلەوە پارتی

بەدەستی دەگەیشت، خۆی دەستی بەسەردا دەگرت، هەموو ئەو پارانەش دەچووە لای پارتی و دەخرایە گیرفانی بنەماڵەی بارزانییەوە. ئەمە بە یەکجاری یەکێتی شیتگیرکرد، بۆیە لە مانگی 5ی ساڵی 1994دا هەردوو لا، شەڕیان دژی یەکتر ڕاگەیاند. ئەمە لە کاتێکدا کە لە ساڵی 1992 یەکێتیی و پارتیی، پاش ئەوەی لە پەرلەمانەکەیاندا بڕیاریان دا، بە جووتە هێرش بکەنە سەر (PKK)، بەڵام پاش دوو ساڵ ڕووی چەکەکانیان کردە یەکتر، ئەمەش بەو مانایەی لە ماوەی دەسەڵاتییان لە کوردستاندا، یەک تاکە ڕۆژ چییە، پارتیی و یەکێتیی ئارامییان بۆ کوردستان نەهێنا.

هەر لەو ماوەیەدا نزیکەی 3 ملیۆن کورد لە باشووری کوردستان واتە (سلێمانی، هەولێر، کەرکوک) جگە لە بایکۆتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتیی مەرکەزی بەغدا، لە لایەن پارتییشەوە، بایکۆت کرا، ئەو ناوچانە کەوتنە ژێر ئابلۆقەدانی خواردەمەنیی و کەرەستە پێویستەکانی ژیانی ڕۆژانەیانەوە.

جێگای خۆیەتیی، باس لەوە بکەین، کە پارتیی لە مانگی 3ی 1995، لە (14/5/1997) لە مانگی 10ی 1997، لە مانگی 5ی1998، بە هاریکاری تورکیا شەڕی (PKK)ی کردووە.

خیانەت و لەشکرکێشی داگیرکەر بۆ سەر کوردستان تەنها جارێک نەبووە، تەنها لە 31ی ئابدا نەبوو، کە سوپای بەعسی میوانداری کرد بۆ سەر هەولێر، کاتێکیش تورکیا و پارتیی، کە نەیانتوانی سەرکەوتنی یەکجاری دژی (PKK) بەدەست بهێنن، بۆ ئەو مەبەستە لە ژێر فشاری تورکیا و بە پێخۆشحاڵی پارتیی، توانرا ئەمەریکا ڕازیبکرێت، کە (PKK) بخرێتە لیستی تیرۆریستانەوە.

با بێینەوە سەر باسەکەمان و ڕووداوەکانی پێش 31ی ئاب باس بکەینەوە:

بە ماوەیەک پێش ئەو لەشکرکێشییەی سوپای بەعس بۆ سەر هەولێر، ناکۆکیی و ناتەبایی و زۆر شتی دیکە لە نێوا پارتیی و یەکێتییدا ڕوویان داوە، ئەوەی وەک سەرچاوە لە بەردەستمدایە هەندێکیتان بە پەلە دەخەمە ڕوو:

یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانی ڕێکەوتننامەی پاریس، کە لە مانگی 7 ی ساڵی 1994 پارتیی و یەکێتیی ئیمزایان لە سەر کرد، ڕێکەوتنی ئاگربەستی هەردووکیان بوو، بە پێی ئەو ڕێکەوتننامەیە، یەکێتی هێزەکانی خۆی لە شەقلاوە کشانەوە، بەڵام لە پڕ پارتی بە 3 هەزار چەکدارەوە شەقلاوەی داگیرکرد. بۆیە یەکێکیش ناچاربوو، هیزەکانی خۆی لە هەولێر نەکێشێتەوە، ئەویش هەولێری داگیرکرد. دیسان، لە سەر ئەمانە، ڕێکەوتننامەی ژمارەی 2 ی پاریس مۆرکرایەوە، بەڵام یەکێتیی چۆڵکردنی هەولێری بەستەوە، بە بەجێهێنانی ئەو ڕێکەوتننامەیە، کە لە بەندێکیدا، وا هاتبووە، داهاتی برایم خەلیل و شوێنەکانی تر، لە ڕێگای حکومەتی هەرێمەوە دابەشبکرێت، بەڵام پارتیی بە شێوەیەکی تر وەڵامی یەکێتیی دایەوە، بەوەی لە 28 / 3 / 1995 دا ناوچە مەدەنییەکانی دەوروبەری هەولێری دایە بەر تۆپ. ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە هاتنە ژوورەوەی سوپای تورکیا لە 20 / 3 / 1995دەستی پێکردبوو.

بۆ ڕێگە خۆشکردن و ڕێکەوتنی ژێربەژێر لەگەڵ حکومەتیی عێراقدا، بنەماڵەی بارزانیی هەنگاوێکی دیکەیان نا:

ئیستگەی دەنگی کوردی ئەمەریکا، لە 6/8/1995 دا، واتە سێ هەفتە بەر لە 31ی ئاب، وتووێژێکی تەلەفونییان لەگەڵ جەوهەر نامیق ئەنجام دا، یەکێک لە قسەکانی جەوهەر نامیق ئەمە بوو:

(ئیسپات بوو، کە کورد ناتوانێت، خۆی حوکمی خۆی بکات،... ئێمە باشتر وایە لەگەڵ سەددام حسێندا ڕێک بکەوین و مفاوەزە بکەین و لە پاڵ سێبەری ئەودا بژین)

بەمەدا دەردەکەوێت، کە پارتیی و بنەماڵەی بارزانیی، نەک کوردستانیی نیین، و ئازادیی و ڕزگاری کوردستانیان ناوێت، تەنانەت ئەوشیان سەلماند، کە ناشتوانن ببنە بەڕیوەبەر، ئیدارەی وڵاتێک بەڕێوە بەرن، هەر وەک مەسعود بارزانی خۆی ددان بەمەدا دەنێت و زەردەخەنە دەخاتە سەر لێوی، کاتێک دەڵی: ئێمە پردێک ناتوانین دروست بکەین، بەڵام پردێک دەتوانین بڕوخێنین.

*********************

دڵشاد بارزانی لێپرسراوی پارتی لە ئەڵمانیا، هەروەها سەلاح ڕەشید جێگری یەکێتی لە ئەڵمانیا، ئەم دوانە نوێنەری حکومەتی هەرێم بوون، لە سەرەتادا ناکۆکیی زۆر لە نێوانیاندا هەبوو، تەنانەت بۆ ناولێنانی چالاکییەکانیان، سەلاح ڕەشید پێشنیاری کرد، ناوی (نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێم)ی لێبنرێت، ئەم نوێنەرایەتییەش، نابێت کاری پارتایەتیی بکات. دڵشاد بارزانی بەمە ڕازی نەبوو، دەیگووت ئێمە عێراقین و نابێت لە عێراق جیابینەوە، بۆیە لە **22 / 4 / 1994**دا بەزۆر ناوی (بیرۆی کوردی عێراقی) سەپاند بە سەر نوێنەرایەتیی حکومەتەکەیان لە ئەڵمانیا، هەر پارەیەک لە حکومەتی هەرێمەوە بۆیان دەهات، هەر دەستکەوتێک، کە بە بیرۆکەیان دەگەیشت، یان لە دەرەوە دەستیان دەکەوت، دەچووە گیرفانی دڵشاد بارزانییەوە.

بۆ کۆتایی پێهێنان بەم نووسینە، دەمەوێت ئەو ڕووداوە مێژووییەتان بۆ بنووسمەوە، کە لە چەند باسی تردا دیکەدا نووسیومەتەوە، تا بە دوایدا پرسیارێک بکەین :

پادشای ئینگلتەرە، چارلس، بۆ دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکانی ناوخۆی ئینگلتەرە، هانای بردە، بەر ئێرلەند و فەرەنسا. لەسەر ئەمە پەرلەمانی ئینگلتەرە، بڕیاری گرتن و دادگاییکردنی پادشایان دەرکرد، دادگای پەرلەمانی ئینگلتەرە، لەسەر ئەم تاوانانەی خوارەوە، بڕیاری کوشتنی بۆ دەرکرد. تاوانەکانیش ئەمە بوون:

پەیوەندیکردن بە هێزی بێگانە و دوژمنەوە، بۆ دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکانی ناوخۆ.

خیانەتکردن لە ڕێبازی ئاینی پرۆتیستانت.

بەکارهێنانی ماڵ و دارایی دەوڵەت بۆ مەبەستی شەخسیی.

لە ڕۆژیی **30/1/1649** دا بە سەرپەڕاندن بڕیاری کوشتنەکە بە سەر پاشادا جێبەجێ کرا.

ئەو ڕووداوە **347** ساڵ پێش **31**ی ئاب ڕووی داوە، لێکچوونیان وەک یەکە، چ بکەرەکان، چ تاوانەکان. تەنها یەک جیاوازی زەق هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە زۆر کەس ئەمە بە تاوان دانانێت، زۆر کەس پشتگیریی دەکات، چونکە پیرۆزی حیزب و پارتیی و پاراستنی پیرۆزی بنەماڵە، زۆر بەرزتر دەبینن، لە پیرۆزی خاک و نەتەوە. ئەوەی ئێمەی کورد نەمان بێت، پاراستنی ئاسایسی نەتەوەی کوردە، ئەمەش درێژەوەبووی ئەو سیاسەتەیە، کە داگیرکەرانی کورد، بە خۆمانی پیادە دەکەن.

## جەنگـــــی برسیکـــردن!

لەچەند مانگی ڕابردوودا نرخی خواردن لەجیهاندا بەشێوەیەکی خەیاڵی بەرزبووەوە، هەندێک لە خواردنە سەرەکیەکانی وەک ڕۆن، گەنمەشامی و برنج نرخەکانیان بە ڕێژەی لە100% زیادی کردوە، وە بەپێی ڕاپۆرتێکی بانکی دەولی لەماوەی 36 مانگدا، واتە تا مانگ/ی دووەوە نرخی گەنم بەڕێژەی 181%، وە نرخی خواردنەکانیتریش بەڕێژەی لە 83% زیادیان کردووە. بەپێی ڕاپۆرتێکی تری ڕێخراوەی خۆراک و کشتوکاڵ(FAO) تەنها لەساڵی 2007 دا نرخی خواردن بەڕێژەی 47% بەرزبۆتەوە.

باشترین برنجی تایلاند پێنج ساڵ لەمەوبەر تەنی بە 198 دۆلار فرۆشراوە، کەچی هەمان برنج ساڵی پار بە 323 دۆلار فرۆشراوە، ئەمساڵیش//بە 1000دۆلار فرۆشراوە. واش چاوەڕوان ئەکرێت کە ئەم بەرزبوونەوەیە بەردەوام بێت تا ساڵی 2015. ئەم ئەزمەیە بەتەواوەتی لە20 مانگی ڕابردودا دەستی پیکردوە، بەڵام لە دوو - سێ مانگی ڕابردوودا بەتەواوەتی تەقیەوە.

ئەم بەرزبوونەوەیە بۆتە هۆی شەپۆلێکی بەهێزی توندوتیژی و ناڕەزای دەربڕین لەجیهاندا، ل4/ دا سەرۆکی بانکی دەولی لە واشنتۆن ڕایگەیاند کە بەرزبونەوەی نرخی خواردن ئەبێتە هۆی تێکچوونی باری ئاسایش لە 33 وڵاتی جیهاند. لە

/4/ یشدا قسەکەرێکی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند کە سەد ملیون کەس لەژێر مەترسی برسێتیدان. هەر بەم هۆیەشەوە خۆپیشاندان زۆر بەتوندی لەوڵاتانی هایتی، بەنگلادیش، ئەبیدجان، میسر، پاکستان، تایلاند، کامێرۆن، ئەسیوبیا، هیندۆراس، ئەندەنووسیا، مەدەگەسکەر، نەیجریا، فلیپین، سنیگاڵ، ئۆزباکستان، زامبیا و پیرۆ و بەم دواییەش لە هەندێک لەشارەکانی ئێراندا دەستی پێکرد.

بەرزبوونەوەی نرخی خواردن بۆتە هۆی برسیکردنی ملوێنەها خەڵک لەسەرتاسەری جیهاندا، لەئێستادا هەموو ڕۆژێک نزیکەی **35000** منداڵ لە برسا یان لەبەر توندوتیژی ئەمرن، واتە هەر چەند سانییەک منداڵێک. جیاوازی نێوان هەژار و دەوڵەمەندیش ڕۆژ بەڕۆژ لەزیابوندایە .

**2.8** ملیار لە خەڵک، کە نیوەی خەڵکی جیهانە ڕۆژانە بەکەمتر لە دوو دۆلار ژیان ئەگوزەرێنن. لە شوێنێکی وەک هایتیدا بارودۆخەکە زۆر خراپترە، بەپێی راپۆرتی ڕێخراوی **IMF** کرێکاری هایتی لەڕۆژێکدا **44** سەنت وەرئەگرێت واتە کەمتر لە نیو دۆلار، ئەمە ئەگەر کاریان دەست کەوێت، چونکە **2/3**ی خەڵکەکە ئیشی بەردەوامیان نیە. زۆربەی خەڵکی لە خانووی کارتۆن و تەنەکەدا ئەژین، نە کارەبا نە ئاو نە ئاودەستخانەیان هەیە، هەمیشە برسین و زۆرێک لەو خەڵکە ڕۆژانە یەک ژەم خواردن ئەخۆن، ئەمە لەزۆر شوێنی تری ئەمەریکای لاتینیشدا هەروایە، بۆ نموونە وەک مەکسیک کە زۆرێک لە خەڵک لەبەر دەستکورتی، ڕۆژانە یەک ژەم نان ئەخۆن.

برسێتی لە هایتدا زۆر قوەسە خەڵک ناچارن قوڕ بخۆن بۆ ئەوەی برسێتیەکەیان نەمێنێت، ئەویش جۆرە قوڕێکە پێی ئەڵێن پیکا(**Pica**) لەگەڵ خوێ و هەندێک سەوزەدا تێکەڵی ئەکەن. تەنانەت ئەم قوڕەش بە خۆڕای نیە و ئەفرۆشرێت، بەشی **100** کێکی قوڕ بە **5** دۆلارە ، لەساڵی پاریشەوە نرخەکەی

دۆلار و نیوێک بەرزبۆتەوە، کە ئەمەش هێشتا زۆر گرانە بۆ هایتیەکان کە بتوانن بیکڕن.

ئایا سەرهەڵدانی ئەم ئەزمەیە پەیوەندی هەیە بەکەمی خواردنەوە :

بوونی ئەم ئەزمەیە بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە کەمی بەرهەم هێنانەوە نیەیە، هەرئێستا بەرهەم هێنان زیاترە لەپێداویستیەکانی مرۆڤ. بەپێی ڕاپۆرتی ڕێخراوەی خۆراک و کشتوکاڵ(FAO) ی نەتەوە یەکگرتوەکان، بەبەراورد لەگەڵ ساڵی 1960 دا بۆ هەموو کەسێک 18 کالۆری زیاتر بەرهەم دەهێنرێت، وە لەئێستادا هەموو کەسێک 2800 کالۆری بەرئەکەوێت لەڕۆژێکدا. هەر بۆیەش برسێتی پەیوەندی نیە بە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانەوە، بەڵکو پەیوەندی هەیە بەشێوازی بەرهەم هێنان و بازاڕەوە کە تیایدا سەرمایەداری قازانج ئەخاتە پێش هەموو شتێکی ترەوە، بۆ نموونە لە کەنەدا حکومەتی فیدراڵی 225 دۆلار ئەدات بۆ هەر بەرازێک کە بکوژرێت بۆ کەم کردنەوەی ژمارەی بەراز لەم وڵاتەدا، ئەمەش بە هۆی دابەزینی نرخی گۆشتی بەرازەوەیە، هەندێک لەم گۆشتی بەرازە ئەدرێت بەبانکە ناوخۆیەکانی خواردەمەنی بەڵام زۆربەی فڕێ ئەدرێت یان ئەکرێت بەخواردن بۆ گیان لەبەرانی تر . هەر بەهەمان شێوە یابان و ئەمەریکاو وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا ساڵی هەزاران تەن میوەو سەوزە ئەکەن بەژێر زەویەوە بۆ ئەوەی نرخ دانەبەزێت لەبازاڕدا، نموونەکی تر لەم بارەیەوە ئەمەریکایە کە 3.5 ملیار پرتەقاڵیان لە بازاڕی کالیفۆرنیا لابرد و لەناویان برد بۆ ئەوەی نرخ دانەبەزێت، یان یابان ماوەیەک لەمەوبەر 8.600 تەن تور و کەلەرمی بۆ هەمان مەبەست

لەناوبرد، ئەوروپاش هەزاران تەن کەرەو شیریان بەهەمان شێوە لەناو بردووە، بەڵام ئەم خواردنانە هیچی نادرێت بە وڵاتانی هەژاری دنیا.

لەلایەکی ترەوە بەرهەم هێنانی گەنمەشامی لەجیهاندا زۆر لە زیادبوندایە. لە نێوان ساڵی(2004 –2007) بەرهەم هێنانی گەنمەشامی **51** ملیون تەن زیادی کردووە، بەڵام هەر لەم ماوەیەدا بایوفیولی ئەمەریکیش بەتایبەتی(ئیسانۆڵ)، **50** ملیون تەن زیادی کردووە کە هەموو ئەو زیادە بەرهەمەی هەڵمژیووە، وە واش چاوەڕوان ئەکرێت کە بەکارهێنانی گەنمەشامی بۆ بایوفیول لەئەمەریکادا بەرزبێتەوە بۆ **114** ملیون تەن. بەرازیل کە یەکێکە لە گەورەترین بەرهەم هینەرەکانی میسانۆل، ساڵی پار پەیماننامەی لێکۆڵینەوە و پێشخستنی میسانۆڵی لەگەڵ ئەمەریکادا مۆرکرد بۆ دروستکردنی ئامێری نوێ تا بەهۆیەوە ئەم بەرهەمە زیادبکرێت.
بەپێی هەڵسەنگاندنێکی یەکێتی نەتەوەی بەرهەمهێنەرانی گەنمەشامی(NCGA –-National Corn Growers Association) لەساڵی **2009** دا **3/1**ی بەرهەمی گەنمەشامی بۆ دروستکردنی بایوفیوڵ ئەبێت، کەئەمەش ئەبێتە هۆی دابینکردنی وزە بۆ ئەمەریکاو هەڵئاوسانی بازاڕی خۆراکیش لە جیهاندا لەماوەی پێنج ساڵی ئایندەدا

سەرمایەدارەکان بە ناوی پارێزگاریکردنی ژینگەوە لەچەند ساڵی ڕابردوودا قازانجێکی خەیاڵیان لە بایوفیول کردووە چونکە بەرهەم هێنانی لە نەوت هەرزانترە، ئەمە لەکاتێکدا کە نرخی نەوت لە بەرزیدایە.

ئەوروپا و هندیش خەریکن هەمان ڕێباز بگرنەبەر و بەرهەمهێنانی بایوفیول زیاد بکەن، بۆ نموونە ئەوروپا ئیعلانی ئەوەی کردووە کەتاساڵی 2010 ئەبێت 5.75% گازی سەیارە لە بایوفیول بێت.

هۆکارەکانی ئەم ئەزمەیە:

بەپێی بۆچوونی زۆرێک لە پسپۆڕانی ئابوری و سیاسی هۆکاری ئەم ئەزمەیە ئەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی سەرەکی لەوانە:

1. هۆکارە سروشتیەکانی وەک دە ساڵ وشکە ساڵی لە ئوسترالیا، لافاو لە بەنگلادیش و شوێنانەکانیتر.

2. بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان لە جیهاندا.

3. هەرەسهێنانی بازاڕی پارەوپوول و کێشانەوەی چەندان تریلیۆن دۆلار لە بواری خانووبەرەدا و خستنەگەڕی لە بواری کڕینی خواردن و مادە سەرەتایەکاندا، کە ئەمە لە وۆڵ ستریت(wall street) پێی ئەگوترێت سوڕی تایبەتی کاڵا (Commodities supper_ Cycle) ، وەک ئاشکرایە لە دوای پەیدابوونی ئەزمەی پارە لە ئەمەریکا بازرگانەکان لەلایەک پارەکانیان خستە بواری بازرگانی نەوت و ئاڵتونەوە لەلایەکی تریشەوە کڕینی گەنم و گەنمەشامی و کاکاو و مەڕوماڵات.

4. بەرزبوونەوەی نرخ و ترس لە بەش نەکردنی ناوخۆی، وای لەزۆرێک لەو وڵاتانە کردووە کە دانەوێڵە دەنێرنە دەرەوە، فرۆشتن و ناردنەدەرەوە کەم بکەنەوە؛ وەک تایلاند کە گەورەترین سەرچاوەی ناردنە دەرەوەی برنجە. ڤیەتنام و میسر و کامبودیاش واپێئەچێت کە هەمان شت بکەن. چین و

کازاغستان و ئەرجەنتینیش هەمان ڕێگایان گرتۆتە بەر سەبارەت بە دانەوێڵەکانی تر، چونکە تا کەمتر بنێرنە دەرەوە نرخ زیاتر بەرز ئەبێتەوە.

**5.** گۆڕینی دانەوێڵە بۆ بایوفیوڵ (**biofuel**): بایوفیول بەو سەرچاوەی وزەیە ئەوترێت کە لەبەربوومە دانەوێڵەیەکان دەردێت کە ئەمەش زیاتر وەک گازو بەنزین دەبێت، ئەویش دوو جۆرە:
بایو ئیسانۆڵ کە وەک بەدیلێکە بۆ گاز، لەگەنم و گەنمەشامی و قامیشی شەکر دەردێت، وە ئوتومبێل ئەتوانێت **10%** ئەمە لەگەڵ گازدا بەکاربهێنێت.
بایودیزڵ؛ کە تاڕادەیەک هەر بۆ هەمان مەبەست بەکاردێت بەڵام لەزۆر جۆڕ ڕۆنی ڕوەکی دەردێت؛ وەک پاقلەی سۆیا، دارخورما، هەروەها لەچەوری حەیوانی. ئەم جۆرە ئەتوانرێت **100%** لەجیاتی گاز بەکار بهێنرێت.

**6.** خاڵێکی گرنگ کە کەم لە توێژەرەوەکان خۆیانی لەقەرەئەدەن ئەوەیە کە ئەم کێشەیە سەرئەنجامی قەیرانی بازاڕە. ئەمڕۆ جیهان ئەو جیهانەی **50-- 60** ساڵ لەمەو بەر نیە کەتەنها چەند وڵاتێک بەرهەم هێنەری گەورە بن و باقی وڵاتانی تر بازاڕبن بۆ کاڵاکانیان. ئەمڕۆ زۆربەی وڵاتان بوونەتە وڵاتی پیشەسازی و ئەوەی بەرهەمی ئەهێنن لە خۆیان زیایە و پێویستە بازاڕی بۆ بدۆزرێتەوە. وڵاتێکی وەک چین وا خەریکە دەست بەسەر زۆربەی بازاڕی جیهاندا بگرێت، بەتایبەتی ئەفەریقا و وڵاتە هەژارەکانی تر، ئەمەش زیاتر لەبەر ئەوەی نرخی کاڵاکانی زۆر هەرزانترە لەوەی کە لە ڕۆژئاوادا بەرهەم دێت. لە بەرامبەردا ڕۆژئاوا وە بەتایبەتی ئەمەریکا ناتوانێت نرخ بێنێتە خوارەوە بۆ ئەو ئاستە تا بەربەرکانی چینی پێبکات. هەر بۆیەش خواردنیان کردە چەکێک بۆ ئەوەی لەڕێگایەوە جارێکی تر ئەفەریقا و ولاتانی هەژاری تری پێ بخەنەوە

ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، ئەویش بەوەی کە لەڕێگای سندوقی نەقدی دەولیەوە بیانخەنە ژێر قەرزێکی زۆرەوە و مەرجەکانی خۆیانیان بەسەردا بسەپێنن.

ڕۆڵی سندوقی نەقدی دەولی و بانکی دەولی لە برسیکردنی وڵاتاندا:

سندوقی نەقدی دەولی هەمیشە ئامێرێک بووە بۆ کۆنترۆڵ کردنی وڵاتانی هەژار، بۆ ماوەی چەند دەکایەکە هەردوو بانکی دەولی و سندوقی نەقدی دەولی ڕەفزی ئەوەیان کردووە کە قەرز بدەن بە هیچ وڵاتێکی هەژار، ئەگەر ڕازی نەبێت بە قبوڵکردنی پڕۆگرامی ڕێکخستنەوەی هەیکەلی(Structural Adjustment Program) ؛ ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کە ئەبێت ئەو وڵاتە؛ **1.** نرخی پارەکەی بێنێتە خوارەوە، **2.** باج لەسەر کەلوپەلی دەرەوە کەم بکاتەوە، **3.** شوێنە سەرەکیەکانی بکاتە موڵکی پرایڤێت، **4.** هەروەها یارمەتیدانی کشتوکاڵی بوەستێنێت یان کەمی بکاتەوە.

ئەمەش هەمووی بە بەڵێنی ئەوەی کە ئەم هەنگاوانە ئەبێتە باشکردنی ئابوری وڵاتەکانیان، بەڵام بەپێچەوانەوە بۆتە هەژارترکردنی ئەو وڵاتانە، وڵاتێکی وەک میسر **30** ملیار دولار قەرزاری سندوقی نەقدی دەولیە. کینیا تا **25** ساڵ لەمەوبەر بەشی پێداویستی ناوخۆ خواردنی بەرهەم ئەهێنا، کە چی ئەمڕۆ لە **80%** خواردن لەدەرەوە دێنێت، وە لە**80%** ئەو بەرهەمانەش کە ئەینێرێتە دەرەوە بابەتی کشتوکاڵی ترن. زۆربەی زەوی جوتیارەکان بونەتە موڵکی کۆمپانیا گەورەکان، هەر بۆیەش بەرهەمهێنان بۆ کۆمپانیاکانە و بەرهەمەکانیش ئەو بەرهەمانەن کە بۆ بزنس بەکاردێن و پێی ئەڵێن **agribusiness**.

هایتی کاتی خۆی **97%** ی برنجی ناوخۆی بەرهەم هێناوە، بەڵام ئەمەریکا ئەو حکومەتەی ناچارکرد (کە بەویستی ئەوان چۆتە سەرکار) کە دەعمی جوتیارەکان بوەستێنێت بۆ کشتوکاڵ کردن، دواتر خۆیان دەستیان گرت بەسەر

بازاڕی ئەم وڵاتەدا و برنجێکی زۆری ئەمەریکیان بەنرخێکی هەرزان خستە بازاڕەکەیەوە(کە حکومەتی ئەمەریکی دەعمی هەرزانیەکەی ئەکرد) ئەمەش بووە هۆی ئەوەی زۆربەی جوتیارەکانی هایتی ئیفلاس بکەن و واز لەکشتوکاڵکردن بهێنن. ئێستاش لەکاتێکدا کەئەم وڵاتە هەشت ملیون خەڵکی برسی هەیە، بانکی دەولی تەنها 10 ملیون دۆلاری داوەتێ وەک یارمەتی.

ئەم ڕێخراو و بانکانە بەویست و بەرژەوەندی سەرمایەداری کار ئەکەن، وە لەهەر شوێنێکی جیهاندا وە بە هەر وەسیلەیەک بۆیان کرابێت ویستویانە میللەتان بەدواکەوتووی بهێڵنەوە، وە بەتایبەتیش بواری کشتوکاڵییان لەناوبەرن تا بازاڕو سامانی وڵاتەکەیان لەدەست خۆیاندا بێت.

کوردوستان و عێراق نموونەیەکی تری زیندووی بەرچاون، لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 کاتێک ڕێخراوە ڕۆژئاوایەکان هاتنە ناوچەکە جوتیارە کوردەکان بەردەوام سکاڵای ئەوەیان ئەکرد کە گوایە ئەم ڕێخراوانە سن و کیسەڵەیەکی زۆریان بڵاو کردۆتەوە. دواتریش مادەی 80ی دەستورەکەی پۆل بلیمەر کە ئێستا حکومەتی عێراقی پەیڕەوی ئەکات بەتەواوەتی کشتوکاڵی عێراقی وێران کرد، هەرچی زەوی‌وزارە بۆتە موڵکی کۆمەڵێک بەکرێگیراوی ئەمریکی و جوتیاریش یا کراوە بە پۆلیس یان ناتوانێت وەک پێویست بەرهەم بهێنێت. لەبەرامبەردا ڕۆژانە هەزارەها تەن خواردنی ئێکسپایەر لەلایەن حکومەتە وە دێنرێتە ناوەوە کەبۆتە هۆی بڵاو بوونەوەی نەخۆشی بەرێژەیەکی یەکجار فراوان، ڕۆژانە ئەوەندە خەڵک ئەمرن هەندێک کەس وڵاتەکەیان ناو ناوە وڵاتی پرسە، ئەمە لەکاتێکدا کە عێراق بەدرێژای مێژوو بەپیت ترین خاکی کشتوکاڵی بووە و وەئەتوانێت نەک بەشی ناوخۆ بەڵکو بەشی هەندێک شوێنی‌تری ناوچەکەش خواردن بەرهەم بهێنێت.

ئەو شوێنانەی لەپشت ئەم یاریکردنەوەن بەبازاڕەوە:

a) بانکە گەورە جیهانیەکان: وەک بۆرسەی دەولی شیکاغۆ(Chicago Stock Exchange-chx) کەبەشێکی گەورەی ئەم ئەزمەیەیە، و تیایدا چالاکی خستنەگەڕی زۆرێک لە بانکەکانی بەرهەم هێنان زۆر زیادی کردووە. لەمانگی یەکی 2008وە چالاکی خستنەگەڕی سەرمایە لە بواری کشتوکاڵدا بەرێژەی 25% بەرزبۆتەوە لە chx دا. ئەمەش لەبەر ئەوەی کە نرخی خواردنە سەرەکیەکان بەشێوەیەکی زۆر خێرا بەرزئەبێتەوە لەنێوان کاتی خستنەگەڕی سەرمایەکە و کاتی تەسلیم کردنیدا، هەر بۆیەش سەرمایەگەرەکە ئەتوانێت قازنجێکی زۆری دەستکەوێت. بەپێی ژمارەکانی (chx)، لەسەر ڕۆشنای ئەم ئەزمەیەی ئێستادا قازانج مسۆگەرە، هەر بۆیەش داوا لەسەر گەنم کەلەمانگی دوانزەی 2008تەسلیم بکرێت بەرێژەی 73% بەرزبووەوە، گەنمەشامی بەرێژەی 52%، وە هەروەها ڕۆنی گەنمەشامیش بەرێژەی 44% داواکردن لەسەریان بەرزبۆتەوە.(تەماشآی خاڵی 3بکە لە سەرەوە).

b) کۆمپانیا نەوتە جیهانیەکانی (ئەنگلۆ- ئەمەریکان - Anglo-American) کە ئەمانە ئەگرێتەوە: پترۆڵی بەریتانی BP Exxon Mobil، Texaco، Chevron، Royal Dutch Shell، .

c) کۆمپانیەکانی ئاو وەک: سویس Suez، ڤیولیا Veolia وBechtel-United Utilities کەڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە بە پرایڤێت کردنی سەرچاوە ئاویەکان لە جیهاندا.

d) کۆمپانیای ئنگلۆ- ئەمریکی سەناعاتی حەربی: کە پێنج کۆمپانیای گەورەی ئەمریکی ئەگریتەوە؛ Northrop، Lockheed Martin، Raytheon

**Grunman ، Boeing ، General Dynamics. بە هاوکاری لەگەڵ کۆمپانیای ئاسمانی و بۆشای بەریتانی (British Aerospace System-BAES) :**

**هەموو ئەم کۆمپانیایانە پەیوەندی زۆر بەهێزیان هەیە لەگەڵ کۆماپنیاکانی Wall Street و Oil giant دا.**

**ســــەرئەنجـــــام:**

**وزە و خواردن و ئاو سەرچاوەی ژیانی مرۆڤن، لەم ساڵانەی دوایدا نرخی ئەمانە بەشێوەیەکی خەیاڵی چۆتەسەرەوە و ئێستاش بەردەوام لەسەرکەوتندایە. بەرزبونەوەی نرخی ئەم سیانە بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی هەموو کاڵایەکی تریش، چونکە نرخەکان پێکەوە بەرز ئەبنەوە.**

**بەرزبوونەوەی نرخ بۆتە هۆی هەژارکردنی میللەتان و دابەزاندنی ئاستی بژێوی لەسەرتاسەری جیهاندا. بەڵام ئەمە سەرئەنجامی کەمی ئەم سەرچاوانە نییە، بەڵکو سەرئەنجامی کێشە ئابوری و سیاسیەکانی سیستمی سەرمایەداریە کە واپێئەچێت لە ئایندەیەکی نزیکدا بەجەنگێکی گەورە کۆتای پێ بێت.**

**سەرمایەداری قازانج و بەرژەوەندیەکانی لە پێش مرۆڤەوە دائەنێت. ئەم سیستمە ملوێنەها جوتیاری لە زەوی دابڕیووە ئەویش لەڕێگای بێپیتکردنی زەویەکانیان و ژەهراویکردنی ئاو هەواکەیان، مارکس ئەڵێت؛ '''سەرمایەداری دژی بەرهەمهێنانە بەشێوەیەکی مەنتیقی، بەرهەم هێنانی مەنتیقی لەگەڵ سەرمایەداریدا یەکناگرێتەوە''. بۆ نموونە بەرهەم هێنانی بایوفیول تەنها یەکێکە لەو نامەنتیقیانەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری کە بۆتە هۆی دروستکردنی ئەم ئەزمەی برسیکردنە لەسەرتاسەری جیهاندا.**

بەرهەمهێنانی بایوفیول وەک جین زیگلەر ئەڵێت(راپۆرتدەری تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان-بۆ-ـ ماف بۆ خواردن) تاوانێکە دژ بەمرۆڤایەتی، بەڵام ئەمە بۆ سەرمایەداری زۆر گرنگ نییە، گرنگ کۆنترۆڵکردنی بازاڕ و سەرچاوە سروشتیەکانە، هنری کسنجر ئەڵێت؛" کۆنترۆڵی نەوت بکە، کۆنترۆڵی میللەتان ئەکەیت، کۆنترۆڵی خواردن بکە کۆنترۆڵی خەڵکی پێئەکەیت". دیسانەوە ئەڵێت" بۆ کۆنترۆڵکردنی دانیشتوانی جیهان ئەبێت سەدان ملیون خەڵك کەم بکرێتەوە، ئەویش بەبەکارهێنانی خۆراک وەک چەک بۆ ئەم مەبەستە" ، هەر بۆیەش مردنی ملوێنەها خەڵک لەبرساندا بۆ سەرمایەداری شتێکی سروشتییە.

لە کاتێکدا کارەساتە سرروشتیەکانی وەک وشکەساڵی و لافاو (کە بەشێکی زۆری خواردەمەنی ئەمساڵی لەناوبرد) نەهامەتین بۆ خەڵکی هەژار، لەهەمان کاتدا هەواڵێکی خۆشن بۆ سەرمایەگوزارەکان، چونکە قازانجی زۆر ئەکەن لەیاریکردن بەبازاڕ و بەرزبوونەوەی نرخدا. کاتێکیش خەڵکی هەژار خۆپیشاندان ئەکەن بۆ نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بەم بارودۆخە ئەوا بەچەک و شەق وەڵامیان ئەدرێتەوە، هەر وەک چۆن لە هایتی هێزە کڵاوشینەکانی **un** کەلەلایەن ئەمەریکاوە دانراون بەحساب بۆ پاراستنی ئاشتی تەقەیان لە خۆپیشاندەرەکان کرد و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتن و بریندار کردن، هەمان شت لەوڵاتانی تریشدا ڕویدا وەک میسر، لەبەرامبەردا لەجیاتی خواردن سەرۆکی بانکی دەولی بەڵێنی تەکنەلۆجیاو زانیاری بەوڵاتانی هەژار ئەدا، تا بەرهەم زیادبکەن. بانکی مونی سەرۆکی نەتەوە یەکگرتوەکانیش لە جیاتی یارمەتی دان، داوا ئەکات کە ئاشتی و ئاسایش بپارێزن، جا ئیتر ئەگەر خەڵک قوڕیش بخۆن ئەوە بۆی زۆر موشکیلە نیە.

بەکورتی سیستمی خۆراکی جیهانی دانەنراوە بۆ تێرکردنی خەڵکی فەقیرو هەژار، بەڵکو دانراوە بۆزیادکردنی قازانج . هەر بۆیەش تا سنورێک بۆ چاوچنۆکێتی ئەم سیستمە دانەنرێت ئەوا هەژاری و نەخۆشی مردن بەشی ملوێنەها خەڵکی ڕەش و ڕووت ئەبێت لەجیهاندا.

## بۆ شۆڕش دژی دەسەڵاتی کوردی ڕوونادا؟

دەسەڵاتی پاوانخوزای کوردی لە ماوەی چارەکە سەدەی حوکمڕانیدا، هاوشێوەی حزبە چەپەکانی سەردەمی سۆڤێت، توانیویەتی هەژموونی خۆی بەسەر سەرجەم جومگەکانی کومەڵگادا بسەپێنێت، بەمشێوە ناشرینە درێژە بەحوکمڕانی سەقەتی بدات، کە لە ئەنجامدا بۆتەهۆی دروستبوونی چەندین مافیاو چەتەی بۆین باخ لەملی بەناو سیاسی کە ئەم کەسانە سامانی سەرزەوی‌و ژێرزەوی‌و تەنانەت ئاسمانی هەرێمی کوردستانیشیان فرۆشتوە.

ئەم کۆمەڵە کەسانەی کە سیاسەت دەکەن لەم هەرێمەدا نەبوونایە، لە هەر وڵاتێکی تر بوونایە بەمشێوەیە ئیدارەدانی خراپی دەسەڵاتیان بکردایە زۆردەمێك بوو لە دەسەڵات هێنرابوونە خوارەوە، بەڵام چەند هۆکارێك وایکردووە شۆڕش دژی دەسەڵاتی کوردی ڕوونەدا، کە ئەمە بەشێك لەو هۆکارانەن:

یەکەم: بەریەککەوتنی نێوان نەوەکان، مەبەستمە بڵێم کوردستان دابەشبووە بەسەر دوونەوەدا، نەوەیەکیان پیرەکانن، کە سەردەمی دەسەڵاتی بەعسیان دیوە، ئەم نەوەیە دەسەڵاتی کوردی هەرچۆنێك حوکمڕانییان بکات پێی ڕازین، چونکە تێگەیشتنی ئەمان بۆ حوکمڕانی ئەوەندەیە، کە دەڵێن ئەگەر دەسەڵاتی کوردی نانیشمان نەداتێو سادەترین مافیشمان نەبێ هەرباشترە لەدەسەڵاتێکی تر.

جگە لەم دوو حزبەی کە حوکمڕانن و شکستیان هێناوە لە ئیدارەدانی ڕێکوپێکی هەرێمی کوردستان کەسیتر بە شایستە نازانن، هێرشی توند دەکەنەسەر ئەوگەنجانەی کە هەر بۆچوونێکی جیاواز بڵێن. ئەم نەوەیەی کۆمەڵگا هەرگیز لەوە تێناگا کە مرۆڤێکی ئازاردراو ئیهانەی پێکرا لەکاتی داواکردنی مافەکانیدا لەلایەن کەسێك بە کلاشی هەورامیو بە زمانی کوردی ئازاربدرێ هیچ جیاوازیەکی نیە لە کەسێك لە ژێر عەگالی عەرەبی یان خاوەن ڕیشێکی هاوشێوەی خومەینی یان جەندرمەیەکی تورك ئازاربدرێ.

دووەم: تۆڕی کومەڵاتی فەیسبوك، ئەم تۆڕە لە سەرەتایی سەرهەڵدانی شۆڕش لە وڵاتە عەرەبیەکان لەسەرەتای ساڵی 2011، وەك داینەمۆی شۆڕش دەناسراو دەبووە شوێنی کۆبوونەوەی ناڕازیەکان، بەڵام لە هەرێمی کوردستان تۆڕی کومەڵایەتی فەیسبوك بۆتە شوێنی خاڵی بوونەوەی زۆربەی دەنگە

توڕەکان، ئەگەر تەنها یەکجار بچیتەناو ئەم تۆڕەوە تێدەگەیت کە چەند دەنگی ناڕازی زۆرە، بەڵام بەجنێوێك توڕەبوونی خۆی خاڵی دەکاتەوە لەدەسەڵات، ئەمە جگەلەوەی بەشێکی تری خەڵك لەناو ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیە بێ ئومێدبوونێکی وا چۆتە ناخیانەوە گەورەترین کارەساتیش ڕوودات ئەوان هەرخەریکی نوکتەو قسەی خۆیانن‌و بێ باکن لەوەی چی ڕوودەدات.

سێیەم: مشەخۆرکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا، ئەم جووت حزبە لە ماوەی ڕابردوودا توانیویانە کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی لە ڕێگای حزبەوە بکەن بە خاوەن موچەو ئیمتیازی بەردەوامی پێیدەن کە لە دەرئەنجامدا بووەهۆی دروستکردنی چینێکی تووتی ئاسا کە تەنها گوێچکەکانی فەرمانەکانی حزب دەبیستێت، لەئێستادا بوونەتە بارێکی گەورە بەسەر حکومەتەوەو هەرگیز حزب ڕێگەنادات موچە و ئیمتیازەکانیان کەمبکرێتەوە.

چوارەم: ڕاگەیاندن، حزبەکانی دەسەڵات لەماوەی ڕابردوودا سەدان کەناڵی بیسراو، بینراو، خوێنراویان دروست کردوە، کە هەردەم بانگەشەکارێکی چاك بووە بۆ دەسەڵاتی حزبیی خۆسەپێن، کە هەردەم و لەکاتی دروستبوونی هەردەنگێکی ناڕازیدا لەسەر شەقام بووبێت یان ڕۆشبیرێك‌و کەسێکی ئاینی بووبێت، ئەم دەزگایانە زۆر بە نابەرپرسانە مامەڵەیان کردوەو دەیکەن و هەرچی تۆمەتی ئەخلاقی و ناشرین و نازناوی خیانەتیان داونەتە پاڵ، هاوکات

به شێکی دیاری کۆمەڵگای کوردی ناهۆشیارن لەژێر کاریگەری ئەم ڕاگەیاندنەدان.

پێنجەم: نەبوونی حزبێکی خاوەن جورئەت، ئەو هێزانەی تری ناو گۆڕەپانی سیاسەت کە ئامادەییان هەیە بەشێکیان بوون بە دووکانی سیاسی و خاوەنی بڕیاری خۆیان نین و بەشێکی تریشیان تاڕادەیەك تێوەگلاون لە خراپ ئیدارەدانی هەرێمی کوردستان و بەشداربوون لە بردنی سامانی گشتی، کە ئەمەش وایکردوە لەکاتی ڕەخنەگرتن یاخود هەوڵدان بۆ جوڵانی شەقام خێرا لەلایەن ڕاگەیاندنە حزبیەکانەوە هەموو مەلەفی ڕابردویان هەڵبدرێتەوە. هەربۆیە دەسەڵاتی کوردی بەردەوام دەبێت چونکە کۆمەڵگای کوردی خاڵییە لە هێزێکی بە جورئەت کە سەرکردەکانیان و کادیرەکانیان لەسەر شەقام بن و داوای مافی فەوتاوی چارەکە سەدەی ڕابردووی هاوڵاتیان بکەنەوە.

## ئەو نامەیەی ئیمپراتۆریەتی میدیای کوردانی ڕوخاند

ئاستیاگ(١) وەک دوا پاشای ئیمپراتۆری گەورەی میدیا بەهۆی بینینی خەوێکەوە کەوتە کێشە لەگەڵ قەمبیزی میری فارس کە کچەکەی خۆی پێدابوو بەناوی (مەندانە). لەو خەونەیدا کوڕی کچەکەی -کە کۆرش بوو- دەبێتە پاشا، پاشان ئاستیاگ، هارپاکی(٢) ڕاسپارد بۆ لەناوبردنی ئەو کوڕە، بەڵام ئیشەکە جێبەجێ نەکراو کۆرش گەورەبوو، گەڕایەوە لای دایک و باوکی خۆی لە پارسوا.

هیرۆدۆتس دەڵی: "ئەستیاگ ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ منداڵەکە دەکات و پێی دەڵێ کوڕم، من بەهۆی خەونێکی هەڵەوە ئەم هەڵانەم بەرامبەر بە تۆ کرد، کە هیچ نەبوو تەنیا هەڵەیەک بوو. تۆ ئەمڕۆ پارێزراوی لەلایەن خاوەنی خۆتەوە، ئەتوانی بڕۆی بۆ لای دایک و باوکی خۆت لە پارسوا، من هاوکاریت دەکەم بڕۆی بۆ لایان، هەروەک دایک و باوکی ئێستەت کە میتردایتس و خێزانەکەیەتی(٣)". بەم وشانە ئەستیاگماڵئاوایی لە کچەزاکەی کردو گەڕایەوە بۆ لای قەمبیزی باوکی و پێشوازی گەرمی لێکرا، کە دەیانزانی ئەوە منداڵەکەی خۆیانە.

دوای گێڕانەوەی چیرۆکی ڕووداوەکەو بەسەرهاتەکان، پاشان لێرەوە هارپاک هات بۆ لای کۆرش و بیریان لە دانانی پلان و تۆڵەکردنەوە کردەوە. باشترین کارنامەیان ئەوە بوو کۆرش بکەن بە بیانو و سەرکردەی شۆڕش بۆ لەناوبردنی ئەستیاگ و میدیا، چونکە پێیان وابوو ئەستیاگ هەڵەی گەورەی کردوە، بەمەش هارپاک ئامادەکاری کرد و ئامادەی شۆڕش بوو دژی میدیا. کۆرش ئەوەی پێ باش بوو، بەڵام جێ بەجێکردن و بەدیهێنانی ئەو کارەی بەلاوە زەحمەت بوو، چونکە ڕێگای نێوان میدیاو فارس هەروا ئاسان نەبوو.

هارپاک زیاتر کارئاسانی بۆ کۆرش کرد، نامەیەکی نوسراوی لەسەر کەوڵی کەروێشک بۆی نارد کە تێیدا دەنووسێ: "ئەی کوڕی قەمبیز تۆ خودا هاوەڵیت دەکات و چاودێرت دەبێت، هەرگیز توشی کێشە نابیت، ئەوەش کارێکی گرنگ دەبێت، کاتێکی گونجاوە بۆ تۆڵەکردنەوەت لە ئەستیاگی بکوژت، مردن و ژیانت بەدەست خوایە، ئەگینا ئێستا لە ژیان نەدەبووی، بەبڕوای من تۆ ئەمە هەرگیز لەبیر ناکەی کە چیت بەسەر هاتووە لەلایەن ئەوەوە (ئاستیاگ)، ئەگەر من نەبوومایەو نەمبردیتایە بۆ ماڵی شوانەکە، تۆ کوژرابووی یان مردبووی. ئێستا گوێم لێبگرە، وشەکانم لێوەرگرە، هەموو ئیمپراتۆری میدیا بۆ تۆدەبێت و ئەبێتە هی تۆ، هەر ئێستا لە وڵاتی فارس هەڵگەڕانەوە ڕاگەیەنەو پاشان بەئاراستەی میدیا بڕۆ، ئەگەر ئاستیاگ هێزی هێنا دژی تۆ، هەروەها میدیا دژی تۆ وەستانەوە من هەمووی بەکاردەهێنمەوە دژی خۆیان(٤) تۆ لەلایەک، منیش لەلایەکی ترەوە هەمومان بۆ لەناوبردنی میدیاو ئەستاگ یەکدەگرینەوە، لەم پێناوەدا هەستە بە کارەکەت زۆر بەخێرایی".

ئەم نامەیە باشترین هاندان بووە بۆ کۆرش و فارس بەوەی بیروباوەڕیان بە هەڵگەڕانەوە هەبێت، دوای ئاڵوگۆڕی بیروڕاکان و گۆڕینەوەوی نامەی زیاتر، بڕیاردرا ئەم کارە کەمێ دوابخرێت. ئیتر لێرەوە کۆرش نەتەوەی فارسی دروستکرد و کۆمەڵێ هۆزی تریشی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی ئامادەبن بۆ هەڵگەڕانەوەو شۆڕشکردن دژی میدیاو بنەمای سەرەکی شۆڕشەکەیان سەربەخۆی بێت. بەوەش زۆربەی خێڵە فارسەکانی کۆکردەوە وەک: (مارافیان، ماسباتیەکان). هەروەها پاسارگادەی وەک شاری خانەدان ناساند و بنەماڵەی ئەخمینی وەک بنەماڵەی پاشایەتی ناساند، کە یەکێک بوو لە خێڵە فارسەکان. پاشان کۆمەڵێ هۆزی تریش دوای کەوتن وەک؛ (پانسیەکان، دێروسیەکان، گێرمانیەکان، درۆپیکان، ماردیەکان، پاننس، ساگارتیەکان). ئەمانە کۆمەڵێ هۆزی کۆچەری بوون گوێڕایەڵی خۆیان دەربڕی بۆ کۆرش.

بەو هەنگاوانە، کۆرش دەستی کرد بە کارەکانی خۆی و لە سەرەتاوە لە ماوەی یەک ڕۆژدا توانی کۆمەڵێ ناوچە بخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە. لە ڕۆژی دووەمدا هەرچی مەڕو ماڵاتی قەمبیزی باوکی بوو کۆیکردەوە بۆ خواردنی هێزەکانی سوپای فارس. هەروەها نان و ئاوو کەلوپەلی تەواوەتی بۆ ئامادەکردن بۆ بەرزکردنەوەی ورەی سوپاکەی. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەهێز دەبوو وتاری بۆ سوپاکەی دەدا بەناوی پیاوی فارسەوە(٥). هەروەها وتاری توندو وروژێنەری بۆ سەربازەکانی دەدا بۆ هاندان و شۆڕش دژی میدیاو باسی ئازایەتی پیاوی فارسی دەکرد.

لەم کاتەدا ئەستیاگ درەنگ وەڵامی دانەوە، سەرەڕای ئەوەی فارسەکان بڕیاری هێرشیان داو هەستان بە داگیرکردنی زەویەکی زۆری خاکی میدیا. دواجار

ئەستیاگ ئارامی نەماو نامەیەکی بۆ کۆرش نارد وەک شازادەیەک و داوای بینینی لێکرد، بەڵام کاتێ کۆرش نامەکەی دەبینێ و وەڵامی دەداتەوە، دەڵێ: "ئەمە بە ئەستیاگ بڵێ، من دەیبینم زیاد لەوەی خۆی حەزی لێیەتی".

کاتێ ئەستیاگ ئەم نامەیەی پێگەیشت وخوێندیەوە، خێرا فەرمانیدا سوپا ئامادەکەن و سەرجەم سەرکردەکان کۆبوونەوەو لە ناویشیاندا هارپاک هەبوو، بەڵام ئەستیاگ بیری چووبوو کە چۆن هارپاکی بریندارکردووەو تورەی کردووە. کاتێ دوو سوپاکە (میدیا و فارس) بەیەک گەیشتن شەڕ روویدا، دوای ئەوەی ژمارەیەکی کەمی سەربازی سوپای میدی کوژراو زۆرینەی رایان کردو چوونە پاڵ سوپای فارس، کەس لەم نهێنیە نەگەیشت کە بووە هۆی ترس و دڵەراوکێیەکی زۆر بۆ سەربازەکانی تر، بەوەش ئەستیاگ توشی شکان و شەڕێکی گەورە بۆیەوە. پاشان بڕیاریدا پاشەکشە بکەن و بگەڕێنەوە ناو قەڵای شارو لەوێ بەرگری بکەن بە گەورەو بچوکەوە، بەڵام لەم شەڕەشدا شکستی خواردو تەواوی سوپاکەی لەناو چوو، تەنانەت خودی ئەستیاگ خۆیشی بە دیلی گیراو خرایە زیندانەوە. پاشان هارپاک لە زیندانداا چاوی بە ئەستیاگ کەوت گفتوگۆی لەگەڵ کرد، باسی ئەوەی بۆکرد کە چۆن کوڕەکەی پارچەپارچە کردووەو کردی بە گۆشتی خواردن.

هارپاک داوا لە ئەستیاگ دەکات وەڵامی باتەوە، کە چۆن کۆیلەیەکی خستە شوێن پاشا. ئەستیاگ سەیری دەموچاوی هارپاک دەکات و لێی دەپرسێ بگەڕێرەوە بۆ رووداوەکە بۆچی هاوکاری و پاڵپشتی کۆرشت کرد؟

هارپاک وەڵامیدایەوە ووتی: "نامەکەی من وای لێکرد ئەوان شۆڕش دەستپێ بکەن، هەر ئەوەی منیش بووە بنەماو پایە گرنگەکانی پرۆژەی کارەکە".

پاشان ئەستیاگ ئەوەی پێووت: "ئەوەی تۆ کردت ئەوپەڕی بێشەرمی و سوکی بوو، ئەوپەڕی زوڵم بوو لە میدیەکان، ئەوپەڕی سوکایەتی بوو، چوونکە تۆ لەوپەڕی بەهێزی تواناد ا بووی، ئەتتوانی تاجەکە بکەیتە سەری خۆت نەک بیگانەیەک، تۆ هەموو شۆڕشەکەت کرد کە دەبوو بیکەی، بەڵام بۆ کەسێکی ترت کرد، تاجەکەش بۆ سەری کەسێکی ترە، ئەوپەڕی زوڵمت کرد، چوونکە کۆیلەیەکت کردە پاشای میدیاو میدیات لەناوبرد، میدیات کردە کۆیلەی فارس، کۆیلەیەکت خستە جێی پاشا، بۆچی خۆت ئەوەت نەکرد؟ لەکاتێکدا دادپەروەری ئەوەبوو میدیا بەدەست بهێنی و میدیا بمێنێتەوە نەک فارس، نەک میدیا بگۆڕیتەوە بە فارس، ئەوە سەروەری بوو نەک ئەوەی کردت، لەگەڵ ئەوەشدا میدیەکان هاوبەش و لایەنگری هەڵەکەت نین کە بۆی دەگریت، کۆیلەیەکت هێناو گۆڕێتەوە بە پاشاکان".

لەم گفتۆگۆیەدا زۆرشت روونە، پەشیمانی ئەستیاگ و بێدەنگی بەرامبەر بە کوشتنی کوڕەکەی هارپاک. بەم شێوەیە ئاستیاگ دوای ٥٣ ساڵ فەرمانڕەوایەتی، دەسەڵاتی لەدەست دەرچوو لەگەڵ تەواوی ئیمپراتۆریەتی میدیا، بەهۆی هەڵەکانیەوە، لەکاتێکدا (١٢٨) ساڵ فەرمانڕەوایەتی ئاسیان کرد، لێرەشەوە بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەستەڵات کەوتە دەست فارس.

لەم کاتەدا کۆرش، ئاستیاگی لە زینداندا هێڵایەوە بەبێ هیچ ئازاردانێک تا لە ژیاندا مابوو، بەڵام لەم کاتەدا میدیەکان راپەڕینیان دژی کۆڕش ئەنجامداوەو

دواتریش لە سەردەمی دارادا میدیەکان جارێکی تر شۆڕشیان کرد دژی فارس، بەڵام تێکشکان و جارێکی تر ملکەچی فارس بوونەوە(٦).

هێرۆدۆتس باس لە هەڵەی ئەستیاگ دەکات کە چۆن وڵاتی میدیا توشی شکست کرد بەو سزادانەی هارپاکی پیاوی باوەڕپێکراوی خۆی.

بەپێی گێڕانەوەکانی هێرۆدۆتس، هارپاک دوای ئەوەی هاوکاری کۆرشی کرد لە روخاندنی میدیا و بەردەوام بوو لە هاوکاریکردنی کۆرش لە داگیرکردن و هێرشەکانیدا بۆ سەر وڵاتی لیدیاو لە زۆربەی شەڕەکانی کۆرشدا دژی لیدیا بەشداربووە، وەک سەرکردەیەکی باڵا دەرکەوتووەو باسکراوە، تەنانەت بە فەرماندەیەکی لێهاتوو سەرکەوتوو ناوی دەبات و دەڵێ: "هارپاک ئەو کەسەی کۆرشی خستە شوێن ئەستیاگی پاشای میدیا"(٧).

هەروەها لەدوای سەرکەوتنی کۆرش و هارپاک بەسەر میدیادا، باسی رووبەرووبوونەوەی سوپای فارس دەکات بە سەرکردایەتی هارپاک دژی لیدیا، ناوی زۆربەی ئەو شارانە دێنی کە هارپاک هێرشی کردۆتە سەریان(٨).

بەم شێوەیە بەهۆی هاوکاری و نامەکانی هارپاکەوە کۆرش توانی شوڕش دژی میدیاو ئەستیاگی باپیری خۆی بکات و ئیمپراتۆری میدیا بروخێنیت و ئیمپراتۆریەتی ئەخیمی فارسی دروستبکا
ت، لەسەر بنەما
شارستانی وکلتورییەکانی میدیای کوردان.

## چی پێویستە بکرێت بۆ پاکتاوی دەستەڵاتی کوردی.

ئەوە ئاشکرایە لای دۆست و دووژمن کە سەرانی هەردوو پارتی فەرمان رەوای کوردی و هەموو پارتەسیاسیەکانی تریش کەسانی فاشیل و دەست پیسو گەندەڵن ، کەسانێکی بودەڵە و فاشیلن هەوان دەزانن کە ئەوانە خەریکی بازرگانی کردنن بەسەر گیانی هاوڵاتیانەوە و خەریکی خۆ دەوڵەمەندکردنن ، هاوشێوەی پاشا رەفتار دەکەن مۆدیلێکی حوکمارنی واپیادەدەکەن کە نەوەلەدوای نەوە دەستەڵات دەگرنە دەست و هەرنەوەیەکی نوێی ئەوان کەدێنە سەر حوکم لە باوانیان خراپترن و زیاتر خەڵک برسی تر دەکەن و زیاتر بازرگانی بە بەهای نشتیمانەوە دەکەن ، هەموو حیزبە سیاسیەکانی کوردوستان بەم جۆرەن سیاسەتی بنەماڵەی فەراهەمە دەکەن ، بۆ زیاتر بەرچاو روونی بابێین شەنوکەوێکی پارتی سیاسی بکەین لە باشوری کوردوستان

تەماشای پارتی دیموکراتی کوردوستان بکەین لەسەرەتای دامەزراندنیەوە بروای بە دیموکراسیو هەڵبژاردن نەبوە لەسەرەتاوە مەلامستەفا کودەتای بەسەر باڵی مەکتەبی سیاسیدا کرد کە ئەندامانی ئەو باڵە برایم ئەحمەد و مامجەلال و هاورێکانی بوو دەستەڵاتی بۆخۆی قۆرخ کردو خۆی کردە کەسی یەکەمی بریاردەر . پاشان کەوتە وێزەی خێڵەکانی زێباری و مزووری لە ناوچەی بادیناندا و هەر خێڵێک بەهێز بوایە لەناوی دەبردو هەرکەسێکیش دەربکەوتایە و مەلامستەفا هەستی بکردایە جێگەی نیگەرانیەتی لەناوی ئەبرد لە نمونەی ئەوەش فاخیر مێرگەسوریە کە کەسێکی هەڵکەوتو دیاربو لەناوچەی بادینان مەلامستەفا هەستی بە نیگەرانی دەکرد لەبەرامبەریدا بۆیە هەرزو بەپلانێکی گڵاو لەناوی بردو شەهیدی کرد،

پاشان تەماشای مۆدیلی حوکمرانی پارتی بکەن ، مەلامستەفا کەسی یەکەم بوو لە دوای خۆی هاوشێوەی سەردەمی میرنیشینەکان کورەکەی خۆی دانا مەسعود بەرزانی وەکو کەسی یەکەمی پارتی و هەوڵێکی زۆریاندا ببێتە کەسی یەکەمی کوردوستان و قسەی گەرانەوەی نەبێت ، مەسعود بەرزانیش هاوشێوەی باوکی هەموو کورو برقزاو ئامۆزاکانی لە جومگە هەستیارەکانی حوکومرانیدا دانا مەسرور بەرزانی کرد بە بەرپرسی هەواڵگری نێچیرڤانی کرد بە وەزیر و کورەکانی کەشی هەمووی پحستی ئیداریان وەرگرت پاشان مەسعودبارزانی هاوشێوەی باوکی جێگاکەی بۆ کورەکەی خۆی چۆڵکرد کە مەسرور بارزانیە و کردی بەکەسی یەکەمی حیزب و سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردوستان ، بەم جۆرە سیلسیلەکە بەردەوام دەبێت مەسروریش هەرلە ئێستەوە کورەکەی خۆی هێناوەتە پێشەوە و بەژداری کۆبونەوەکانی پێدەکات وەک ئامادەکاریەک کە ئەویش حوکمی چەند دەیەیەکی ئەم میلەتە بەش مەینەتە بکات ....

ئەم مۆدیلە لە حوکوم رانی بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردوستانیش هەر راستە دەبینین مام جەلال لە دوای خۆی کورەکانی کردوە بە جێگرەوەی خۆی و ئامۆزاکانی خۆیان لە جومگە هەستیارەکاندا داناوە و پورەکانی خۆیانیان کردوە بە ئەندام پەرلەمان و کەسی بریار بەدەست ، ئەم پەتای حوکم رانیە حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانیشی گرتوەتەوە لەنمونەی گۆران و کۆمەڵ و نەوەی نوێ و بزوتنەوە کە هەموویان لە دوای خۆیان کورو براکانیان لە جێگەی خۆیان داناوە .

سەبارەت بە پارتو ڕێکخراوەکانی تریش هەمان شتە بگرە ئەو حیزبە بچوکانە بەتاییەتی ئیسلامیەکان ئەگەر لە یەکێتی و پارتی تاوانبار تر نەبن ئەوا هاوشانی ئەوانن ئەم حیزبانە هاتون دینیان کردوە بە ئامرازێک بۆ گەمژەکردنی خەڵکی وفریودانی خەڵکی بە ناوی خواو پێخەمبەرەوە شەرعیەت بە دەستەلات و

جەلادی یەکێتیو پارتی دەدەن لەسەرمینبەرەکانەوە مەلاکانی ئەم حیزبانە پاڵپشتی لە دەستەڵات داران ئەکەن و بە وەلی ئەمرو سەرکردە پەسنیان ئەکەن ، و خەڵکی قەناعەت پێدەکەن کە ئەمانە خودا کردوونی بەسەرکردەو دەست رۆشت و بەسەرمانەوە و دەبێت پارێزگاریان لێبکەین هەر خۆپیشاندانێکو نارەزایەتیەک لەدژیان بە گوناح هەژمار دەکرێت و دەبێتە هۆی پەشێوی لە وڵاتدا ،ئەم حیزبانەش هاوشێوەی یەکێتیو پارتی خەریکی سیاسەتی خۆ دەوڵەمەند کردنن کورو نەوەکانیان لە پۆستو پلەو پایەدان یان لە باشترین زانکۆکان لەدەرەوەی وڵات دەخوێنن، کادرانی گرگن ودەستەمۆ پەروەردە ئەکەن کە بە شەقی دەستەڵات سڵاو وەردەگن ، بەشێکی زۆری دۆخی ئێستەی میلەتیکورد کە بەم جۆرە خراپە ئەو حیزبە بچوکانەن کە شەرعیەت بەدەستەلاتی یەکێتیو پارتی دەدەن . تائێستا لە کوردوستاندا حیزبێکی ئۆپۆزسیۆنی راستیو کارا لەدایک نەبوە زۆر هەن بەناوی ئۆپۆزسیۆنەوە خۆیان رائەگەیەنن بەڵام دروست کەری دەستەڵاتن بۆ لێدان لە نارەزایەتی خەڵکیو ئاراستەکردنی شەقام بە مەیلی دەستەڵات. لەپەنای حیزبە ئیسلامیەکاندا مەلاو بانگ خوازی ئیسلامی هەیە کە لەناو حیزبەکاندا نین بەلام هاوشێوەی حیزبەکان خەریکی کاری ڕێک خراوەین و تەلەفزیۆن و راگەیاندن و وتەبێژ و دەستەی بەرێوەبردنیان هەیە هاوشێوەی سەلەفیەکان و تەریقەتی قادری . بەتایبەتی سەلەفیەکان کەخاوەنی نفوسێکی زۆرن ، و خەڵکێکی زۆریان لەگەڵدایە ئەمانیش دەستەڵات بەوەلی ئەمر ئەزانن و دژی دەستەڵات بە گوناح و تاوان دادەنێن شوێن کەوتوانیان هاوشێوەی مەڕ دوای کەوتون و هەرچی بڵێ رابەرەکەیان سەری بۆ ئەلەقێنن ، ئەمانە وایان کردوە دەنگی ئازاد نەمێنێت و کپ بێت کە دەنگێکیش سەدای هەڵببڕێت بەشەرمەوە پەیامێکی لەرزۆک دەدا کە خۆی بە گوناحبار دادەنێت . هەر ئەم رابەری دینیانە باشترین ژیان دەژین و خاوەنی سامانێکی زۆرن ، کە لەلایەن

دەستەڵاتەوە پێیان دەدرێت ، لەبەرامبەر ئەوەی پاساو بۆکارەکانی دەستەلات بهێننەوەو خەڵکی بە بابەتی لاوەکیەوە سەرقاڵ بکەن . ئەمانە هاوشێوەی میکرۆبن بۆ گیانی میللەتی کورد .

بەم جۆرە پێمان وایە سیستەمی حوکم رانی و مۆدیلی حوکم رانی لە کوردوستاندا لە قەیراندایەو هەموو سەرکردەو بەناو سیاسیەکانی کورد خەسێنراون کەسانی گرگن و بچوکن و شایەنی ئەوەیان نیە کە حوکم رانیمان بکەن و کەسانی بریار بەدەست بن .

دەبێت رۆژێک بێت ئەمانە لە بەردەم گەلدا لەسێدارە بدرێن و ئابرویان ببردرێت و ببنە پەندی مێژوو .

لەجێگەی ئەمانە کەسانی دەست پاک و بەتواناو شیاو لە جێگەکانیاندا دابنرێن .

بەبروای ئێمە پێویستە تاک وشیار بێت فریوی دەستی ئەم پارتانە نەخۆن پێویستە نوخبەیەک لە ڕۆشنبیران هەستن بەوەی پارتێکی سیاسی نەتەوەی نوێ دروست بکەن لە سەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش ئەم پارتە یەکەم کاری دروستکردنی هێزی چەکدار بێت ، چونکە یەکێتی و پارتی وەکو دو حیزبی دەستەڵاتدار بروایان بە گفتوگۆو حیوار نیە ئەوەن بە زمانی چەک قسەدەکەن بۆیە پارتێک ئەگەر قسەی بروات و بونی بە هەند وەرگیرێت پێویستە پارتێک بێت هێزی چەکداری هەبێت .

لە دواتردا کار بکرێت بۆ ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری کە پارتی نوخبە بە هێزی چەکداری پاڵپشتی بکات .

تا شۆڕش بە ئامانجەکانی خۆی بگات . بۆ ئەم مەبەستە پێویستە کادیری وشیار پەروەردەبکرێت کە فریوی بانگەشەی ئەم حیزبانە نەخۆن .

ئێمە دەزانین ئەمە کات و توانای زۆری پێویستە کە مەحال دێتە بەرچاو .

